ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە ٧٧٥ | پێنجشەممە ١٥ی جۆزەردانی ١٣٩٩ _ ٤ی ژوئەن ٢٠٢٠

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

## ماڵەکەیان ڕووخاند و کوشتیشیان

ئاسیە پەناهی، پیرەژنی تەمەن ٦١ ساڵەی کرماشانی، ڕۆژی سێشەممە ٣٠ـی بانەمەڕ لە کاتێکدا مەئموورەکانی شارەداریی کرماشان لەسەر بە قسەی خۆیان نایاسایی سازکردنی ماڵەکەی لەگەڵی کەوتبوونە شەڕ و مشتومڕەوە؛ لەسەر پارێزگاریی لە ماڵەکەی خۆی و بەشەڕ هاتن، گیانی لەدەست دا.

بەپێی قسەی شایەتحاڵەکان مەئموورەکانی شارەداری لە کاتێکدا ئاسیە و کچەکەیان داوەتە بەر لێدان و پرژێنەری بیباریان بە سەروچاویدا پرژاندوە، کە بەردەوام هاواری کردوە و داوای لێ کردوون وازی لێ بێنن لەبەر ئەوەی نەخۆشیی دڵی هەیە.“ ئەمە لە کاتێکدایە دادستانی کرماشان دواتر ڕایگەیاندوە کە نیشانەیەک لە لێدان لەسەر جەستەی ئاسیەدا بەدی نەکراوە و، هۆکارەکەی بۆ خودی ئاسیە پەناهی و بێڵی مکانیکی گەڕاندوەتەوە!






شایانی باسە ڕۆژ نییە لە شار و ناوچە جیاجیاکانی ئێراندا خەڵکی بێدەرەتان و بێئەنوا بە تایبەتی دەسفرۆشەکان لە لایەن مەئموورەکانی شارەدارییەوە نەدرێنە بەر پەلامار، کە زۆر جار ڕووداوی کوشتنی لێ دەکەوێتەوە.

### پێداگریی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر

# هەوڵدان لەپێناو یەکگرتنەوەیەکی هاوسەنگدا



## کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندیی حیزب لە پێوەندی لەگەڵ پرسی یەکگرتنەوەدا

کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکدا کە بۆ باس لەسەر چەند پرسێکی تەشکیلاتی پێکهاتبوو، وێڕای پێداگرتنەوە لە سەر زەروورەتی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات، بۆ جارێکی دیکە ئەم پرسە گرینگەی تاوتوێ کردەوە.

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە، ١٥ جۆزەردانی ١٣٩٩ی هەتاوی (٢٠٢٠/٦/٤)، کۆبوونەوەی بەرینی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە بەشداریی؛ سەرجەم ئەندامانی ئەسڵی و جێگرانی کۆمیتەی ناوەندی لەکوردستان و دەرەوەی وڵات و، هەروەها بە ئامادەبوونی چەند کەس لە تێکۆشەران و سیما ناسراوەکانی حیزب پێک هات لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا کە بە ڕاگرتنی ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستیپێکرد، بەڕێز مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزب، ئامانج لە نیوەڕۆکی ئەم کۆبوونەوەیە _کە بریتی بوو لە پرسی یەکگرتنەوەی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستان و...

درێژە لە لاپەڕەی ٢

## کچانی شیناوێ بەڕێی دەرەوەی وڵات ناکرێن

لە کاتێکدا کچانی شیناوێ بۆ چارەسەری پزیشکی پێویستە سەردانی دەرەوەی وڵات بکەن، بەڵام وەزارەتی بێهداشتی کۆماری ئیسلامی ڕێگرە.

حوسێن قازیزادەی هاشمی، وەزیری بێهداشتی کۆماری ئیسلامی بۆ پاساودانەوەی ڕێگرییەکانی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم لەهەمبەر ناردنی کچانی شیناوێ بە مەبەستی چارەسەی پزیشکی بۆ دەرەوەی وڵات، هۆکاری ئەم ڕێگرییەی بۆ ڕای پزیشکی گەڕاندۆتەوە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ڕای پزیشکانی پسپۆڕ ئەوەیە کاتێکی زۆر کەم بۆ چەند نەشتەرگەرییەکی بنەڕەتی لەسەر ئەو کچانە ماوە کە بەهۆی نەبوونی ئیمکانات لە ئێران ناکرێ و دوای ئەو کاتە ئیدی هەوڵەکان بێسوود دەبن.

کچانی شیناوێ بۆ چەندەمین جار لە بەردەم باڵەخانەی سەرۆککۆماری کۆبوونەوە و سەبارەت بە کەمتەرخەمیی ناوەندە بەرپرسیارەکان نارەزایەتییان دەربڕی، بەڵام پاش حەوتوویەک مانەوە لە تاران هیچ کاربەدەستێکی بڕیاربەدەستی ڕێژیم ئامادە نەبوو لەگەڵیان کۆ بێتەوە و گوێیان لێ بگرێ.



لە ڕووداوی ئاگرگرتنی قوتابخانەی کچانە لە گوندی شیناوێی شاری پیرانشار لە ساڵی ١٣٩١ی هەتاوی، زیاتر لە ٢٩ قوتابیی ئەو پۆلە سووتان کە دوو کەسیان بەهۆی سەختی برینەکانیان گیانیان لەدەست دا.

**خومەینیزم و میراتگرانی**
عەلی بداغی
ل (٣)

**کاڵایەک بە ناو ژن**
شەونم هەمزەیی
ل (٥)

**ناسیونالیزمی ئێرانی و گوتاری ڕەگەزپەرەستانەی فارسی_شیعی**
دیمانە: ڕەحمان سەلیمی
ل (٧ و ٦)

**ڕەگەزپەرستی، پەڵەیەکی ڕەش بە نێوچاوانی مرۆڤایەتییەوە**
ئارەزوو نستانی
ل (٨)

**کودێتا، هەڵبژاردن یان ڕزگاریدەری بیانی؟**
و: مەنسوور مروەتی
ل (١٠)

## کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب لە پێوەندی لەگەڵ پرسی یەکگرتنەوەدا

...حدکای- ڕاگەیاند. بەڕێزیان وێڕای ئاماژەدان بە گرینگیی هەمیشەیی ئەم پرسە لەنێو ڕیزەکانی حیزبدا ڕایگەیاند، کە لە ماوەی چەند حەوتووی ڕابردوودا ئەم باسانە بۆ جارێکی دیکە لە کۆبوونەوەکانی بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب لەگەڵ ئەندامانی حیزب لە دەرەوەی وڵات و هەروەها کۆبوونەوەی دەفتەری سیاسی لەگەڵ بەشێک لە کادرەکانی حیزبدا هاتۆتە ئاراوە. بۆیە پێویستە بەپێی زەروورەتی ئەم پرسە بۆ بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکرات، دیسان هەر وەک لە ماوەی ١٤ ساڵی ڕابردوودا بەرپرسیارانە قسەمان لەسەر کردوە و هەنگاومان بۆ هەڵێناوەتەوە، بۆ جارێکی دیکەش تاوتوێی بکەین. بەڕێزیان لەم پێوەندییەدا داوای لە بەرپرسی هەیئەتی حیزب بۆ کاروباری یەکگرتنەوە و دانیشتن لەگەڵ هەیئەتی حدکا، بەڕێز کەماڵ کەریمی کرد لەم پێوەندییەدا ڕاپۆرتێک بە کۆمیتەی ناوەندی بداتەوە.

لەم بەشە لە کاری کۆبوونەوەکەدا کاک کەماڵ کەریمی ڕاپۆرتێکی وردی لە سەر ڕەوتی دانیشتنەکانی پێشووی هەردوو هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حدکا پێشکەش بە بەشداران کرد. بەڕێزیان لە ڕاپۆرتەکەیدا باسی لە ڕەوتی تا ڕادەیەک بەرەوپێشچوونی ئەم پرسە پێش لە دوایین کۆنگرەی حدکا کرد و، وێڕای دەستنیشانکردنی کۆسپ و بەربەستەکانی بەردەم پرسی یەکگرتنەوە، هیوای خواست لە داهاتوودا ڕەوتی دانیشتنەکان دەست پێ بکەنەوە و ئاکامی دڵخوازی بۆ تێکۆشەرانی دێموکرات و خەڵکی کوردستان لێ بکەوێتەوە.

لە درێژەی کاری کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیدا کە بەشداران چالاکانە بەشدارییان لە باسەکاندا کرد، بە گشتی وێڕای پێداگری لە سەر زەروورەتی یەکگرتنەوەی هەر دوو حیزبی دێموکرات، بە تێکڕایی هەڵوێستی بەرپرسیارانە و جۆری مودیرییەتی پرسی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزب لە لایەن دەفتەری سیاسی و هەیئەتی حیزب بۆ ئەم پرسەیان پەسند کرد.

کۆمیتەی ناوەندی بۆ جارێکی دیکە بە پێداچوونەوە بە ڕەوتی وتوێژەکان و قسەکردن لەسەر کۆسپ و تەگەرەکانی بەردەم یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان، پێی‌وابوو یەکگرتنەوەیەکی هاوسەنگ بە هەستکردن بە بەرپرسیارێتیی دوو لایەنە دەتوانێ لە قازانجی داهاتووی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی یەکگرتوو و بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێراندا بێ.

لە کۆتاییدا کۆمیتەی ناوەندیی حیزب، دەفتەری سیاسی و هەیئەتی تایبەت بە پرسی یەکگرتنەوەی ڕاسپارد کە بە بەردەوامی لە دانیشتن و دیالۆگ لەگەڵ ڕێبەری و هەیئەتی حدکا، ئەم پرسە بۆ گەیشتن بە ئاکامی دڵخوازی تێکۆشەرانی حیزب و خەڵکی کوردستان درێژە پێبدەن.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**سکرتاریا**
**١٥ی جۆزەردانی ١٣٩٩ی هەتاوی**

---

### خالید عەزیزی:

# خوێنی بەناحەقڕژاوی لاوەکانمان ئیلهامدەری شێلگیریی خەباتەکەمانە دژی کۆماری ئیسلامی

**(پەیامی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ٣٧ ساڵەی ئێعدامی ٥٩ شۆڕەلاوی کورد لە مەهاباد)**



**خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان!**

**لاوانی خوێنگەرم و تێکۆشەر!**

دوای شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ و ڕووخاندنی ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوی، گەلانی مافخواز و قوربانیی دەیان و سەدان ساڵ ستەم و بێمافی لە ئێران کە بە خەبات و قوربانیدانی زۆر بەسەر ڕێژیمی شادا سەر کەوتبوون، هیوایان بە هاتنە سەر کاری دەسەڵاتێکی خەڵکی و دێموکراتیک بوو. بەڵام ڕێژیمی تازە بەدەسەڵاتگەیشتووی کۆماری ئیسلامی، لە کوردستان بە سەرکوت و کوشت و کوشتار و تاڵان و بڕۆی خەڵکی کورد دەستی پێکرد. خەڵکی کوردستان دوای خەباتی خوێناوییان لەدژی ڕێژیمی پاشایەتی و بەشدارییان لە ڕووخاندنی ئەم ڕێژیمە، چاوەڕوانی وەدیهاتنی مافە ڕەوا و ئینسانییەکانیان بوون؛ کەچی زۆر زوو لەلایەن دەسەڵاتی تازەدامەزراوی کۆماری ئیسلامییەوە هێرش کرایە سەر کوردستان.

ڕووداوەکانی نەورۆزی خوێناویی سنە و ئێعدام و کوشتاری بەکۆمەڵی کورد لە شار و ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، بۆ وێنە لە سەقز و نەغەدە و زۆر شوێن و گوندی وەک قارنێ، قەڵاتان، حەسەن لۆلان، سۆفیان، قەرەگۆل و وێرانکردنی سەدان گوندی دیکە و شاڵاوی هێرشی نیزامی بۆ دەست بە سەر داگرتنی کوردستان؛ زۆر زوو ماهییەتی ئەم ڕێژیمەی بۆ خەڵکی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران لەقاو دا. بەڵام جینایەتێک کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژی 12ی جۆزەردانی ساڵی 1362 دەرهەق بە خەڵکی مەهاباد و کوردستان کردی، پەڵەی شەرم و تاوانێکی ئەبەدییە بە تەوێڵی کۆماری ئیسلامییەوە، تاوانێک کە تێپەڕینی کات و ساڵ لە بیر خەڵکی کوردستانی ناباتەوە، تاوانی ئێعدامی ٥٩ شۆڕەلاوی بێتاوان کە بە بڕیاری ڕێژیمی دڕندە و خوێنمژی کۆماری ئیسلامی و بێ هیچ محاکەمە و دادگاییەک گوللەباران کران.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە ئامادە نەبوو گوێ لە ماف و ویست و داوای خەڵکی کورد بگرێ و لە ڕێگای دانوستانەوە بۆ چارەسەری پرسی کورد هەنگاو بنێ، هێرشی بەربڵاوی کردە سەر کوردستان. فیتوای جیهاد لەدژی نەتەوەی کورد درا و شەڕێکی خوێناوی بەسەر کوردستاندا سەپا، شەڕێک بە مەبەستی سەرکوتی ماف و ئازادییەکانی خەڵک و کپکردنی دەنگی ڕەوا و مافخوازیی خەڵکی کورد کە تا بە ئێستا و بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی لە شێوە و فۆڕمی جۆراوجۆردا درێژەی بووە. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانیش بە تایبەتی، بۆ دیفاع لە مان و مەوجوودیەتی خەبات و شوناس‌ویستیی ئەو گەلە چوونە سەنگەری بەرگری و هەتا ئێستاش لەو سەنگەرەدا درێژە بە خەباتی ڕەوا و بەرحەقی خۆیان دەدەن.

**خەڵکی خەباتکاری کوردستان!**
**لاوانی شۆڕشگێر و بوێر لە مەیدانی خەباتی مافخوازیدا!**

٣٧ ساڵ لەمەوبەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە تاوانی ئێعدامی ٥٩ لاوی مەهاباددا هەوڵی ئەوە بوو کە کۆمەڵگەی کوردستان، بەتایبەت لاوانی کورد چاوترسێن بکا، بەڵام بینیمان لاوانی کورد بە بەشداریی هەراویان لە قۆناغی سەختی خەبات و بەرگریی چەکدارانە و تێکۆشانی هەمەلایەنەیان لە هەموو سەنگەر و بەستێنەکان بەدژی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، نیشانیان دا خوێنی بەناحەقڕژاوی ٥٩ شۆڕەلاوەکەی مەهاباد، ئیلهامی مافخوازی و چرای ڕووناککەرەوەی ڕێی خەبات و تێکۆشانیان بۆ ڕزگارییە.

خەڵکی خەباتکار و خۆڕاگری کوردستان دوای ئەم ڕووداوە سامناکە و بەرگەگرتن لەبەرانبەر زۆر کارەسات و نەهامەتی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بەسەری هێناون، کۆڵیان نەداوە و سەنگەری خەباتیان چۆڵ نەکردوە و نەک هەنگاوەکانیان پێ شل نەبووە، بەڵکوو لە هەموو ئەو ماوەیەدا بە تێکۆشانی جۆراوجۆر لەبەرامبەر سیاسەتە داپلۆسێنەرەکانی کۆماری ئیسلامیدا وەستاونەتەوە و لە خەبات و تێکۆشانی مافخوازانەیان بەردەوام بوون. مانگرتنە گشتییەکەی ٢١ی خەرمانان بۆ مەحکوومکردنی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات و ئێعدامی ڕۆڵە سیاسییەکانی کورد، کە لە نەفسی خۆیدا ڕێفراندۆمیکی سیاسی بۆ بردنەوە ژێر پرسیاری ڕەواییەتی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان بوو، یەکێک لە دیارترین دیمەنەکانی ئەم خۆڕاگری و خەباتگێڕییە بوو.

ئێمە لە بیرهێنانەوەی تاوانی ئێعدامی ٥٩ لاوی مەهاباددا جارێکی دیکە ئەوە وەبیر خەڵکی ئێران و کۆمەڵگەی جیهانی دێنینەوە کە کۆماری ئیسلامی لەدژی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چیها جینایەتی سامناکی کردوە و ئەم جینایەتانەی بە چ شێوەیەک کردوە. لاوانی کورد پاش چەند دەیە لە تێپەڕینی تاوانی ئێعدامی ٥٩ لاوی مەهابادی، ئەم جینایەتەی کۆماری ئیسلامییان هەروا لەبەرچاوە و بەدوای ڕاستییەکاندا دەگەڕێن. ڕاستییەکانی وەک ئەوەی کە ڕێژیم ئەوانی لە کوێ بە خاک سپاردوە و تەرمی ئەو ڕۆڵە بەناحەقکوژراوانەی چ لێ کردوە.

ئەمن دڵنیام لاوانی کورد یادی ئەو شەهیدانە بەرز ڕادەگرن و بە بەردەوامیی خەبات و تێکۆشانیان بە کۆماری ئیسلامی دەسەلمێنن کە ئەستاندنی گیانی لاوەکانمان نەک ناتوانێ ئیرادەیان بەچۆکدا بێنێ و لە ویست و داخوازەکانیان پەژیوانیان کاتەوە؛ بەڵکوو ئیلهامدەری ئەوە بووە کە شێلگیرانەتر دژی کۆماری ئیسلامی بوەستنەوە.

_ سڵاو بۆ گیانی شەهیدانی 12ی جۆزەردانی 1362

_ سڵاو لە ئیرادە و ڕوحی خەباتگێڕیی لاوانی کورد

**خالید عەزیزی**
**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**

---

## پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ١٢ی جۆزەردان، ساڵڕۆژی ئێعدامی ٥٩ لاوی مەهابادی بە دەستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی

لە ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢ی هەتاویدا ٥٩ لاوی شاری مهاباد لەلایەن ڕێژیمی تازە بەدەسەڵاتگەیشتووی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە ئێعدام کران. ڕێبەرانی ئەم ڕێژیمە دوای ئەوەی وڵامی پەیامی ئاشتیخوازانەی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستانیان بە دەرکردنی فەرمانی جیهاد و هێرشی سەرتاسەریی بۆ سەر خاک و خەڵکی کوردستان دایەوە، ڕووبەرووی بەرەنگاریی خەڵک و هێزە سیاسییەکان و، هەروەها ئیرادەی قارەمانانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوونەوە. ئەوان کە بە خەیاڵ هیوا و هۆمێدیان لە سەر بەچوکداهێنانی بزووتنەوەی مافخوازانەی کوردستان هەڵچنیبوو، لە بەرانبەر داخوازییە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان و بەرەنگاری و ئازایەتیی هێزی پێشمەرگەدا دۆشداماو و سەرکز مانەوە. بۆیە بۆ قەرەبووکردنەوەی شکستەکانی خۆیان قین لەدڵانە پەلاماری خەڵکی بێدیفاعی کوردستانیان دا و تەنیا لە یەک ڕۆژدا ٥٩ لاوی شاری مەهابادیان بەبێ ئەوەی دادگایی بکرێن و هیچ تاوانێکیان لەسەر ساغ بووبێتەوە، ئێعدام کرد.


ڕەوتی گرتن، ئەشکەنجە، دادگاییکردن و لە کۆتاییدا سەپاندنی سزای قورس بە سەر تێکۆشەرانی کوردستان و لە سێدارەدانیان لە چوار دەیەی دەسەڵاتدارتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لاپەڕەیەکی ڕەش و پڕ لە تاوان و جینایەتی ئەم ڕێژیمەیە. کۆمەڵکوژیی زیندانیانی سیاسی تەنیا بە تاوانی کورد بوون، لە چەند بڕگەیەکی ئەم مێژووە ڕەشەدا دووبارە و چەند بارە بۆتەوە. سەپاندنی حوکمی قورس بەسەر زیندانیانی کورد و لە سێدارەدانیان، بەشێکە لەو شەڕە ناڕەوا و دژیگەلییەی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرانبەر بە خەڵکی کوردستان و مافە ڕەواکانی زیاتر لە چل ساڵە گرتوویەتە بەر و تا ئێستاش درێژەی هەیە. بەشی زۆری زیندانیانی سیاسیی ئێران کە لە بەندیخانەکانی ئەم ڕێژیمەدا سزای قورس و ناڕەوای لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێندراوە، کوردن کە جیا لە مافخوازی هیچ تاوانێکی دیکەیان نییە.

ئامانج و مەبەستی ڕێژیم لە ئێعدامی ٥٩ لاوی مەهابادی لە ١٢ی جۆزردانی ساڵی ١٣٦٢ و درێژەدان بەم ڕەفتار و سیاسەتە جینایەتکارانەی، چاوترسێن کردنی خەڵکی کوردستان و تێکشکاندنی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە کوردستانی ئێران بوو. بەڵام وەک تا ئێستا خەڵکی کوردستان و حیزبە سیاسییەکانی سەلماندوویانە، لەم پێوەندییەدا ئەوەی بۆ ڕێژیم ماوەتەوە کارنامەیەکی پڕ لە غەدر و جینایەتە و هیچی دیکە. چونکی خەباتی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان نەتەنیا بە لەسێدارەدانی لاوان و تێکۆشەرانی پەکی نەکەوتوە، بەڵکوو ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە پەرەئەستاندن‌دایە و ئێعدام و سێدارە بە لای خەڵکی کوردستانەوە وەک بەشێکی دانەبڕاو لە ماهییەتی وجوودی ئەم ڕێژیمە پێناسە دەکرێ. ”کۆماری سێدارە“، ئەو تەعبیر و تاریفە بەجێ و چەسپاوە بوو کە هەر زوو خەڵکی کوردستان بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانیان بەکار هێنا.

لە یاد و بیرەوەریی ٣٧ ساڵەی ئێعدامی بەکۆمەڵی ٥٩ کەس لە لاوانی شۆڕشگێڕی شاری مەهاباددا، سڵاو دەنێرین بۆ یاد و ئامانجە بەرزەکانیان.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**١٢ی جۆزەردانی ١٣٩٩**

# خومەینیزم و میراتگرانی





عەلی بداغی

ئەمڕۆ (١٤ی جۆزەردانی ١٣٩٩ی هەتاوی) ٣١ ساڵ بەسەر مەرگی خومەینیدا تێ‌پەڕی. پیاوێکی ئایینی و سیاسی کە توانی خەونی لەمێژینەی حاکمیەت و دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی_شیعی لە ئێراندا وەدی بێنێ و ماوەی ١٠ ساڵ حوکمەتەکەی گرینگترین دەیەی مێژووی هاوچەرخی ئێرانە. گرینگ چونکی کاریگەرییە قووڵ و بنەڕەتییەکانی ئەم بڕگەیە لە مێژووی ئێران هەتا ئێستاش بەسەر ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و چارەنووسی خەڵکی ئەم وڵاتەوە دیارە.

ئەوە خومەینی بوو کە بەردی بناغەی ناردنەدەرێی شۆڕشی ئیسلامیی دانا و وێژمانی سیاسەتی نوێی دەرەوەی ئێرانی داڕشت، وێژمانێک کە لە بنی‌ڕا دژایەتیی بنەڕەتیی لەگەڵ بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی ئێران بوو. خومەینی بە سیاسەتی دوژمنایەتی‌کردنی ئەمریکا زۆربەی هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی تێک دا، ئەو کە بە ڕوانگە پان‌ئیسلامیستییەکانی پێی وابوو دەتوانێ ڕێژیمی سیاسیی دەسەڵاتە ناوچەییەکان لە بەرژەوەندیی ئیسلام (شیعەگەری)یدا بگۆڕێ، کەوتە هاندان و ڕێکخستن و وەخۆگرتنی میلیشیا تێرۆریستەکان و هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی لە لایەک لە کۆمەڵگەی جیهانییدا تەریک بخرێتەوە و، لەلایەکی دی بەهۆی پڕکێشییەکانی عێراق هەست بە مەترسی بکا و هێرش بکاتە سەر ئێران.

> **ئەوە خومەینی بوو کە بەردی بناغەی ناردنەدەرێی شۆڕشی ئیسلامیی دانا و وێژمانی سیاسەتی نوێی دەرەوەی ئێرانی داڕشت، وێژمانێک کە لە بنی‌ڕا دژایەتیی بنەڕەتیی لەگەڵ بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی ئێران بوو. خومەینی بە سیاسەتی دوژمنایەتی‌کردنی ئەمریکا زۆربەی هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی تێک دا.**

> **سیاسەتەکانی خومەینی لەو دەیە چارەنووسسازەی حوکمەتەکەیدا وای کرد ئێران جیا لە سووریە و لیبی یەک وڵاتی عەرەبیی هاوپەیمانی نەبێ، بەردی بناغەی سزا ئابوورییەکانی ئەمریکا دژی ئێران دابندرێ _کە تا ئێستاش بە هۆکاری جۆراوجۆر و لە فۆرمی جیاوازدا درێژەی هەیە_، فتواکەی لەدژی سەلمان ڕوشدی ساردی بخاتە نێوان پێوەندییەکانی ئێران و وڵاتانی ئۆرووپا و؛ ئەمانەش هیچ کام لە بەرژەوەندیی خەڵکی ئێراندا نەبوون و نین.**

ئەم شەڕە کە دەکرا لە ساڵی یەکەمدا و دوای پاشەکشەی عێراق و لە هەلومەرجی هێزمەندیی ئێراندا تەواو ببا، بە هۆی دروشمەکانی "ڕێگای قودس لە کەربەلاوە تێ‌دەپەڕێ" و "شەڕ شەڕ هەتا سەرکەوتن" بۆ ماوەی ٨ ساڵ درێژ کرایەوە. کۆمەڵگەی ئێران هەتا ئێستاش نەیتوانیوە پشت لە حاند زیانە ماڵی و گیانییەکانی ئەم شەڕە ماڵوێرانکەرە ڕاست بکاتەوە، بەڵام ئەمە بە لای ڕێژیمی سیاسیی ئێرانەوە گرینگ نییە، چونکی بنەما فیکری و ئیدئۆلۆژییەکانی خومەینی، بەرژەوەندییەکانی خەڵک و دەسەڵات لە ئێرانی لێک جیا کردۆتەوە.

سیاسەتەکانی خومەینی لەو دەیە چارەنووسسازەی حوکمەتەکەیدا وای کرد ئێران جیا لە سووریە و لیبی یەک وڵاتی عەرەبیی هاوپەیمانی نەبێ، بەردی بناغەی سزا ئابوورییەکانی ئەمریکا دژی ئێران دابندرێ _کە تا ئێستاش بە هۆکاری جۆراوجۆر و لە فۆرمی جیاوازدا درێژەی هەیە_، فتواکەی لەدژی سەلمان ڕوشدی ساردی بخاتە نێوان پێوەندییەکانی ئێران و وڵاتانی ئۆرووپا و؛ ئەمانەش هیچ کام لە بەرژەوەندیی خەڵکی ئێراندا نەبوون و نین.

خومەینی و دەوروبەری بەڵام لە نێوخۆی وڵاتدا خەونی گەورەیان بۆ ڕێژیم و دەسەڵاتەکەیان دیبوو کە ئەو دۆڵپایە پێش هەموو شتێک پێویستیی بە زەوتکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵک بوو. قەوارەی حکوومەتیی ویلایەتی فەقیه، بەیتی ڕێبەری، خوبرەگانی ڕێبەری، شۆڕای نیگابان، کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام و دەوڵەتی سێبەر هەمووی لە خزمەتی خومەینیزم و پەراوێزخستنی خەڵک و بەهێندنەگرتنی ئازادییەکانی ئەوان بووە. چ لە سەردەمی خومەینی و چ دوای سی ساڵ لە مەرگی، ئێستاش هەڵبژاردنەکان مهەندیسی دەکرێن و دەنگی خەڵک لای وان کایە و بایە. چل ساڵە حەزفی فیزیکی و سەرکوتی حیزبە سیاسییەکان و شەڕی نەرم لەدژی بزووتنەوەی ئێعترازیی خەڵک دەستووری کاری هەمیشەیی ئەم ڕێژیمەیە. چل ساڵە وڵات و هەموو سامانە سروشتییەکانی پاوانی کاربەدەستانی ڕێژیمە و بەتاڵان دەبرێ. چوار دەیە گرتنەبەری سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەکان، حاشا کردن لە مافەکانیان و سەرکوتی بزووتنەوەی مافخوازییان، چوار دەیە سڕینەوە و هەڵاواردن و پەراوێزخستنن لە سۆنگەی جیایی ئایین و ئایینزاکانەوە، چوار دەیە شمشێر لەڕوو بەستن لەدژی ژنان و توندگرتنی ئەوکی لاوان و تاراندنیان لە خاک و نیشتمانی خۆیان سیاسەتی نەگۆڕ و بەشێک بووە لە خومەینیزمی کۆماری ئیسلامی.

کۆمەڵکوژیی زیندانییانی سیاسی بە بڕیاری خومەینی جینایەتێکی دیی ئەم دیکتاتۆرە مەزهەبییە بوو کە بووە هۆی ئێعدامی زیاتر لە ٣٠ هەزار زیندانی، هەروەها بەردەوامیی سەرکوت و کوشتنی خەڵک لە زیندان و خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکانیشدا بەشێکە لە "وەسیەت"ـە مێژووییەکەی جەنابیان.

خومەینی بە دروشم بەخۆڕایی‌کردنی ئاو و برق، خەڵکی هەژار و بەشمەینەتی ڕەگەڵ خۆی خست، جارِی دا کەس بە لای خانووکرێندا نەچێ، چونکی کرێچی لە ئێراندا ناهێڵن؛ بەڵام هەر دوێنێ بوو کە ئاو و برقی خەڵکی هەژاریان _ئەویش لە سەردەمی کۆرۆنادا_ بە هۆی تێنەکردنی پووڵ هەڵبڕی و لە کرماشان ماڵی هیوایان بەسەر ئاسیەی داماودا ڕووخاند و گیانیان لێ ستاند. لە کاتێکدا خەڵکی ئاتاج و هەژار لە زبڵ‌وزاڵدا بەدوای ژەمە خواردنێکدا دەگەڕێن، بەڵام لە ساڵدا بە میلیارد میلیارد تمەن لە بودجەی گشتیی وڵات بۆ پێگەیاندنی مەلا و فەقێی حکوومەتی لە حەوزە ئایینییەکاندا خەرج دەکرێ.

چوار دەیە قەیرانی ئابووری، چوار دەیە دارِمانی کۆمەڵایەتی، چوار دەیە پاشکەوتن و گەڕانەوە بۆ چەند سەدەی ڕابردوو لە سایەی ئەم چوار دەیە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، بەرهەمی نیزامێکی سیاسییە کە خومەینی بناغەکەی دانا. لە سۆنگەی ئەم نیزامەوە زیاتر لە ٢٠ میلیۆن کەس لەژێر هێڵی هەژاریی ڕەها و ٣٠ میلیۆن کەسیش لەژێر هێڵی هەژاریی ڕێژەییدا دەژین، زیاتر لە 20 میلیۆن کەس بێکارن، ٧ میلیۆن بنەماڵە _سەتا 35ی حەشیمەتی وڵات_ کرێچین، زیاتر لە 8 میلیۆن کەس گیرۆدەی مادەی هۆشبەرن، کۆچ بۆ دەرەوەی وڵات و خەمۆکی و خۆکوژییەکان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر دەبن و، ئەمانە بەشێکی بچووکن لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی ئێرانی پاش دەسەڵاتی خومەینی و قوتابییەکانی.*

بۆیە ١٤ی جۆزەردانی ١٣٦٨ ناکرێ بە خاڵی کۆتایی دیکتاتۆرێک دابندرێ کە بە گرتنە بەری سیاسەتی پۆپۆلیستی و کەلکاژۆ لە هەستی ئایینیی خەڵک توانی بگاتە ترۆپکی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران، بەڵکوو ڕووداوی مەرگیشی بووە هۆی بنچداکوتانی زیاتری نیزامی دیکتاتۆریی دەسەڵات بەسەر وڵاتدا. بۆیە خومەینی و بنەما فیکرییەکانی بەردەوام لە هەناوی ئەم ڕێژیمەدا دەژییێتەوە، تەنانەت لە ئێستاشدا کە خۆری خومەینیزم و میراتەکەی بۆ فەرخەکانی لە ئاوا بوونە.

لە ئێستادا میراتگرانی خومەینی بەرەوڕووی کۆمەڵێک قەیرانی جیدی بوونەتەوە. هێژمۆنیی کۆماری ئیسلامی لە ناوچە و وڵاتانی دراوسێی کە بنەڕەتیترین دروشمی خومەینیی دامەزرێنەری ڕێژیمە، لە کەمترین ڕادەی خۆی‌دایە. ڕێژیم لە ئاستی نێودەوڵەتییشدا پتر تەریک کەوتۆتەوە و ئەو تەریککەوتنەوەیە هەرەسی بە ئابووریی ڕێژیم هێناوە.

سەرهەڵدانەکانی خەزەڵوەری ڕابردوو کە ڕووداوەکانی دوای کوژرانی قاسم سولەیمانی، بەردانەوەی فڕۆکە ئۆکراینییەکە و کۆرۆنای بەسەردا هات؛ ئاگری بن خۆڵەمێشە.

هۆکارەکانی ئەم بارودۆخە و دارِمانی شەرعییەتی کۆماری ئیسلامی لای خەڵکی وڵات وەک باس کرا بەردەوامیی سیاسەتی خومەینیزم و دەسەڵاتی حکوومەتە کە دژایەتیی بنەڕەتیی هەیە لەگەڵ مافەکانی خەڵک و بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان.

حاکمیەتی سیاسی لە چوار دەیەی ڕابردوودا بە سیاسەتی ئیدئۆلۆژیک و یەکسانسازی، بەرەبەرە هەموو هێزە کۆمەڵایەتییەکانی لە پشتیوانەوە کردۆتە دژ و بەرهەڵستکار. ڕێزنەگرتن لە ماف و ئازادییەکانی خەڵک، سەرکوتی باوەڕە نەتەوەیی و ئایینییەکانی خەڵکی نافارس و غەیرە شیعی، بە ڕەسمی نەناسینی بەرابەری و یەکسانی و ڕێگری لە بەردەم بەشداری و هاوبەشیی گشتییدا، دەسەڵاتی سیاسیی بەرەوڕووی کۆمەڵێک بەرگژەی هۆوییەتی، کۆمەڵایەتی و سیاسی کردۆتەوە.

ئەو بەرگژانەش لە نەبوونی متمانەی خەڵک بە دەسەڵات، لە نەبوونی ئازادی و دێموکراسی و لە نەبوونی ئیرادە بۆ بەخۆدا چوونەوە وا دەکا ڕێژیم چیدی توانای بەرهەمهێنانەوەی وێژمانی ئیدئۆلۆژیکی خۆی نەمێنێ و، بێ‌گومان بەبێ پشتیوانیی خەڵک ناتوانێ بەسەر قەیرانەکانی بەردەمیدا زاڵ ببێ.

کۆمەڵە هۆکارێکی دیکەش لەو پێوەندییەدا ڕۆڵی کاتالیزۆر دەبینن. بەربڵاو بوون و قورستر بوونی سزاکانی ئەمریکا و کۆمەڵگەی جیهانی، دارمانی بایی نەوت، ڕاوەستانی ئابووریی وڵات ئەویش لە قەیرانی جیهانیی ئابوورییدا کۆماری ئیسلامیی بەرەوڕووی هەلومەرجێکی چارەنووسساز کردوە. هەلومەرجێک کە لەوانەیە دانوستان و سازان لەگەڵ ئەمریکاش دادی نەدا.

ڕەنگبێ ئەمە قەدەرێکی مێژوویی بێ کە ئێران جارێکی دیکەش گۆڕینی نیزامی سیاسیی وڵات بە خۆیەوە ببینێ. ئەم نیزامە نە دێتە سەر ڕاستەڕێ و نە ئیرادە و مەیلێک لای خەڵک بۆ متمانەکردنەوە بە ڕێژیم و دەربازکردنی لە کەڵەکەبوونی قەیرانەکان هەیە.

کاتی خۆی و لە گەرمەی ناڕەزایەتییەکانی دژی ڕێژیمی "شا"دا، خومەینی گوتی ئەم ڕێژیمە دەبێ بڕوا و نەمێنێ. مێژوو دووپات دەبێتەوە، ئەم ڕێژیمەش دەبێ بڕوا، کەی و بە کام نرخ؛ ئەمەیان بەندە بە هەلومەرجی خەبات و مافخوازیی خەڵکی ئێران و فاکتەرەکانی پێوەندیدار بە سەرخستنی ئەم خەباتەوە.

***

* ئامارەکان لە بڵاوکراوە ڕەسمییەکانی کۆماری ئیسلامی وەرگیراون.

---

**پەیامی پیرۆزبایی**

**دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی دامەزرانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان**



**بەڕێز مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ ڕێز و سڵاوی خەبات و برایەتی!**

بەبۆنەی ٤٥ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، گەرمترین سڵاو و پیرۆزباییتان پێشکەش دەکەین.

دامەزرانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بەرهەمی بارودۆخێکی هەستیار و زەروورەتێکی مێژوویی بوو و، ئەم حیزبە تێکۆشەرە لە ماوەی ٤٥ ساڵ ژیانی سیاسیی خۆیدا قوربانیی زۆری بۆ چەسپاندنی مافەکانی کورد لە عێراق و چێ‌کردنی دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەریی هەرێمی کوردستان داوە.

پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بە درێژایی ئەم مێژووە، پڕبایەخ و جێی شانازی بۆ هەر دوو لایە. ئەم پێوەندییە بە ئیلهام‌وەرگرتن لە بنەما فیکرییە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی نەمران د. عەبدولڕەحمان قاسملوو و مام جەلال تاڵەبانی، سەرەڕای هەلومەرجی سەخت و دژوار و تایبەتمەندیی خەباتی سیاسیی کورد لەم دوو بەشەی نیشتمان ئێستاش هەروا بەگوڕە و؛ ئێمە بە چاوی ڕێزەوە لەو ڕابردووە پڕشانازییەی نێوانمان دەڕوانین و پێداگرین کە پێوەندیی برایانەی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان بەتینتر لە جارانیش بەرەو پێشتر بچێ.

جارێکی دیکەش ساڵیادی دامەزرانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان پیرۆز و هیواداریین کە یەکیەتیی نیشتمانی لە ساڵی نوێی ژیانی سیاسیی خۆیدا و، لە وەرزی هەرە هەستیاری ئێستای عێراق و ناوچەدا، بە هیوا بە داهاتوویەکی گەش بۆ هەرێمی کوردستان، لە خەبات و تێکۆشانی بۆ سەرخستنی زیاتری مافەکانی کورد بەردەوام بێ.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**

**دەفتەری سیاسی**

**٢٠٢٠/٥/٣١**


ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٥/٣١

بەڕێز مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان

لەگەڵ ڕێز و سڵاوی خەبات و برایەتی!


حیزبی دێموکراتی کوردستان
دەفتەری سیاسی

Secretariat Of Kurdistan Democratic Party (KDP-Iran)

# ڕێژیمی سیاسیی ئێران لە نێوان ئۆتۆریتاریزم و تۆتالیتاریزمدا

## (دەسەڵاتی بێسنووری وەلیی فەقیهـ)

## (٢٢-٥)



دیلان هەردی

لە ژێر پرەنسیپی ویلایەتی فەقیهدا، دەسەڵاتەکانی وەلی فەقیهـ یان ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بێسنوورن. پۆستی ڕێبەری پۆستێکی هەتاهەتایییە و یەکجار کە ڕێبەر لە لایەن کۆڕی شارەزایانەوە دەستنیشان دەکرێ، تا کۆتایی تەمەنی لە پۆستەکەیدا دەمێنێتەوە. ڕێبەر لە ٣٢ مادەی قانوونیدا باسی کراوە، بەڵام دەسەڵاتە سەرەکییەکانی لە وەرزی هەشتەمدا، لە مادەکانی ١٠٧ هەتا ١١٢دا ئاماژەیان پێکراوە.

**مادەی ١١٠: دەسەڵاتەکان و ئەرکەکانی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی**

١) دیاریکردنی سیاسەتە گشتییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، دوای ڕاوێژ لەگەڵ کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام.
٢) چاودێریی باش جێبەجێبوونی سیاسەتە گشتییەکانی نیزام.
٣) فەرمانی ڕێفراندۆم.
٤) فەرماندەیی تەواوی هێزە چەکدارەکان.
٥) ڕاگەیاندنی شەڕ و ئاشتی و تەیارکردنی هێزەکان.
٦) دەستنیشانکردن و لە کار لادان و پەسندکردنی دەست لە کار کیشانەوەی:
ئـ فەقیهەکانی شوڕای نیگابان.
بـ بەرزترین کاربەدەستی دەسەڵاتی دادوەری.
جـ بەرپرسی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامیی ئێران.
د. سەرۆکی ناوەندی فەرماندەیی هاوبەش.
هـ فەرماندەی گشتیی سوپای پاسداران.
و. فەرماندە باڵاکانی هێزە نیزامییەکان و ئینتزامییەکان.
٧) چارەسەری کێشەکان و ڕێکخستنی پەیوەندی هەر سێ دەسەڵات.
٨) چارەسەری کێشەکانی نیزام کە بە شێوەی ئاسایی چارەسەر نابن، لە ڕێگەی کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام.
٩) واژۆکردنی حوکمی سەرۆکایەتیی کۆمار دوای هەڵبژاردنی لە لایەن خەڵکەوە. شیاوی کاندیدەکانی سەرکۆماری، بەپێی ئەو مەرجانەی کە لەو یاسایەدا ئاماژەی پێ دەکرێ، دەبێ بەر لە هەڵبژاردنیان لە لایەن شوڕای نیگابانەوە پەسند بکرێ و لە گەڕی یەکەمدا لە لایەن ڕێبەرەوە پەسند بکرێ.
١٠) لە کار لادانی سەرکۆمار بە لە بەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکانی وڵات دوای حوکمی دادگای باڵای وڵات بەهۆی سەرپێچیکردن لە ئەرکە یاساییەکانی، یان دەنگدانی مەجلیس بە نالێهاتوویی ئەو لەسەر بنەمای مادەی هەشتا و نۆیەم.
١١) لێبوردن یان کەمکردنەوەی سزای حوکمدراوان لە چوارچێوەی پێوەرە ئیسلامییەکاندا دوای پێشنیاری سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری.

ڕێبەر دەتوانێ بەشێک لە ئەرک و دەسەڵاتەکانی ڕادەستی کەسێکیتر بکا.

دەسەڵاتەکانی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی هەندێک یاسا و ڕێساوە، هەموو دامەزراوەکانی وڵات دەگرێتەوە. هەر جۆرە دامەزراوەیەکی فەرمی و نافەرمی لە خوارووی ڕێبەرەوەیە. بەپێی قانوونی بنەڕەتی، دامەزراوە هەڵبژێردراوەکانی وەکوو سەرکۆماری و مەجلیس، لەژێر چاودێری دامەزراوە هەڵنەبژێردراوەکانی وەکوو شوڕای نیگابان و کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام و ڕێبەری کۆماری ئیسلامی دان. ڕەنگە باسکردن لە هەموو دەسەڵاتەکانی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لەو نووسینەدا نەگونجێ، بەڵام هەوڵ دەدرێ جێ پێ و ڕۆڵی سەرەکیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی وەکوو کەسی یەکەم، لەنێو تەواوی دەزگا و دامەزراوە دەوڵەتی و نادەوڵەتییەکاندا بهێنرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، چونکە دەسەڵاتەکانی ڕێبەر لە تەواوەتیی سیستەمدا ڕیشەی داکوتاوە. لێرەدا ئاماژە بە چەند ئۆرگانێک دەکەین کە لەژێر کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی دان:

**کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام/** سەرۆک و ٤٠ ئەندامەکەی ئەو دامەزراوە بەهێزە بۆ ماوەی ٥ ساڵان لە لایەن ڕێبەری کۆماری ئیسلامییەوە دەستنیشان دەکرێن. گرنگترین ئەرکی ئەو دامەزراوەیە چارەسەرکردنی کێشەی نێوان مەجلیس و شوڕای نیگابانە، چونکە هەر یاسایەک کە لە مەجلیس دەنگی پێ‌دەدرێ، بەر لەوەی بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، پێویستی بە ڕەزامەندیی شوڕای نیگابانە. ئامادەکردن و پێشنیارکردنی سیاسەتە گشتییەکانی کۆماری ئیسلامی و ڕاوێژکردن لەگەڵ ڕێبەر، لە ئەرکەکانی دیکەی ئەو دامەزراوە ئایینییەن. سەرۆکی هەر سێ دەسەڵات (یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری) و ئەندامانی شوڕای نیگابان، ئەندامی هەمیشەیی کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزامن(1). هەوڵی دامەزراوەکە ئەوەیە ئەو کەسایەتییانە کۆ بکاتەوە کە زۆرترین کاریگەرییان هەیە و ئەزموونێکی زۆریان لە دەسەڵاتدا هەبووە. دامەزراوەیەکی دیکەی هاوتەریب هەیە بە ناوی شوڕای باڵا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و ڕێکخستنی پێوەندییەکانی نێوان هەر سێ دەسەڵات، کە ئەویش لە ژێر کۆنترۆڵی ڕێبەر دایە و سەرۆکەکەی ڕاستەوخۆ لە لایەن ڕێبەرەوە دەستنیشان دەکرێ. لە هەندێک حاڵەتدا، کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام، مافی ئەوەی پێدراوە کە وەکوو دەزگایەکی یاسادانان کار بکا و یاسا دابنێ.



**شوڕای نیگابان/** شوڕای نیگابان ئۆرگانێکی گرنگی کۆماری ئیسلامییە کە لە ١٢ فەقیهـ پێکهاتوە، شەشیان ڕاستەوخۆ لە لایەن ڕێبەرەوە دەستنیشان دەکرێن و شەشەکەی دیکەش لە لایەن سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەرییەوە _سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری خۆی لە لایەن ڕێبەرەوە دەستنیشان دەکرێ_. شوڕای نیگابان دامەزراوەیەکی ناوەندیی وڵاتە کە هەموو چالاکییەکانی دەسەڵاتی یاسادانان و پرۆسەکانی هەڵبژاردن ڕێک دەخا و چوارچێوەیان بۆ دیاری دەکا. بەربژێری هەموو هەڵبژاردنەکان، تەنانەت شوڕای خیبرەگانی ڕێبەرییش دەبێ لە لایەن شوڕای نیگابانەوە پەسند بکرێن. بەپێی مادەکانی ٩١ هەتا ٩٩ی قانوونی بنەڕەتی، شوڕای نیگابان ئەو ئەرکانەی خوارەوەی پێ سپێردراوە:

**چاودێریی گونجانیان لەگەڵ پرەنسیپەکانی ئیسلام/** بەپێی مادەی ٤ی قانوونی بنەڕەتی، هەموو یاسا و ڕێساکان وەکوو یاسا مەدەنییەکان، سزادان، دارایی، ئابووری، بەڕێوەبەری، کولتووری، نیزامی و سیاسی دەبێ لەسەر بنەمای پرەنسیپەکانی ئیسلام دابندرێن. ئەو پرەنسیپانە لەسەر پرەنسیپە گشتییەکان و هەموو یاسا و ڕێساکانی دیکەش جێبەجێ دەکرێن. ئەرکی شوڕای نیگابان، ناسین و دیاریکردنی پرەنسیپە ئیسلامییەکانە لەنێو یاسا و ڕێساکاندا.

**تەفسیر و لێکدانەوەی قانوونی بنەڕەتی/** شوڕای نیگابان بە مانا کردنەوە و تەفسیری مادەکانی قانوونی بنەڕەتی، یاساکان دەخاتە نێو چوارچێوەیەکەوە. واتە یاساکان دەبێ بەپێی ئەو چوارچێوەیە دابندرێن کە شوڕای نیگابان دیاریی کردوە. هەروەها، ئەندامانی شوڕای نیگابان لە هەمان کاتدا ئەندامی شوڕای پێداچوونەوەی قانوونی بنەڕەتیشن.

**کۆنترۆڵکردنی هەڵبژاردنەکان/** چاودێری، کۆنترۆڵ، پەسندکردن و هەروەها لابردنی بەربژێرەکان و هەموو قوناغەکانی دیکەی پرۆسەکانی هەڵبژاردن لەژێر دەسەڵاتی شوڕای نیگاباندایە.

هیچ بەربژێرێک بەبێ ڕەزامەندیی شوڕای نیگابان ناتوانێ بچێتە مەجلیس یان ناتوانێ ببێتە سەرکۆمار، تەنانەت بەربژێرەکانی مەجلیسی خیبرەگانی ڕێبەریش دەبێ شوڕای نیگابان پەسندیان بکا. هەروەها، هیچ یاسایەکی مەجلیسیش بەبێ ڕەزامەندیی شوڕای نیگابان پەسند ناکرێ و ناخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە. شوڕای نیگابان بە قورگی دیمۆکراسی لە ئێران دادەنرێ کە لەنێو دەستەکانی ڕێبەردایە. بەرگری لە بنەماکانی ئیسلام و قانوونی بنەڕەتی، لە ئەرکە گرینگەکانی ئەو دامەزراوەیەن.

**شووڕای بەرزی ئەمنییەتی نەتەوەیی/** ئەو ئۆرگانە لە ساڵی ١٣٦٨دا بە مەبەستی بەرگری لە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان‌و پاراستنی شۆڕشی ئیسلامی، یەکپارچەیی خاکی ئێران و سەروەریی نەتەوەیی ئێران لە چوارچێوەی ئەو سیاسەتە گشتییانەی لەلایەن وەلی فەقیهەوە دادەڕێژرێن، دامەزراوە. پێناسەکردنی سیاسەتە ئەمنیەتییەکان، ئامادەکاری لە بەرامبەر هەڕەشە نێوخۆیی و دەرەکییەکان و پێناسەکردن و دیاریکردنی هێڵە سەرەکییەکانی سیاسەتی ئەتۆمی، سێ لە ئەرکە گرینگەکانی شوڕای باڵای ئەمنیەتی نەتەوەیین. بە پێی مادەی ١٧٦ی قانوونی بنەڕەتی، سەرۆکی شوڕا لەلایەن سەرکۆمارەوە دەستنیشان دەکرێ، بەڵام جێگری سەرۆک و ئەندامانی دیکە، لەلایەن ڕێبەرەوە دەستنیشان دەکرێن. ڕاگەیەندراو و بڕیار و بەیاننامەکانی شوڕا، تەنیا دوای ڕەزامەندی و پەسندکردنیان لەلایەن ڕێبەرەوە بایەخیان هەیە.

**ناوەندی سەرەکیی هێزە چەکدارەکان/** ناوەندی سەرەکیی هێزە چەکدارەکان ناوەندی هاوکاریی هەموو هێزە چەکدارەکانە. بەپێی قانوونی بنەڕەتی، ڕێبەر فەرماندەی گشتیی هەموو هێزە چەکدارەکانە. گۆڕینی بەرپرس و فەرماندە نیزامییەکان و هەروەها هەر چەشنە گۆڕانکارییەک لە ئاستەکانی سەرەوەی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی، لە لایەن ڕێبەرەوە ئەنجام دەدرێ.

**دەنگوڕەنگی کۆماری ئیسلامیی ئێران/** ئەم ڕایەڵە میدیاییە دەستی بە سەر تەواوی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنە دەوڵەتییەکانی ئێراندا گرتوە. ئەو دامەزراوە میدیاییە کە دەیان کاناڵی نێوخۆیی و دەرەکیی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنی لەخۆ گرتوە، ئەرکی پروپاگەندای بۆ کۆماری ئیسلامی لە ئەستۆیە و ناوەندی سەرەکیی بانگەشە بۆ ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیهە. بەپێی مادەی ١٧٥ی قانوونی بنەڕەتیی ئێران، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی تەنیا کەسێکە کە سەرۆکی ئەو دامەزراوەیە دەستنیشان دەکا، یان لە سەر کاری لا دەبا.

دامەزراوەکانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی ڕێبەر/ کۆمەڵێکی زۆر دامەزراوەی ناحکوومی لە ئێران هەن کە دوای ساڵی ١٣٥٨ دروست کراون و ڕاستەوخۆ لەژێر کۆنترۆڵی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی دان، یان ناڕاستەوخۆ گرێدراوی ئەون؛ وەکوو دامەزراوە بەناو خێرخوازییەکان، دامەزراوە ئایینیەکان، دامەزراوە کولتوورییەکان، میدیا و ڕاگەیاندن، زانکۆ و دامەزراوە پەروەردەییەکان و هەروەها نوێنەرایەتیی ڕێبەر لە شار و شارۆچکەکان (ئیمام و پێشنوێژەکانی هەینی لە شار و شارۆچکەکان کە دەسەڵاتیان لە بەرپرسانی حکوومەتی وەکوو پارێزگار و فەرماندار زیاترە). دامەزراوە ناحکوومییەکانی گرێدراوی ڕێبەر، کە لەژێر ناو و ئەرکی جیاوازەوە خەریکی کاری سیاسی و بازرگانین و سەرچاوەیەکی سەرەکیی داهاتن، لە هەر جۆرە ماڵیاتدان بە حکوومەت بەخشراون یان خۆ دەدزنەوە.

بەیتی ڕێبەری: تێکهەڵکێشێکە لە ماڵی مەزهەبی و بۆرۆکراسیی مۆدێرن. دامەزراوەیەکی سیاسییە کە کۆمەڵێکی زۆر ڕاوێژکاری لە بوارە جیاوازەکاندا لەخۆ گرتوە. ناوەندی بەڕێوەبردنی هەموو ئۆرگانە دەوڵەتییەکان، نیزامییەکان، دامەزراوە بەهرەدەر و بەهرەنەدەرەکان و هەروەها دامەزراوەی دیکەی گرێدراوی ڕێبەرە. لە سەردەمی خومەینیدا، تەنیا ماڵێکی ئاسایی و مەزهەبی بوو، بەڵام دوای مردنی خومەینی لە ساڵی ١٣٦٨دا، لە لایەن خامەنەییەوە بە دامەزراوەیی کرا. بەیتی ڕێبەری، ئێستا دامەزراوەیەکی زۆر گرنگە کە تەواوەتی سیستەمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەڕێوە دەبا. لەو دامەزراوەیەدا، تەواوی دامودەزگاکانی کۆماری ئیسلامی کۆ کراونەتەوە و لە لایەن وەلی فەقیهەوە ئاراستە دەکرێن. هەروەها بەیتی ڕێبەری لەنێو تەواوی دامودەزگاکاندا، لە وەزارەخانەکانەوە تا خوێندنگاکان، تەنانەت لە دەرەوەی وڵاتیش نوێنەری هەیە. هیچ جۆرە مادەیەکی قانوونی و یاسا و ڕێسای تایبەت بە سیستەمی ئیداری و دارایی بەیتی ڕێبەری بوونی نییە.

***

بنووس:
**١) مادەکانی ١١٠، ١١١، ١١٢و ١٧٧ی دەستووری کۆماری ئیسلامی**

# لە جۆرج فلۆیدەکانی «هەریروود» چ باس؟



هەردی سەلیمی

کوژرانی بێبەزەییانەی "جۆرج فلۆید" سەرچاوەگرتوو لە مێژوویەکی پڕاوپڕ لە ڕق و قین و هەڵاواردنە؛ ئەوەی ئەو سپییە بە دژی ئەو ڕەشە کردی کارەساتێکی گەورەی مرۆییە و تەنیا و کۆتا کارەساتیش نییە بە دڵنیاییەوە. لێرەدا کولتوورێک، کۆمەڵگەیەک، ڕەگەزێک قوربانی و لە بەرامبەریشدا کولتوور و کۆمەڵگە و ڕەگەز و مرۆڤگەلێکیش بکوژن. ئەم ئاکارە دژەمرۆییانە هیچ پاساوێک هەڵناگرن. لە هەر جێگایەک لەم دنیایە ستەملێکراوێک زوڵمی زاڵمی چێشت؛ ئێمە دەبێ دەنگی دڵی ناڕازیمان دەرببڕین لە هەمبەریدا.

بێزبزوێنترین بەشی ئەم ڕووداوە تاڵە، شەپۆلسوارییی هەندێک مرۆڤی درۆزن و بێئەخلاقە لەم بارەوە. کەسانی فاشیست و خوێنمژ بە ئاسانی هەناسەی "جۆرج فلۆید" هەڵدەمژن و ئەمڕۆشیان بە ئەمنیەتەوە بەرەو سبەینێ بەڕێ دەکەن لەژێر سێبەری ئەمنی ئەم ڕووداوە دڵتەزێنەدا. تاڵترین تەنزەکانی مێژوو ئەوەیە کە خامنەیی و ئەردۆغان دڵیان بۆ ڕەشەکانی ئەمریکا بە سوێیە! لێرەدایە دیسان هەناسە و خوێنی مرۆڤەکان دەبێتە دەسرەی سەرچۆپییەک و بە دەم بای ئیدئۆلۆژی و سیاسەتی بۆگەنیوی سیاسەتوانانەوە هەڵدەسووڕێ.

لە سیستمی ئەو دوو وڵاتەی کە لەژێر بەرنامە و سیاسەتەکانی ئەم دوو جەنابەدا بەڕێوە دەچێ، هیچ هەواڵنێرییەک فریا ناکەوێ ڕووماڵی هەواڵی هەڵاواردنە جۆراوجۆرەکانیان بکا. بە ڕاگرتنی ئەو زەختەی کە بە حەق لەسەر سیستمی پۆلیسی ئەمریکا و لێدوانە ڕەگەزپەرستییەکانی ترامپە، ئێمە نابێ ئەوەمان لە بیر بچێتەوە کە لە سایەی دێموکراسی و ئازادیی ئەم وڵاتەدایە کە ناڕەزایەتییەکان دەردەبڕدرێ و ڕاگەیاندنەکان بە ئازادییەوە ڕووماڵی دەکەن و ئێمەش لەم سەری دنیاوە دەکەنە شایەدی ڕووداوەکان –بۆ خودی ئەم دەسکەوتە گەورەیەش خەڵکانێکی زۆر گیانبازییان لە خۆیان نواندوە–؛ ئەو ڕاگەیاندنە ئازادەی کە لە ناوچە و وڵاتی ئێمەدا دەرمانی چاوە.

لە ئێرانی کۆماری ئیسلامییدا بێجگە لە پێشێلکرانی مافی نەتەوەکانی نێو ئەم جوغرافیایە، پەنابەرانی ئەفغانییش لە بارودۆخێکی ئەوپەڕی زەخت و فشار و هەڵاواردن و سووکایەتی پێکردندا دەژین. لە ئێرانی خاوەنی نزیک بە سێ هەزار ساڵ شارستانییەت و ئیسلامی نابی محەممەدی، ئەم نەتەوەیە سەمبولی پیس و چەپەڵی، دەسدرێژکەری، دز و گوماناوی، بێمافی، نامرۆڤی و دڕندەیین و وەک زۆربەی گەلانی تری ئەم وڵاتە ئەفغانییەکانیش وێنەی بەردەستی زۆرێک لە جۆکەکانی فارسەکان و مایەی بزەی لێوی شەکرشکێنی ئەوانن.

لەگەڵ داگیرکاریی یەکیەتیی سۆڤیەت، ئەفغانییە هەڵاتووەکان لە شەڕی چەپ و ڕاست بە هەزار هیوا و ئومێدەوە پەنایان بردە بەر وڵاتی دراوسێ و هاوزمان و هاوئایینیان، بەڵام زوو چاوی ڕەشیان کاڵ بۆوە و ئەگەر شەڕ و ماڵوێرانییەکان بەردەوام نەدەبوون؛ لەبەر میوانداریی دڵاوەڵانەی ئێرانییەکان و حکوومەتی عەدڵی عەلی! بێگومان ئەوانەی لە ئێران دەمانەوە ژمارەیان بە سەد قات لەوەی کە ئێستا هەیە کەمتر دەبوو.

هەر لە سەرەتاوە و هەتا ئێستاش بەشێکی هەرە زۆریان سەرەڕای چل ساڵ ژیان لەو وڵاتە و هەوڵی چالاکانی مەدەنی و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان، خاوەنی ناسنامەی ئێرانی نین، منالانانیان لە چوونە قوتابخانە بێبەشن، زۆربەیان بە قاچاخی لەوێن و بۆ نانی زگی کرێکاری دەکەن و کاتی پێدانی مووچە هەڕەشەی پۆلیسیان لێ دەکرێ و لەو پووڵ و مافەش، خۆش دەبن هەر وەک لە ژیانیان گوزەراون.

کوژران و دەستدرێژیکردنە سەر ستایشی ٦ ساڵ تەمەن و ئەشکەنجە و کوژران و خنکاندنی ژمارەیەک لە پەنابەرانی ئەفغانی لە ڕووباری "هەریروود" لەم دواییانەدا و ... لە نێوان بێدەنگیی سینگدڕاوانی جۆرج فلۆیددا؛ دەبێ زیاتر لە هەموو کاتێک وەبیرمان بێنێتەوە فاشیزم لە دەماری گەردن نزیکترە.

کوردستان
● ژمارە: ٧٧٥
١٥ی جۆزەردانی ١٣٩٩ _ ٤ی ژوئەن ٢٠٢٠

# کاڵایەک بە ناو ژن

## (لە پەراوێزی کوژرانی ڕۆمینا ئەشرەفی)





شەونم هەمزەیی

**پێشەکی:**

ڕووداوی دڵتەزێنی کوژرانی "ڕۆمینا ئەشرەفی" بە دەستی باوکی لە پارێزگای گیلان لەم ڕۆژانەدا، بۆ جارێکی تر پرسی توندوتیژی دژی ژنانی بە ڕۆژەڤ کردەوە و لەملا و ئەولا بە تایبەت سۆشیال میدیادا باسی زۆری لێ کەوتەوە؛ هەر بەم بۆنەیەوە لەم نووسراوەدا بەکورتی بابەتگەلی هەڵاواردنی ڕەگەزی، قەتڵی ناموسی یا کوشتن لەبەر شەرەف و، ڕۆڵی حکوومەت و ڕێکخراوە مەدەنییەکان و بانگەشەکەرانی یەکسانیی ژن و پیاو لەم پێوەندییەدا؛ دێنە بەر باس.

هەر وەک هەموومان ئاگادارین، پێگەی ژنان لە کۆمەڵگە جیاوازە مرۆییەکاندا بە گشتی خوارتر و کەمتر لە پێگەی پیاوانە و هەڵاواردنی ڕەگەزی لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بۆ ژنان و پارێزەرانی مافی ئەم ڕەگەزە بابەتێکی جێی نیگەرانییە. بەڵام هەر ئەم هەڵاواردنانەش ڕێژەییە و لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە، بۆ نموونە لە توێژینەوەی "کۆڕی جیهانیی ئابووری"یدا کە لەسەر بنەمای چوار فاکتەری تەندروستی، پەروەردە، ئابووری و سیاسەت، ڕۆڵ و پێگەی ژنان و کەلێن و مەودای ژن و پیاو هەڵدەسەنگێنێ؛ ئێران لە نێوان ١٤٤ وڵاتدا لە ڕیزی ژێرەوە و لە پلەی ١٣٩دایە.

لەم فاکتەرانەی کە باس کران دەکرێ بڵێین بەشی پەروەردەکەی وەک پێویستییەکی گرینگ کە پێوەندیدار بە ئاستی ئاگایی ژنانەوەیە دەکرێ ئاوڕی لێ بدرێتەوە؛ دوو فاکتەری ئابووری و سیاسییش کە سەرەکیترین و گرینگترین نیشانەی هێز و دەسەڵاتن، لە بەرچاو گیراون. ئێمە هەر وەک دەزانین لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییدا، ژنان لە خراپترین دۆخی کۆمەڵایەتییدا بەسەر دەبەن. کۆمەڵێک لەمپەر لە بەردەمیاندایە کە ڕێگە نادا وەکوو پیاوان پلەکانی پێشکەوتن و سەرکەوتن بە تایبەت لە بەستێنە ئابووری و سیاسییەکاندا بپێون و بەرەو سەر هەڵکشێن. هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی وەک ڕەگەزی لاواز و چاو لە دەست و دەم سەیر بکرێن.

**هەڵاواردنی ڕەگەزی:**

بۆ زیاتر نواندنی ئەم هەڵاواردنە سیستماکە –چونکە ئاگامەندانە بەڕێوە دەچێ– هەر قەناعەت دێنین بە ئاماژەدان بە بەشێکی بەرچاو لە پێشێلکردنی مافی ژنان لە چاو پیاوان لە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامییدا، کە یاسایەکی پێش‌مۆدێرنە و لەگەڵ سەرەکیترین بنەماکانی مافە مرۆییەکان وەک ئەسڵی بەرامبەری و یەکسانیی مرۆڤەکان لە دژایەتییدایە.

مافە سزاییەکان کە بریتین لە: تەمەنی بەرپرسایەتیی سزایی (بۆ کچان/ژنان ٩ ساڵ)، دییە (نیوەی پیاوان)، پێگەی شایەدیی ژنان (لێرەشدا نیوەی پیاوانە)، حیجابی زۆرەملی (کە بۆ ژنان هەموو لەش بێجگە لە دەموچاو و دەست و پێ دەگرێتەوە و بەڕێوەنەبردنی سزای ٧٤ قامچیی لەسەرە) و ...

مافە خێزانییەکان: پێکهێنانی ژیانی هاوبەش (بۆ کچان لە ٩ ساڵی کۆچی مانگی کە بەرامبەرە لەگەڵ ٨ ساڵ و ٩ مانگی هەتاوی، دەست پێ دەکا)، ئازادی لە بڕیاری پێکهێنانی ژیانی هاوبەش (بەندە بە ڕەزایەتی باوک و سەرپەرستەوە)، فرە ژنی، واجب بوونی فەرمانەکانی پیاو لەسەر ژن (لە بەرامبەر پێدانی مارەیی و دابینکردنی نەفەقەدا)، مافی چوونە دەرەوە لە وڵات (بەبێ ڕەزایەتی پیاو ناکرێ)، مافی کارکردن (هەر بەندە بە ویستی پیاوەوە)، مافی جیابوونەوە (لە چەند حاڵەتێکی تایبەتدا نەبێ ئەم مافە لەدەست پیاودایە)، مافی سەرپەرستیی منداڵ (سەرپەرستیی منداڵ لە ئەگەری جیا بوونەوەی ژن و مێرد دەدرێ بە پیاو)، میرات (نیوەی پیاوان دانراوە). بێجگە لەمانەی کە باس کرا هەندێک لە مافە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان هەیە کە تەنیا لە پاوانی پیاوان‌دایە و ژنان بۆیان نییە لەو بەشانەدا هیچ چالاکییەکیان هەبێ، وەک سەرۆککۆماری و قازیەتی و ...

دەسەڵات بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ژنان دەچەوسێنێتەوە و هۆکارە کولتووری و سوننەتییەکان تەنیا یەکێکن لە هۆکارەکان، ئێمە نابێ ئەم ڕاستییەمان لێ ون بێ کە دەسەڵاتە ئاپارتایدییەکان تەنیا لە پێوەندی لەگەڵ ڕەنگی پێست و جیاوازیی زمان و زاراوە، سیاسەتەکانیان بەڕێوە نابەن، بەڵکوو لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێشدا بۆ بەردەوامی لە سەرکوت و مانەوەی دەسەڵاتەکەیان بەکاری دەهێنن. کۆمەڵگەیەک کە ڕاستەوخۆ (بە بۆنەی گرتنە بەری ئەم سیاسەتانە لە لایەن حاکمیەتەوە) نیوە یان زۆرتریش لە جەماوەرەکەی لە بازنەی دەسەڵات و گەمە سیاسییەکان دوور دەخرێنەوە و، دەبنە کەسانێکی گوێ‌لەمشت و دواتریش کەسانێکی وەک خۆیان پەروەردە دەکەن. بۆیە بەم پێیە دەکرێ بە دڵنیاییەوە بڵێین ئەم سیاسەتانە زۆر بە ئاگاییەوە بەڕێوە دەچن.

**لە قانوونی سزادانی ئیسلامیی ئێراندا بەڕوونی ڕێگە بە پیاو دراوە ئەنگی ناموسی لە ژنەکەی بدا و لە ئەگەری کوشتنی ژنەکەیدا لێپرسینەوەی لێ نەکرێ و سزا نەدرێ و وەک بەرزەکی بانان بۆی دەربچێ (مادەی ٦٣٠ی قانوونی سزادانی ئیسلامی). یان ئەگەر لە تاوانێکی کوشتندا بێتوو کەس شکایەتی نەبێ _لە حاڵەتەکانی کوشتنی خێزانیدا_ کەسی لەسەر ناکوژرێتەوە (مادەی ٦١٢ی سزادانی ئیسلامی). هەروەها لە مادەکانی ٢٢٠، ٣٠١ و ٣٠٩ی سزادانی ئیسلامییدا هاتوە کە باوک و جەدی باوکی سەبارەت بە کوشتنی منداڵەکەیان تۆڵەیان (قصاص) لێ ناکرێتەوە.**

بەم شێوەیە وەک دەبینین و لە سەرتریشەوە گوترا، ژنان لە کۆمەڵگەی ئێراندا سیستماتیک دەچەوسێندرێنەوە و وەک کالایەک لە ئیختیاری چێژ و حەسانەوەی پیاوان‌دان و، بەتەواوی یاسا لە پشت پیاو و لە دژایەتی لەگەڵ ژن‌دایە. ئەم هەڵاواردنانە بووەتە هۆی ئەوەی کەلێنێکی زیاتر بکەوێتە نێوانیان و بەسەر ڕەگەزی بەهێز و لاوازدا دابەش بکرێن؛ هەر ئەمەش خۆی بە پێی یاسای سروشت دەبێتە هۆی ئەوەی ڕەگەزی بەهێزتر ببێتە خاوەنی ڕەگەزی لاواز. ئەم خاوەندارییەتە هەندێک ئاکار بەدوای خۆیدا دێنێ کە یەک لەوانە قەتڵی ناموسییە و پیاو کە خۆی بە خاوەنی ژن دەزانێ، لێستاندنەوەی گیانیشی لە ئێختیاری خۆیدا دەبینێ؛ کە سەلمێنەری هێزی زۆرتری لایەنی باڵادەستە، بەداخەوە دوایین وێستگەش بە ئەژمار دێ.

**هەر مرۆڤێک کە خاوەنی دوو یا کۆمەڵێک شت بێ، بێتوو یەک لەمانە لە دژایەتی لەگەڵ یەکێک لەوانەی تردا بێ، گرینگەکەیان ڕادەگرێ و ئەوەی پێی‌وایە کەمتر گرینگە فیدای ئەوەی دیکە دەکا. هەر بەم پێیە پیاوێکی "خاوەن شەرەف و ئابڕوو" کە ئەم تایبەتمەندییانەی خۆی بە دنیا ناگۆڕێتەوە ئەگەر ژن یا منداڵەکەی (زۆر جاریش خوشکەزا و برازا و ئامۆزا و ...) کە ئەرکی پاراستنی ئەم تایبەتمەندییانەی نێرەکانی دەوروبەری لە ئەستۆیە، نەپارێزێ و لەو نۆرمانەی کە کۆمەڵگە و بنەماڵە و دەسەڵات بۆی داناوە، پێی خوارتر دابنێ و بکەوێتە بەرەی بەرامبەری "ئابڕوو" و "شەرەف"ـەکەوە، بێ‌گومان دەسڕدرێتەوە.**

**قەتڵی ناموسی یا کوشتن لە پێناو شەرەفدا:**

لەوێڕا کە پیاو هەستی خاوەندارییەتیی بە نیسبەت ژنەوە هەیە، ئەم هەستەشی تێدا دروست دەبێ کە دەتوانێ ئەم ماڵ و دارایی و کاڵایەی خۆی بە هەر شێوەیەک کە پێی خۆش بێ یان بۆی بلوێ لە نێو ببا و یان هەر کارێکی تری لەگەڵ بکا و؛ کەسێکیش بۆی نەبێ لێی بپرسێتەوە. بێجگە لەوەش هەر مرۆڤێک کە خاوەنی دوو یا کۆمەڵێک شت بێ، بێتوو یەک لەمانە لە دژایەتی لەگەڵ یەکێک لەوانەی تردا بێ، گرینگەکەیان ڕادەگرێ و ئەوەی پێی‌وایە کەمتر گرینگە فیدای ئەوەی دیکە دەکا. هەر بەم پێیە پیاوێکی "خاوەن شەرەف و ئابڕوو" کە ئەم تایبەتمەندییانەی خۆی بە دنیا ناگۆڕێتەوە ئەگەر ژن یا منداڵەکەی (زۆر جاریش خوشکەزا و برازا و ئامۆزا و ...) کە ئەرکی پاراستنی ئەم تایبەتمەندییانەی نێرەکانی دەوروبەری لە ئەستۆیە، نەپارێزێ و لەو نۆرمانەی کە کۆمەڵگە و بنەماڵە و دەسەڵات بۆی داناوە، پێی خوارتر دابنێ و بکەوێتە بەرەی بەرامبەری "ئابڕوو" و "شەرەف"ـەکەوە، بێ‌گومان دەسڕدرێتەوە. ئەوەی کە بۆچی ژنێک و ئاکارە دڵخوازەکانی وەک مرۆڤێکی ئازاد، لە بەرەی بەرامبەری پیاوانی پاوانخوازی دەوروبەری‌دایە؛ جێگەی باسە و دەتوانێ هەڵگری زۆر بابەتی تێروتەسەل بێ.

دەکرێ لێرەدا ئاماژە بە دیارترین هۆکارە هاندەرەکانی ڕووداونی ئەم کارەساتە بکەین کە بریتین لە: –هەر وەک پێشتریش ئاماژەی پێ‌کرا– هەڵاواردن و نایەکسانیی ڕەگەزی، قەبوولی بڕواگەلی پیاوسالارانە و پێبەندی بە باوەڕە سوننەتی و عێلایەتییەکان، ئاستی کەمی ئاگایی لەسەر مافەکانی ژنان و ... بەڵام لێرەدا نابێ ئەوەش لە بیر بکرێ کە ئێمە باس لە ئێران دەکەین و دەبێ ئەو ڕاستییەش لە بەرچاو بگرین، کە کۆماری ئیسلامی بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە پشت ئەم توندوتیژییانەوەیە و کەمترین سزای بۆ بکوژان و بکەرانی ئەم جۆرە لە قەتڵانە لە بەرچاو گرتوە.

لە قانوونی سزادانی ئیسلامیی ئێراندا بەڕوونی ڕێگە بە پیاو دراوە ئەنگی ناموسی لە ژنەکەی بدا و لە ئەگەری کوشتنی ژنەکەیدا لێپرسینەوەی لێ نەکرێ و سزا نەدرێ و وەک بەرزەکی بانان بۆی دەربچێ (مادەی ٦٣٠ی قانوونی سزادانی ئیسلامی). یان ئەگەر لە تاوانێکی کوشتندا بێتوو کەس شکایەتی نەبێ _لە حاڵەتەکانی کوشتنی خێزانیدا_ کەسی لەسەر ناکوژرێتەوە (مادەی ٦١٢ی سزادانی ئیسلامی). هەروەها لە مادەکانی ٢٢٠، ٣٠١ و ٣٠٩ی سزادانی ئیسلامییدا هاتوە کە باوک و جەدی باوکی سەبارەت بە کوشتنی منداڵەکەیان تۆڵەیان (قصاص) لێ ناکرێتەوە.

بەردەوام لە دەنگوڕەنگ و ڕاگەیاندنەکانیدا بانگەشەی ئامراز بوونی ژنان دەکا و، ژنێکی باش لە ڕوانگەی ئەم ڕێژیمەوە ژنێکی ماڵدار و قانع و بەڵێ بان‌چاوبێژە و بۆی نییە لەم چوارچێوەیەش لا بدا دەنا دەبێتە بژاڵ و شیاوی بژارکردنە.

هەر لەم پێوەندییەدا بانگەشەکەران و داکۆکیکەرانی کۆماری ئیسلامی لە پۆلیس و قازی و ... هتدەوە لە جیات بە کار بردنی دەستەواژەی "موزاحیمەت بۆ ژنان"، لە "موزاحیمەت بۆ ناموسی خەڵک"! کەلک وەردەگرن. کە ئەمەش هەر دەگەڕێتەوە بۆ باسی خاوەندارییەتی کردن لە ژنان لە لایەن پیاوانەوە و، زۆریش زیرەکانە بە کار دەبرێ. حکوومەت کە لە پێشدا باس کرا لە ڕێگەی چەوساندنەوەی ژنانەوە سیاسەتی خۆی بەڕێوە دەبا، لێرەشدا خۆی بە بەرپرسی لادانە کۆمەڵایەتییەکان نازانێ و خەڵک هان دەدا بۆ خۆیان شەڕی شتومەکەکانیان بکەن کە ژنەکانیشیان یەک لەم شتومەکانەیە. هەر بۆیە ڕێگەی دەربازبوونی یاسایی بۆ ئەو بکوژانە داناوە و هیچ کامێکیان بەرەوڕووی قەساس نابنەوە چونکە بۆ خۆیان خاوەن خوێنەکەن و، هەر ئەم سزا نەدانە یا سزای سووک دانەش خۆی دەتوانێ یەکێک لە بزوێنەرەکان بێ بۆ کەسی بکوژ کە بەبێ دوودڵی بیکا و پاشگەز نەبێتەوە. لەم جۆرە ڕوانینە زاڵەدا پیاو نەک پشتیوان و لایەنگری ژن بەڵکوو خاوەن و کۆنترۆڵچییەتی.

هەر وەک لە قسەکانی دایکی ڕۆمینا دەرکەوت، باوکی چەند جار پێشنیاری خۆکوشتنی پێ کردبوو بۆ ئەوەی بۆ خۆی ناچار بە کوشتنی کچەکەی نەبێ؛ واتە "ڕۆمینا" و "ڕۆمیناکان" لە دادگای بنەماڵە و کۆمەڵگەی پیاوسالار و دەسەڵاتیشدا – لە دوای گیرانی ئیدارەی پۆلیسی ئاگادار کردبۆوە لە ئەگەری ڕادەستکردنەوەی بە باوکی، کۆتایی بە ژیانی دێ– مەحکووم بە مەرگن، بەڵام ڕەنگە هەندێک کات بتوانن خۆیان شێوازی مەرگەکەیان هەڵبژێرن و ئەم ئازادییەیان لێ زەوت نەکراوە! ئەڵبەت نەک بۆ هەموویان. بۆیە لێرەدا پێویستە باس لەو هەمووە خۆکوشتنانە بکرێ کە زۆربەشیان ژنانن و تەنیا بە ڕستەیەکی "کێشەی بنەماڵەیی" دۆسییەکەیان دادەخرێ. ژنان "ناموس"ـن و نابێ ئەم خاڵە گرینگەیان لە بیر بچێ، بۆ ئەوەی "کێشەی بنەماڵەیی" دروست نەبێ و ناچار نەبن، خۆیان بە خۆکوژی بگەیەنن!

**کۆتایی:**


لە کاتێکدا کە گەڵاڵەی دابینکردنی ئەمنیەتی ژنان لە بەرامبەر توندوتیژییدا، ماوەی دە ساڵە لە نێوان پارلمان و هێزی دادوەرییدا ئەمبەر و ئەوبەری پێ دەکرێ و تۆزی لەسەر دەنیشێ _ کە هەڵبەت لەو لایحەیەشدا باسێک لە کوشتن لەسەر ناموس نەکراوە و ڕوونە کە قانووندانەر هیچ گرینگییەکی بەو بابەتە نەداوە_ و، بێجگە لەوەش بە پێی ئەو فاکتانەی کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێ درا کۆماری ئیسلامی، ڕێژیمێکی دژەژنە و لەسەر ئەم یاسا چەوتانەی خۆی پێداگرە، هەر بۆیە پێویستە ڕێکخراوە مەدەنییەکان، حیزبە سیاسییەکان و کەسانی یەکسانیخواز بکەونە خۆ و، بە ئاگایی بەخشین بە کۆمەڵگە، بە دژایەتی کردن لەگەڵ توندوتیژی دژبە ژنان، بە بەرهەڵست بوونەوە و ... ڕێژەی ئەم کردارە قیزەونە کەم و کەمتر بکەنەوە.

خاڵێکی گرینگی دیکە کە پێویستە لەم پێوەندییەدا ئاماژەی پێ بکرێ ئەوەیە کە، پێویستە کولتووری توندوتیژی بە توندی مەحکووم بکرێ. کۆمەڵگەی تووڕە ئاکاری توندوتیژانە لە خۆی نیشان دەدا، پێویستە لەسەر تاک بە تاکی ئێمە لە پێشدا لە خۆمانەوە دەست پێ بکەین و کولتووری خۆمان لە توندوتیژی بسڕینەوە، بۆ پێشگرتن بەوەی کە وردە وردە ئەگەری ئەوەی هەیە ئاسایی ببێتەوە و لەگەڵ هەواڵێک هیچ جیاوازییەکی نەمێنێ.

## دیرۆکی خۆڕاگری

(لە دیکۆمێنتەکانی ئەنجوومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان)

# لەژێر پەتی ئێعدامەوە بۆ پێشمەرگایەتی


ئەحەدڕەزا بابایی

ناوم ئەحەدڕەزا بابایی‌یە، کوڕی باباعەلی لە ڕێکەوتی ١٣٤٩/٣/١٠ لە گوندی کانی‌کەو سەر بە شاری هەرسین لە پارێزگای کرماشان لەدایک بووم.

لە ڕێکەوتی ١٣٦٧/١/٢١ لە لایەن کومیتەی ئینقلابی شارستانی کەرەجەوە بە هۆی پێبوونی دەمانچە دەسبەسەر کرام و، ڕادەستی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەم شارە کرام. دوای دەسبەسەرکرانم ناوەندە ئەمنیەتییەکان هەندێکیان مادەی هۆشبەر خستبوە ماڵەکەم و ئەوەش هاتە سەر تاوانی پێبوونی دەمانچەکە؛ ئەوەی لە پەروەندەی مندا هاتبوو شتێک بوو کە بۆخۆشم ئاگاداری نەبووم.

بەم شێوەیە ٦ مانگ لە زیندانی ئەوین لەژێر لێپرسینەوە و ئەشکەنجە بە مەبەستی دانپێدانانادا بووم، جەختی ئەوان لە پێوەندی لەگەڵ دەمانچەکەدا بوو. پاشان دۆسییەکەم نێردرایە دادگای ئینقلابی کەرەج، لەوێ حوکمی ئێعدامم بەسەردا سەپا و ڕاگوێزرام بۆ بەندیخانەی ڕەجایی شار لە کەرەج.

لەم ماوەیەدا بۆ خۆ دەربازکردن لە حوکمی ئێعدام خۆم لە شێتی دا، لە دوای پشکنین لە لایەن دوکتوری زیندان بە ناوی "محەممەد حوسێن قاسمی" کە فەرماندەی سپای کەرەجیش بوو، وەک کەسێک کە تووشی نەخۆشیی سەختی دەروونییە ناوم تۆمار کرا. سەرەڕای ئەوەش لە دوای دوو ساڵ لە ڕێکەوتی ٦٩/١/٢٩ بۆ جێبەجێکرانی حوکمەکەم ڕەوانەی زیندانی قەزەلحەسار کرام. لە تاکەکەسییەکانی زیندان ٣٠ کەس چاوەڕوانی ئێعدام بوون کە لەو نێوەدا ٢٧ـیان کورد بوون.

لەو ساڵانەدا کە من چاوەڕوانی جێبەجێ کردنی حوکمەکەم لە زیندانی ڕەجایی شار بووم. بۆ خۆم شایەدم لە ژماری ٤٨٥٠ زیندانی تەنیا من و دوو کەسی تر بە ناوەکانی عەلی گوودەرزی و ئەحمەد شەهنەوازی لە مەرگ ڕزگار بووین. زیندانییەکانیان دەبردە ساڵۆنی ئامفی‌تێئاتر و لەوێ بە پێدانی شیرکاکائۆ هەموویان دەرمانداو دەکردن و دواتر لەژێر ناوی نەخۆشیی بەکۆمەڵ بەردی بێ‌دەنگییان لەسەر دادەنا. بەشی دڵتەزێنی ڕووداوەکە ئەوە بوو کە تەرمی کوژراوەکانیان بە زیندانییەکانی دیکە دەگواستەوە و ئەمەش گەورەترین ئەشکەنجە بوو بۆ ئەو کەسانە.

لەو سەر و بەندەدا زیندانییەکان لە بار و دۆخێکی زۆر خراپ و ئەستەمدا بەسەریان دەبرد، پیوەندیی نێوانیان بە توندی کۆنترۆڵ دەکرا و تێ دەکۆشان ئەم پێوەندییانە بگەیەننە ئاستێکی زۆر کەم. زۆربەی زیندانییەکان لە ژووری تاکەکەسییدا بوون، لەوێ توالێتیشی لێ بوو، هەر بۆیە مەگەر لە کاتی حەمام کردن و جار جارە هەواخۆری توانیبایان یەکتر ببینن. ئەمەش بەو هۆیە بوو کە هەر کەسێک بە تەنیا خەمەکانی خۆی لە کۆڵ بنێ و هەواڵ و زانیارییەکان نەگوازرێتەوە. بەم حاڵەش هەر نەیاندەتوانی پێش بە دزەی هەواڵ و زانیارییەکان بگرن، من بۆ خۆم شایەدی ئەوە بووم کە زۆرینەی کچ و ژنە زیندانییەکان دەستدرێژیی سێکسییان دەکرایە سەر.

بە هۆی ڕاپۆرتی پزیشکی و بە یارمەتیی "حاجی مەحموود شیرازی"، سەرۆکی زیندان، حوکمەکەم هەڵپەسێردرا. لە دوای ئەوە بە تکاکاریی "حەسەن سلێمانی" سەرۆکپشکێنەری بەیتی ڕێبەریی ڕێژیم، لە دوای یازدە ساڵ، ئێعدامەکەم بە زیندانی هەتاهەتایی گۆڕدرا. لەم ماوەیەدا بۆ چەند جار ڕەوانەی نەخۆشخانە کرام و هێندرامەوە بۆ زیندان، فشار و ئەشکەنجەکان ئەوەندە زۆر بوو، هەوڵی خۆکوشتنم دا و لە لایەن کادری پزیشکیی زیندانەوە مەعدەم شۆردراوە و لە مەرگ ڕزگار بووم. لەم کاتەدا بە حوکمی پزیشکان و نامەی سووری، سەرۆکی گشتیی زیندانەکان نێردرامەوە بۆ لای بنەماڵەکەم.

ساڵی ٩١، بووم بە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نێوخۆی وڵات و لە ٩٢/٣/٢٣ لە لایەن ئیتلاعاتی ئیلامەوە دەسبەسەر و ڕادەستی ئیتلاعاتی کرماشان کرام. ئەو تۆمەتانەی درابوونە پاڵ من بریتی بوون لە بۆمب‌نانەوە، ئەندامگیری بۆ حدکا و، هاندانی پێڕەوانی ئایینی یارسان لە کرماشان، سەحنە و هەمەدان. بە هۆی ئەو بەڵگانەی لەسەرم هەبوون (وەک پێوەندیم لەگەڵ بنکەکانی حیزب لە باشووری کوردستان) ئەندامەتیی من لە حیزبدا حاشای لێ‌نەدەکرا، بەڵام ئەوانی دیکە هەموو بوختان بوو پێیان کردبووم.

بەبێ دادگایی کرانێکی فەرمی، پاش ٤٠ ڕۆژ ئەشکەنجە و لێدان ڕاستەوخۆ ڕەوانەی زیندانی دیزڵاوای کرماشان و مەحکووم بە ئێعدام کرام. زۆربەی ئەشکەنجە دانەکانم بە مەبەستی دانپێدانان لەسەر "مووسا باباخانی" و زانیاری وەرگرتن لە چالاکییەکانی ئەو بوو. ڕەوشەکانیان بۆ ئەشکەنجەدانی من بریتی بوون لە ئینفرادی –کە جارێک بۆ سێ مانگ لەوێ هێشتیانمەوە–، بایکۆت کردنم لە لایەن زیندانییەکانی دیکەوە و، لێدانی بە کۆمەڵ کە بۆ ماوەی ١٢ ڕۆژ کەوتمە کۆماوە.

لەو ماوەیەدا لەگەڵ زیندانییەکی سیاسیی سەقزی بە ناوی سمکۆ خورشیدی کە بە تۆمەتی کوشتنی ٥ کەس لە مۆرەکانی ئیتلاعات گیرابوو، بڕیار وابوو لەسێدارە بدرێین. سمکۆ لە ئاکامدا لە ساڵی ٩٣ ئێعدام کرا، بەڵام من بە هۆی نێوبژیوانی و تکای ڕێبەرانی یارسان وەک "ئاغا سەید نەسرەدین" و "سەید نیزام"، حوکمەکەم بۆ دە ساڵ داشکا.

لە ئاکامدا دوای ٦ ساڵ بە مەرج بەخشرام و دەبوو بۆ ماوەی ٥ ساڵ هەموو مانگێک سەردانی ئیتلاعات بکەم و هەر کات ویستیانم خۆمیان پێ بناسێنم. بێجگە لەوەش داوای هاوکارییان لێ‌دەکردم کە من هیچ کات نەچوومە ژێر باری ئەو داوایەیان.

لە دوای ئازادبوونم پێوەندیم بە تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، "سمایل شەرەفی" و "مووسا باباخانی"ـیەوە گرت و، هەتا ماوەیەک لە تاران خۆم شاردەوە. جارێکیش لە هەرسین گیرام کە بە هۆی خزم و دۆستانەوە توانیم دەرباز بم لە دەستیان. پاشان چوومە تاران و بە هاوکاریی ئەو دوو کەسە ئێرانم بەجێ هێشت و لە ١٩ی بەفرانباری ٩٨ـدا خۆم گەیاندە قەڵای دێموکرات لە کۆیەی باشووری کوردستان.

# ناسیۆنالیزمی ئێرانی، شۆڕشی مەشرووتە و سەرهەڵدانی گوتاری ڕەگەزپەرەستانە فارسی – شیعی

## (بەشی دووهەم و کۆتایی)

دیمانە: ڕەحمان سەلیمی

لە بەشی یەکەمی ئەم دیمانەیە (ژمارەی پێشوو)دا لەگەڵ د. ئەحمەد محەممەدپوور باسمان لەوە کرد کە ئەو بەستێنە فکرییانە چین کە ناسیۆنالیزمی ئێرانی لە سەر بنیات نراون؟ تیۆریزە کردنی ناسیۆنالیزمی ئێرانی چۆن و بە چ شێوەیەک بووە؟ مۆدێڕنیزم چۆن گەیشتە ئێران و گوتاری ڕەگەزپەرستانەی فارسی_شیعی چۆن سەری هەڵدا و هەتا ئێستا چ ڕەوتێکی پێوایەوە؟
دوکتور محەممەد پوور دوکتورای سۆسیۆلۆژی و هەروەها دوکتورای ئەنترۆپۆلۆژیی هەیە و میتۆدناس و توێژەرە لە بواری مێژووی هاوچەرخی ئێران و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا و ئێستا مامۆستایە لە زانکۆی "ماساچۆسێت"ی ئەمریکا.
لێرەدا بەشی دووهەم و کۆتایی ئەم دیمانەیە دەخوێنینەوە:

**پێم خۆشە زیاتر باس لە بازنەی بێرلین بکەین، باس لەو بنەما سەرەکییانە بکەین کە ڕووناکبیرانی بێرلین پشتیان پێ بەستبوو بۆ دروستکردنی ناسیۆنالیزمی ئێرانی، ئەو بنەمایانە چی بوون؟**

یەکەم بنەمای بازنەی بێرلین ئەوە بوو وەکوو ئەوەی تەقیزادە ڕستەیەکی مەشهووری هەیە دەڵێ: "ئێمە دەبێ ڕۆژئاوایی بین لە تۆقی سەرڕا تا نووکی پێ." عەینەن ئەو ڕستەیە بەکار دێنێ. دەڵێ ئێمە هەموو ئیمکاناتێکی ئورووپایی بوونمان هەیە بەڵام بەجێ ماوین، ئێستا دەبێ چاو لەوان بکەین بزانین بەچی مۆدێڕن بوون، ئێمەش ئەو کارەی بکەین. تەقیزادە لەو بەینەدا بەدوای هۆوییەتی میللیدا دەگەڕێ و ئەو هۆوییەتە سەرەڕای ئەوەی بۆخۆی ئازەری زمانیشە، لەسەر زمانی فارسی، فیردەوسی و مێژوو و ئەدەبیاتی ئێران دادەنێ. لە دەورەی دووەمی گۆڤاری "کاوە"ڕا واتە لە 1919 تا تەواوبوونی لە ١٩٢٢ زیاتر باسی ئەوە دەکرێ. یەکەم مەقالەی گۆڤاری کاوە لەو دەورەیەدا ئەو پرسیارە دەورووژێنێ کە بۆچی ئێمە دەبێ بەخڕی ببینە ئورووپایی؟

لە گۆڤاری کاوەدا کە دەستەیەکی نووسەرانی 14_15 کەسی هەیە و دوایەش هەر ئەوانەن لە ژوورنالەکانی دیکەدا دووبارە دەبنەوە، هەموویان بێ قەیدومەرج تەسلیمی فەرهەنگی ئورووپایین لە دروستکردنی هۆوییەتی واحید لەسەر بنەمای زمان و مێژووی ئێرانی باستان و تەقدیس‌کردنی دەورانی پێش لە ئیسلام. ئەوە خاڵی سەرەکیی بازنەی بێرلینە و لە گۆڤاری کاوەدا و لە هیچ جێگایەکی دیکەدا ئاماژە بە جۆراوجۆری و جیاوازیی کولتوورییەکان لە ئێراندا ناکرێ. ئێران وەک وڵاتی پاوانی فارس دەبینرێ. هیندێک لەو بیرمەندانە وەک خودی تەقیزادە کە بۆخۆی ئازەرییە و بۆیە ئەوە دووبارە دەکەمەوە کە ئەوانە ئازەرین، چونکە ئەوانە کە باسی فەرهەنگی ئێرانی لەسەر بنەمای زمان دەکەن لە نابوودیی زمانی دایکیی خۆشیان دەست ناپارێزن، ئەوە خاڵێکی زۆر گرینگە کە زمانی دایکیی خۆشیان وەک زمانێکی سەقەت، زمانێکی ناتەواو، زمانێکی گەشەنەسەندوو و لە باشترین حاڵەتدا زاراوەیەکە لە زمانی فارسی کە پێش نەکەوتوە، دەبینن.

لەبیرم چوو ئەوەی بڵێم لە دەورەی دووەمی گۆڤاری کاوەدایە کە باسی نیشتەجێکردنی عەشایر و یەکسانسازیی زمانی دەکرێ، ئەو سیاسەتانەی کە دواتر ڕەزاشا لەبەر چاویان دەگرێ. ئەو بابەتانە لەپێشدا وەکوو پڕۆپۆزال لە هەر ژمارەیەکی کاوەدا بەشێوەی وتار ئاماژەیان پێکراوە کە وەکوو خاڵ و پڕۆپۆزال بۆ داهاتووی ئێران پێشنیار کراوە. بۆیە کە ڕەزاشا دێتە سەرکار لە ساڵی ١٣٠٤، هەموو شتێک ئامادەیە. دواتر کە "ایرانشهر" دەردەچێ _وەک کاوە ئیستعارەی ایرانشهریش ئیستعارەیەکی ئێرانی و میللی گەرایانەیە_ حوسەین کازمزادە کە بۆخۆی لە دەستەی نووسەرانی کاوەدا بوو، ایرانشهر دەردەکا و باس لەوە دەکا کە بۆچی ئێمە دەبێ تەسلیمی ئورووپا نەبین؟ یانی ڕێک پێچەوانەی بنەما سەرەکییەکانی کاوە. ئەو پێی‌وایە بەجێی ئەوەی تەئکید بکەین لەسەر ئەوەی ڕۆژئاوایی بین، تەئکید لەسەر ڕوحی ئێرانییەتی خۆمان بکەین.

**ڕوحی ئێرانییەت یانی چی؟ ئەو ڕوحی ئێرانییەتە چییە؟**

کازمزادە نە میراتی پێش ئیسلام ڕەت دەکاتەوە، نە زمانی فارسی ڕەت دەکاتەوە، بەڵکوو تەئکید لەسەر گەڕانەوە بۆ خۆ و گەڕانەوە بۆ هۆوییەتی ئێرانی دەکا کە لەوێدا ئەو هۆوییەتە دیسان هۆویەتێکی فارسی شیعیە. بەتایبەت کازمزادە چەمکی "تشیع" وەک توخمێک دێنێتە نێو گوتاری نوێی ناشنالیزمی ئێرانی و لە چەندین مەقالەدا باس لەوە دەکا و دەڵێ ئیمامانی شیعی هەمووی پاشخانی سەڵتەنەتیان هەیە. بۆ؟ بەهۆی ئەوەی کە ئیمام حوسێن لەگەڵ "شهربانو" کچی "یزدگرد"ی سێهەم زەماوەند دەکا کە ئەوە ئۆتوماتیک بۆخۆی پێکهاتەیەکی ڕوحی نەتەوەیی دروست دەکا کە تەشەییوع و ئێرانییەت یەکتر دەبیننەوە. چەمکی تەشەییوع بەتایبەت لە سەردەمی کازمزادەدا دەبێتە ڕەگەزێکی سەرەکیی گوتاری ناشنالیزمی ئێرانی، و هەر لەسەر ئەو بنەمایەشە کە دواتر ڕووناکبیرانی وەک جلال ئالی‌ئەحمەد، عەلی شەریعەتی (شەریعەتی بۆ نموونە دەڵێت تەشەیووع لەگەڵ ڕۆحی ئاریایی_ ئێرانییەوە یەکتریان دیتۆتەوە و لەیەک گرێدراون)، موتتەهەری و داریوشی شایگان و سەید جەواد تەباتەبایی درێژەدەر و ڕێڕەوی ئەو خوێندنەوەیەی کازمزادەن کە پێی‌وایە ڕۆژئاوا کۆمەڵێک کەموکورتی هەیە دەبێ فڕێیان بدەین و کۆمەڵێک خاڵی باشی هەیە وەک تێکنۆلۆژی و زمان، دەبێ وەریانگرین.

لە ١٣٠٤ بەولاوە کە گۆڤاری "ایرانشهر" کۆتایی پێدێ، لەبەر ئەوەی لە ١٣٠٠_١٣٠٤ وردە وردە ڕەزاشا هاتۆتە سەر کار، هیندێک لەو کەسانەی کاریان دەکرد بۆ گۆڤاری کاوە و گۆڤاری ایرانشهر وەک حەسەنی تەقیزادە دەگەڕێنەوە ئێران و دەبنە کاربەدەست. بۆ نموونە تەقیزادە دەبێتە وەزیری کاروباری ماڵی، محەممەدعەلی فرووغی کە پێی دەڵێن "ذکاء الملک" دەبێتە سەرۆک وەزیران و تەواوی ئەو شتانەی بۆخۆیان لەو پلاتفۆڕمانەدا باسیان کردبوو، بە دامەزراوەی دەکەن. مەسەلەن محەممەدعەلی فرووغی بە دەستووری ڕەزاشا ئاکادیمی زمانی فارسی دروست دەکا.

دوای گۆڤاری ایرانشهر، گۆڤاری "نامە فرنگستان" لە ١٣٠٣ بۆ ١٣٠٤ دەردەچێ. ئەوە سەردەمێکە ڕەزاشا هاتوە دەوڵەت ساز دەکا، ئاتاتورک لە تورکیە خەریکی قەتڵوعام و دروستکردنی دەوڵەت_ نەتەوەی تورکە. لە گۆڤاری "نامە فرنگستان"دا کە ئەویش لە بێرلین بڵاو دەبێتەوە، باس لەوە دەکەن کە ئێمە دەتوانین مۆدێلی ئاتاتورک بۆ ئێران وەرگرین، دەڵێن شۆڕشی مەشرووتە مردوە، ئێران دێمۆکڕاتیک نابێ، کۆمەڵگەی ئێران هەرگیز بە زمانی خۆش موتەمەدین نابێ، هەربۆیە ئێمە ناچارین لە مۆدێڕنیتەی (Top–Down) سەرەوە بۆ خوارەوە، یان ئامرانە و بە زەبری زۆر کەڵک وەرگرین و مۆدێلی ئاتاتورک دەبێتە نموونە بۆ ئەوەی لە ئێران جێبەجێ بکرێ.

لە ١٣٠٤ گۆڤارێکی دیکە بڵاو دەبێتەوە بەناوی "ئایندە" یان "داهاتوو" کە مەحموودی ئەفشار بڵاوی دەکاتەوە. لەبیرمان بێ کە گۆڤاری ئایندە و فرنگستان لە سەردەمێکدا بڵاو دەبنەوە کە ڕەزاشا خەریکە بە یارمەتیی ئینگلیزەکان دەبێتە سەرۆکوەزیران و دواتر پادشای ئێران و کۆتایی بە سەڵتەنەتی قاجارەکان دێنێ. لەو سەردەمەدایە ئەو دوو گۆڤارە خەریکن باسی دەوڵەتسازی دەکەن، چیدیکە باسی گوتاری ناشنالیزم ناکەن، باسی ئەوەی دەکەن لەڕووی سیاسی و سیاسەتگوزاریی کۆمەڵایەتی و سیاسەتگوزاریی فەرهەنگییەوە چۆن ئەو دەوڵەت–نەتەوەیە بچەسپێنن. بۆیە مەحموود ئەفشار لە گۆڤاری ئایندەدا پڕۆپۆزاڵێک پێشنیار دەکا کە کۆمەڵێک بەندی هەیە و یەکێک لەو بەندانە ئەوەیە کە چۆن هیندێک لە هۆز و عەشیرەکانی کورد و بەلووچ و عەرەب هەڵقەنن و بیانهێننە نێوقەدی ئێران و لەوێ نیشتەجێیان بکەن تا ببنە فارس و هیندێک فارسان بەرنە ناوچە سنوورییەکان تا فارس لەوێ زۆر بن، بۆ ئەوەی حەشیمەتی ئێران بە قەولی خۆی هێمۆجینایز بکا. زۆربەی ئەو سیاسەتانەی ڕەزاشا جێبەجێیان دەکا لە گۆڤاری ئایندەدا بە خاڵ باس کراون.

ئارگۆمێنتی سەرەکیی من لەو باسەیدا ئەوە بوو کە بڵێم لە ١٢٨٤ تا ١٣٠٤ گوتاری ناشنالیزمی ئێرانی تەرکیبێکە لە گوتاری زاڵی نازیستیی ئاڵمانی لەگەڵ خوێندنەوەیەک کە ئێرانییەکان لەسەر ئەو گوتارەی دەیکەن و هەروەها تێکەڵاوێک لە چاولێکەریی لە عوسمانییەکان و ڕووسەکان، بۆیە پێوەندییەکی ئەوتۆی بە خودی ئورووپاوە نییە، وەک ئەوەی بیرمەندانی فارس پێیان خۆشە یەکسەر بیبەستنەوە بە مۆدێڕنیتەی ئورووپایی. کەواتە کاتێک لە ١٣٠٤ ڕەزاشا دەبێتە پادشا، هەموو شتێک ئامادەیە و حەسەن تەقیزادە و محەممەدی موسوددیق، ڕەزاشا ناودێر دەکەن بە "مستبد منورالفکر". هەموو ئەو بەرنامانەی کە لە دەورانی پەهلەویدا کردەنی دەکرێن، ڕیشەیان لەو پلاتفۆرمە گوتارییەدا هەیە کە لەو گۆڤارانەدا بڵاو دەکرانەوە، کە دواتر زۆریان دەبنە کاربەدەست. عەلی ئەکبەر داوەر، عەلی ئەکبەر سیاسی، محەممەدعەلی فرووغی، حەسەن پیرنیا، ئیقباڵ ئاشتیانی هەموو ئەوانە دەبنە دەوڵەتمەداری دەورانی ڕەزاشا کە پێشتر لەو گۆڤارانەدا کاریان کردبوو.

**کەواتە ئەو دەوڵەت_نەتەوەیەی کە لە ئێران دروست کرا و ڕەزاشا بە دامەزرێنەری دادەنرێ و وەک جەنابیشت ئاماژەت کرد دەگوترێ جۆرێک چاولێکەری لە ئاتاتورکیزمە لە تورکیە، بنەمای تیۆری و مەعریفیی هەیە و پێشتر کاری لەسەر کراوە، پرسیار ئەوەیە بۆچی مۆدێڕنیتە بە هەموو لق و پۆپەکانیەوە ئاوا بە سەقەتی هاتە ئێران، وەک ئەوەی سەبارەت بە ناسیۆنالیزمیش ڕووی دا؟**

دیارە وەختێک باسی دەوڵەت_نەتەوە لە ئێران دەکەین، بەهەر حاڵ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم سەرەتای تێکچوونی ئیمپڕاتۆریی عوسمانییە، دەوڵەت_نەتەوە زۆر دروست دەبن لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. کە ئیمپڕاتۆریی عوسمانی دەڕووخێ عێڕاق دروست دەبێ، سووریە دروست دەبێ، لوبنان دروست دەبێ، تورکیە دروست دەبێ، و هەروەها لە ئەفغانستان دەوڵەت_نەتەوە دروست دەبێ. ئەو کێشەیە لەو سەردەمەدا بە گشتی هەیە. بەڵام بۆچی ئێران بەوشێوەیە تووشی مۆدێڕنیتە دەبێ؟ هیندێک لە ڕووناکبیرانی فارس کە ئارەزووی بوونی

درێژە لە لاپەڕەی ٧



کۆمەڵگەیەکی دێمۆکراتیکیان دەبێ و بەهەر حاڵ ڕەخنەیان لە نەشنالیزمی ئێرانی هەیە، هەڵبەت ڕەخنەکەیان ئەوەندە توند نییە بەو جۆرەی ئێمە بیری لێ دەکەینەوە، بەڵام دیسان دەنگ و گوتارێکی جیاوازیان هەیە. ئەوان لەسەر ئەو باوەڕەن کە مەشرووتە بە قەولی خۆیان دزراوە و لاڕێ براوە، لە دڵی مەشرووتەوە دەکرا جۆرێک حکوومەتی دێمۆکراتیک یان بڵێین گوتارێکی جیاواز هاتبایە دەرێ، بەتایبەت کە لە قانوونی ئەساسیی مەشرووتەدا باسی ئێرانییەت نییە، باسی زمانی ڕەسمی نییە و زۆر دەسەڵات دراوە بە ئەیالات و ویلایات.

مەسەلەن ئەگەر چاو لە موکاتباتی سەردەمی مەشرووتە بکەی باس لە حاکمی کوردستان و تەنانەت حکوومەتی کوردستان دەکرێ. ئەودەمی ئەو کێشانە بەو شێوەیە وجوودی نەبووە. ئەوان پێیان‌وایە مۆدێرنیتەی ئێرانی مۆدێرنیتەیەکە بەلاڕێدا چووە. ئەو ڕووناکبیرانەی کە لە ڕۆژئاوا بوون و کارتێکەرییان لە گوتاری نازیسم و گوتاری فەلسەفەی ئاڵمانی وەرگرتوە، ئەوانە مۆدێرنیتە بە شێوەیەکی وەها سەقەت واریدی ئێران دەکەن کە تازە چاکبوونەوەی ناکرێ و ئیمکانی ئەوە نییە ئێمە بگەڕێینەوە بۆ دوایە و بمانەوێ لەسەرڕا چاکی بکەین، لەبەر ئەوەی گوتاری ناشنالیزمێک کە لە "کاوە" یان لە "ایرانشهر"دایە چ لە لایەن سێکۆلارەکان وەک تەقیزادە و چ لە لایەن نەیتیویست و بوومی‌گەراکان وەک ئالی‌ئەحمەد و شەریعەتی، هیچ جێگایەک تەرخان نەکراوە بۆ ئەو نەتەوانەی کە غەیری فارسن یان غەیری شیعەن. ئەوانە لە باشترین حاڵەتدا یان دەبێ ئاسیمیلە بکرێن یان دەبی لەبەین بچن. بۆ نموونە زۆربەی ئەو بیرمەندانە ئازەری بوون و زۆرترین کێشەیان لەگەڵ زمانی ئازەری هەبووە. وەک ئەوەی مەحموودی ئەفشار کە خۆی ئازەرییە دەڵێ من تەنانەت بۆ تەدریسی زمانی تورکی بۆ 5 دەقیقە موخالیفم! یان کەسێکی وەک کەسرەوی ئەوەندە نەفرەتی لە زمانە غەیرە فارسەکانە، دەڵێ جگە لە خێر و سەڵاحی ئێرانییەکان هیچ شتێکی دیکەم ناوێ، تەنیا شتێک کە ئارەزوومە ئەوەیە ڕۆژێک ببینم کە زمانە غەیرە فارسەکان لەنێو بچن، یانی هیچ شتێکی ناوێ غەیری مەرگی تۆ لە واقعدا. لە نێو ئەو دەنگانەی دەتوانین بڵێین تۆزێک جیاوازن لە نێو بیرمەندانی ئێرانی لەو سەردەمدا، (ئەویش نەک لە سەرەتاکانی هاتنە سەر کاری ڕەزاشا، بەڵکوو لە ١٣٢٠ و ١٣٢٤ بەولاوە) تەنیا دەنگی جەلالی ئالی‌ئەحمەدە کە لە کتێبی "در خدمت و خیانت روشنفکران"دا بەرگرییەک لە زمانی ئازەری دەکا و هێرش دەکاتە سەر ئەو کەسانەی وەکوو کەسرەوی کە دژی زمانی دایکیی خۆیانن. وای لێدێ کابرایەکی فارس دیفاع لە زمانی ئازەری دەکا، ئەوە ئایرۆنێکی زۆر سەرسووهێنەرە! دیارە ئەویش تەنیا باس لە زمانی ئازەری دەکا و دەڵێ زمانی ئازەری گرینگە وەکوو زمان لە پەنا زمانی فارسی بێ. بۆ؟ چونکە ئازەری هەمیشە کولتوور و مەرزی فەرهەنگیی ئێرانیان پاراستوە بە درێژایی مێژوو. واتە دیسان دێتەوە خزمەت (تمامیت ارضی) ەکە کە لە زەینی خۆیدایە نەک وەکوو جۆراوجۆریی فەرهەنگی. بۆیە مۆدێرنیتە لە ئێراندا وەک بۆخۆت باست کرد سەقەتە، مۆدێرنیتەیەکە لە سەر بنەمای ڕەگەزپەرستی دامەزراوە، هیچ جێگایەکی تەرخان نەکراوە بۆ ئەوی تر مەگەر سەرکوت و سڕینەوە و لەنێوچوون.

**دیسان با بێمەوە سەر ئەو پرسیارە، ئەو زەمینەیەی کە تێیدا ناسیۆنالیزمی ئێرانی بە مێحوەرییەتی فارسی_شیعیی تێدا لەدایک بووە و جێبەجێ کراوە دەکرا ناسیۆنالیزمی تورکی_شیعی بێ، بۆ نا؟ زۆربەی ڕووناکبیرانی ئەو ناسیۆنالیزمە ئازەرین، بۆچی ئەوە ڕووی نەدا؟**

هەر لە سەرەتاوە باسی ئەوەمان کرد کە مەزهەبی شیعە کە لە لایەن سەفەوییەکانەوە داندرا (بە ڕەسمی) پێوەندییەکی قووڵی چەندسەد ساڵیی لەگەڵ فەرهەنگی ئازەری هەیە، ئێمە باسی 5 سەدە دەکەین کە ئەو مەزهەبە چەسپا لە ئێراندا و لەگەڵ کولتووری فارس و تورک تێکەڵ بوو، پاشان ئێمە ئیمپراتۆریی عوسمانیمان لەوبەری هەیە کە وەکوو ئیمپراتۆرییەکی سوننی مەزهەب داندراوە، بۆیە هەموو هەوڵی بیرمەندانی ئێرانی ئەوەیە کە تا دەتوانن مەرزێکی جیاواز لە نێوان ئیمپراتۆریی عوسمانی و سەفەویی ئەوکات و دواتر قاجار و عوسمانی و پاشان لەگەڵ تورکیەی نوێ دابنێن. بەهەرحاڵ ناشنالیزم لەسەر بنەمای جیاوازییە، هەرچی جیاوازییەکان گەورەتر بن ئەو باوەڕە هەیە کە ئەو ناشنالیزمە بەهێزترە و شتی زیاتری بۆ عەرزەکردن هەیە و پێویست ناکا خۆی تێکەڵاو بکا لەگەڵ ناشنالیزمی دەوروبەر. هەر بۆیە ئێمە دەبێ لە کۆنتێکستێکی چەندسەد ساڵەوە بڕوانین. کۆمەڵێک لە بیرمەندانی ئازەری زمان بۆخۆیان ئەو باوەڕەیان هەبوو و ئێستاش هەیانە. بۆ نموونە تۆ سەیری سەید جەواد تەباتەبایی بکە، بۆخۆی بەئاشکرا دەڵێ و لە وتاریشدا نووسیویەتی کە پێی‌وایە زمانی ئازەری موتڵەقەن زەرفییەتی کامڵبوون و فەرهەنگ و مەعرەفەتی نییە و، بەو زمانە عیلم بەرهەم نایە. هەروەها کەسرەوی زۆر لە لێکۆڵینەوەکانی ئەوەیە کە بیسەلمێنێ زمانی ئازەری لەگەڵ تورکی جیاوازیی هەیە، ئازەری زمانێکە ئوسوولەن ڕیشەی لە زمانە ئێرانییەکاندا هەیە و هەمیشە هەبووە و دوایە گۆڕانی بەسەردا هاتوە و ئێمە دەبێ چاکی بکەین. بۆیە زۆربەی ئازەرییەکان پێیان‌وابوو زمانی ئازەری توانای ئەوەی نییە لە بەرانبەر ئیمپراتۆریی عوسمانیدا ڕاوەستێ، مەسەلەی مەزهەبیش تێیدا بەرجەستە دەبۆوە کە نەیدەهێشت ئەوان داکۆکی لەسەر مەسەلەی زمان بکەن. لەبەر ئەوەی پێیان خۆش نەبوو لەگەڵ عوسمانی یان تورکیەی سوننی مەزهەب (تورکیە وەکوو سیاسەت نا وەکوو فەرهەنگ) تێکەڵ بن و پێیان‌وابوو ئەو زمانە زەرفییەت و توانایی عیلمی و کولتووری نییە تا لەگەڵ زمانی فارسی ڕیقابەت بکا. لە پەنا ئەوەش هەزاران بەرهەمی زمانی فارسی لەبەر چاو بگرە کە بە فارسی نووسراون لەسەر شێعر و ئەدەب و فەرهەنگ. فارسی لەمێژ بوو ڕیشەی هەبوو، هەر ئەوەش بوو کە بۆ نموونە زماننناسان و شاعیرانی ئاڵمان مەسەلەن کەسێکی وەک "گوتە" بەتەواوی گیرۆدەی "حافظ" بوو، یان "شوپنهاور" گیرۆدەی فەلسەفەی ئێرانی و هیندی بوو. فەلسەفەی هایدگر هەر بەم شێوەیە، بەشێکی زۆری خوێندنەوەی تایبەتی ئاڵمانی لە بیرکردنەوەی ڕۆژهەڵاتی و بە تایبەت بیرکردنەوەی ئێرانی و هیندی و بوودایيدا خۆی دەدیتەوە. ئەوانە هەموو دەبێ لەو کۆنتێکستە گەورەیەدا ببینی بۆ ئەوەی کە ڕوون بێتەوە بۆچی ئازەرییەکان تەرجیحیان دا هەم زمانەکەی خۆیان بە لەنێوچوون بدەن و هەم لەسەر فەرهەنگی خۆیان نەدوێن.

**ئەو ڕووناکبیرانەی کە لە ڕۆژئاوا بوون و کارتێکەرییان لە گوتاری نازیسم و گوتاری فەلسەفەی ئاڵمانی وەرگرتوە، ئەوانە مۆدێرنیتە بە شێوەیەکی وەها سەقەت واریدی ئێران دەکەن کە تازە چاکبوونەوەی ناکرێ و ئیمکانی ئەوە نییە ئێمە بگەڕێینەوە بۆ دوایە و بمانەوێ لەسەرڕا چاکی بکەین، لەبەر ئەوەی گوتاری ناشنالیزمێک کە لە "کاوە" یان لە "ایرانشهر"دایە چ لە لایەن سێکۆلارەکان وەک تەقیزادە و چ لە لایەن نەیتیویست و بوومی‌گەراکان وەک ئالی‌ئەحمەد و شەریعەتی، هیچ جێگایەک تەرخان نەکراوە بۆ ئەو نەتەوانەی کە غەیری فارسن یان غەیری شیعەن. ئەوانە لە باشترین حاڵەتدا یان دەبێ ئاسیمیلە بکرێن یان دەبی لەبەین بچن.**

**نیوەی حەشیمەتی ئێران غەیری فارسن و لە نیوەی کەمتر سوننی مەزهەبن. مەسەلەی دروستکردنی دەوڵەت_نەتەوە لە ئێران هەرگیز سەر ناگرێ. ئێران هەرگیز دەوڵەتێکی مۆدێڕن نەبووە و هەرگیزیش نابێ. ئێران دەوڵەتێکی شکستخواردوویە کە 100 ساڵە خەونی دروستکردنی هۆویەتێکی واحید بە ناوی هۆوییەتی فارسی_شیعیی هەیە، خەونێک کە هەرگیز وەدی نایە. هەرگیز ئێران وەکوو دەوڵەت_ نەتەوە دروست نابێ ئەگەر دەیان حکوومەتی وەک پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی بگۆڕدرێ. ئەوانە هەمیشە لە ترسی تێکچوونی تەمامیەتی ئەرزی، لەترسی تێکچوونی زمان و فەرهەنگ خەویان لێ ناکەوێ. ئەوە مەسەلەیەکی ئەساسیە و ڕووناکبیرانی فارس هیچ چارەیەکیان نییە دەبێ دان بەو واقعەدا بنێن.**

**بەڵام لانیکەم 100 ساڵ بەسەر دەسپێکی پرۆژەی دروستکردنی ئێراندا تێدەپەڕێ، یانی 100 ساڵە هەوڵ دراوە هەموو جیاوازییەکانی نێوخۆی ئێران بسڕنەوە و میللەتێکی واحید و ئێرانێکی هێمۆژێن دروست بکەن کە خۆی لەو گوتارە ناسیۆنالیستیە ئێرانیەدا ببینێتەوە. دەبینین تا ئێستاش سەرکەوتوو نەبوون و نەتەوەی جۆراوجۆر لە ئێراندا هەن و خاوەنی هۆوییەتی خۆیانن و بزووتنەوەی شوناسخوازیمان هەیە، بەتایبەت نەتەوەی کورد و تەنانەت تورکەکانیش، تائێستا بیرمەندانی ئێرانی چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوە لەسەر هەمان ڕێچکە دەڕۆن و هەمان ئەو بنەما فکرییانە بەجۆرێک بەردەوامن. بۆچی ئەو ڕەوتە بەردەوامە سەرەڕای سەرنەکەوتنی؟**

لە کۆتاییەکانی دەورەی قاجار و بەتایبەتی لە دەورەی پەهلەوی ئەو فەرهەنگ و میللەتە جۆراوجۆرانەی کە لە ئێراندا بۆ هەزاران ساڵە هەن و هەبوون، ئەوانەیان بەراورد دەکرد لەگەڵ (پێم خۆش نییە ئەو دەستەواژەیە بەکار بێنم) کۆمەڵگە پێشنەکەوتووەکان لە ئەفریقا و وڵاتانی دیکە، کە دەبێ بەزۆر ئەوانە ئاسیمیلە بکەن و موتەمەدینیان بکەن، یانی وەکوو شەرمێکی فەرهەنگی دەیاندیتن. بەڵام ئەوان ئەوەیان نەدەزانی کە ئەو میللەتانە کۆمەڵێک قەبیلە و تیرە و عەشیرە نین، بەڵکوو ئیجتماعاتێکی مێژووییان هەیە، خاکیان هەیە، داب و نەریتیان هەیە، زمانیان هەیە. نموونە لە کوردان ناهێنمەوە با نەڵێن باسی کوردان دەکا. تۆ تەماشای لوڕەکان بکە، ئەتابەکانی لوڕستان بۆ ماوەی 400 ساڵ حکوومەتیان هەبووە، هەر بۆیەش وەختێک ڕەزاشا هاتە سەر کار، یەکەم کار کردی ئەوە بوو ئەتابەکانی لوڕستان کۆ بکاتەوەو لوڕەکان و بەتایبەت بەختیارییەکان ژینۆساید بکا، هێزی نارد و چی لە لوڕەکان و هەروەها قەشقاییەکان و عەڕەبەکان کرد کە لە نەوعی خۆیدا بەقەولی خودی فارسەکان ژینۆساید بوو؛ کوشت و کوشتاری سەپەهبۆد ئەمیر ئەحمەدی لەو ناوچەیە بەناوبانگە کە بە هۆی دڵڕەقی و جینایەتەوە بە "ئایشمەنی ئێران" ناودێر کراوە!

دەوڵەتی مۆدێڕن لە ئێران کە لەسەر بنەمای حەزف و سڕینەوە و ئینکار دامەزراوە هەرگیز سەرکەوتوو نابێ. لەبەر ئەوەی کە بەتایبەت لە ١٣٠٤ کاتێک ڕەزاشا دێننە سەرکار و لە سەربازێکی سادەوە (بەناو ڕەزا پاڵانی قەزاق) دەیکەنە پادشای ئێرانساز _ کە بە باوەڕی من پادشای وێرانسازە_، لەو سەردەمەدا دەبینین زیاتر لە 35 لەسەدی حەشیمەتی ئێران فارسن یان بە فارسی قسە دەکەن، ئەوەی دیکە هەمووی زمانەکەی غەیری فارسییە. تا ئێستاش نیوەی حەشیمەتی ئێران غەیری فارسن و لە نیوەی کەمتر سوننی مەزهەبن. مەسەلەی دروستکردنی دەوڵەت_نەتەوە لە ئێران هەرگیز سەر ناگرێ. ئێران هەرگیز دەوڵەتێکی مۆدێڕن نەبووە و هەرگیزیش نابێ. ئێران دەوڵەتێکی شکستخواردوویە کە 100 ساڵە خەونی دروستکردنی هۆویەتێکی واحید بە ناوی هۆوییەتی فارسی_شیعیی هەیە، خەونێک کە هەرگیز وەدی نایە. ئەو سیستەمە خۆی ناگرێ تەنیا مەگەر هۆوییەتی ئێرانی (ئەگەر ناوی ئێرانیشمان باوەڕ پێ بێ) وەکوو هۆویەتێکی ئێرانی بناسرێ. بەڵام هۆوییەتێک کە ئێستا بە ناوی ئێران دەناسێندرێ هۆوییەتێکی فارسی_شیعیە. بۆچی؟ بەهۆی ئەوەی کە هیچ ڕەگەزێکی غەیرە فارسی و غەیرە شیعی لەو هۆوییەتەدا نییە. کاتێک دەڵێی هۆوییەتی ئێرانی لەسەر زمانی فارسی و مەزهەبی شیعی دەبرێتەوە، یان لەسەر خوێندنەوەیەکی هەڵبژێردراو لە ئاساری دەورەی پێش ئیسلام دەبرێتەوە و تەنانەت شارستانییەتەکانی پێش ئیسلامیش نابینرێن ئەوانەی شارستانییەتی ئیسلامیشیان ساز کردوە، جا بگرە شارستانییەتی دوای ئیسلام کە ئەوە جێگای خۆی هەیە. کاتێک ئەوانە نابینرێن لەواقعدا ئێمە خەریکین نیوەی مێژوو و کولتووری ئەو کۆمەڵگەیە نابینین. هەربۆیە ئەمن پێموایە گوتاری پان فارسیزم (ئەمن قەت پێم خۆش نییە بڵێم گوتاری ئێرانی) بە قەولی فارسان دەڵێن هەرگیز ڕووی خۆش نابینێ و ناتوانێ سەقامگیر بێ. هەرگیز ئێران وەکوو دەوڵەت_ نەتەوە دروست نابێ ئەگەر دەیان حکوومەتی وەک پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی بگۆڕدرێ. ئەوانە هەمیشە لە ترسی تێکچوونی تەمامیەتی ئەرزی، لەترسی تێکچوونی زمان و فەرهەنگ خەویان لێ ناکەوێ. ئەوە مەسەلەیەکی ئەساسیە و ڕووناکبیرانی فارس هیچ چارەیەکیان نییە دەبێ دان بەو واقعەدا بنێن و بێنە سەر مێزی گفتوگۆی زانستی و سیاسی، کە ئەویش لەوە ناچێ بێنە سەر ئەو مێزە. لەبەر ئەوەی لەوە دەچێ کە ڕووناکبیران و مێژوونووسانی فارس بەتایبەت ئەوانەی لە دیاسپۆران خەریکن دیسان ئەو نوسخەی کە لە زەمانی "کاوە" و "ایرانشهر"دا نووسراون هەر ئەوە لەسەرڕا دێنن و دەبەن. تەنانەت دەیانەوێ ئەوجار ئەو سنوورە زمانەوانی و کولتووری فارسییە لە ئاناتۆلی ڕا تا چین و مەنچووری ڕایکێشن و پێی بڵێن (Persianate World) جیهانی فارسی زمان، کە لە چین ڕا دەست پێدەکا تا ئۆراسیا، ئەوەش موسیبەتێکە. لەبەر ئەوەی ئەوانە بەوەندەش ڕازی نین و پێیان‌وایە ئەو ئیمپراتۆرییە کە سەردەمانێک هەر بەوەندە قانع بوون کە لە زەمانی هەخامەنشیاندا بووە، ئێستا ئەوەیان واوەتریش بردوە تاکوو هیچ ئومێدێک بە گفتوگۆ لەگەڵ ئەو گوتارەی نامێنێ.

**کەواتە بەربەستەکانی تەوسعەی سیاسی و ئابووری لە ئێران تەنیا لە دیسانتراڵیزە کردنی ئێراندا خۆی دەبینێتەوە. هیچ شانسێک هەیە سیاسی و ئابووری بین؟**

هیچ ڕێگایەک نییە لە چوارچێوەی ئێرانێکی سانتراڵدا. چونکە کاتێک دەڵێین ئێران، لەسەر بنەمای زمان و فەرهەنگ و داب و نەریتی نەتەوەیەکی تایبەت دەبرێتەوە. کەواتە هیچ ئیمکانێک نییە بۆ ئەوەی پێمان وابێ ئاڵوگۆڕ و گەشەیەک ڕوو دەدا لە ئێرانی سانتراڵدا. بەداخەوە هیچ دوورەدیمەنێک و بەرچاوڕوونییەک بۆ ئێرانێکی دیسانتراڵدا نابینرێ. نەتیجە ئەوەیە کە دەبێ میللەتە غەیرە فارس و غەیرە شیعەکان بەو ئاگامەندییە بگەن لانیکەم لەڕووی سۆبجێکتیوەوە و لەڕووی ئاگامەندییەوە حیسابی خۆیان لەگەڵ ئەو گوتارە یەکلا بکەنەوە. باوەڕێکی زۆر هەڵەیە کە پێمان‌وابێ ئەو گوتارە ئامادەیە پێداچوونەوە بەخۆدا بکا و دیسانتراڵ بێ. ئەمن ئەو گوتارە وەکوو گوتارێکی ئیمپریال و کۆلۆنیال دەبینم و هیچ ئومێدێک بۆ دەربازبوون لەو گوتارە نابینم مەگەر بە موقاومەت و بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو گوتارە جا چ بەشێوەی سیاسی بێ، چ بە شێوەی فەرهەنگی و مەعرەفەتی.

**زۆر سپاس دوکتور محەممەدپوور بۆ بەشداریتان لەم باسەدا**

ئێوەش ماندوو نەبن.

دارسمە
دارسمە دەنووکی
لە سمین ناپارێزێ

# سماندنی چەند وشەیەکی بقە

لەو سات و زەمانەوە مرۆڤ لە ژیانی زۆر سەرەتاییەوە دەرچووە، ئەزموونی کۆ کردوەتەوە و بووەتە خاوەنی کولتوور و دەسەڵاتی خۆی، هەرکەس و تاقم و گرووپ و حیزب و کۆمەڵ و سەندیکا و یەکیەتی و ئەنجومەن و حکوومەتێک لە گۆشەنیگا و ڕوانینی خۆیەوە خەریکی یەکدەستکردنی دەسەڵاتە بەڵام ناوی دەنێ "ئەرک".

دیارە "ئەرک" ڕاسپاردە و پێداویستیی جێبەجێ‌کردنی کارێک یان کۆمەڵێک کارە.

وشەی "ئەرک"یش وەک زۆر وشە و دەستەواژەی دیکە، هێندێک جار لە لایەن بەکاربەرانی زمانەوە دەبێتە "حەلوای بەر شەپان" و لەبەر شەپشەپێنی ئەم و ئەو ناکەوێتەوە زەوی. یەک دەڵێ "ئەرک"ی خۆم بەجێ دەگەیەنم، یەکێکی دیکە دەڵێ من ئەم "ئەرک"ەم لەسەر شانە و یەکێکی دیکەی دیکەش پێی وایە ئەمە "ئەرک"ی ئەو نییە. بەڵام کەم جار هەڵدەکەوێ کەسێک "ئەرک"ی خۆی جێبەجێ بکا.

دارسمەش هەر وایە. لە ڕاستییدا سماندن و کۆڵینی کۆتەرەی درەختی باغ و بێشەڵان و لێڕەوارەکان "ئەرک"ی دارسمەیە، بەڵام ئەویش وەک ئێوە ئەرکی خۆی جێبەجێ ناکا و خەریکی سماندنی هەموو شتێکە و تەنیا لە سماندنی داران خۆ دەبوێرێ.

هەر دارسمە نییە، زۆر کەسی دیکەش خۆ لە "ئەرک"ی ڕاستەقینەیان دەبوێرن و دوای ئەرکی "خوارەقینە" دەکەون. ("خوارەقینە"ش وشەیەکی تێکەڵاوە و لە بەرانبەر وشەی "ڕاستەقینە"دا بە تەشوێی "دارسمە" داتاشراوە.)

منیش خەریکم لەم نووسینەدا لە "ئەرک"ی خۆم خۆ دەبوێرم و باسەکە بە لاڕێدا دەبەم. لە دێڕی یەکەمدا دەردەکەوێ نووسەر بەتەمایە باس لە یەکدەستکردنی دەسەڵات بکا، بەڵام خەریکە لە پشت وشەی "ئەرک" خۆی حەشار دەدا و بە تەمایە خۆی ببوێرێ. دیارە "ئەرک" و "یەکدەستکردنی دەسەڵات" پێوەندییەکیان بەیەکەوە هەیە. ئەویش ئەمەیە هەموو کەس یەکدەستکردنی دەسەڵات بە "ئەرک"ی خۆی دەزانێ.

هەر کەس و تاقم و حیزب و کۆمەڵ و سەندیکا و یەکیەتی و ئەنجومەن و حکوومەتێک پێی‌وایە بە یەکدەستکردنی دەسەڵات، خزمەتێکی گەورە دەکا. "خزمەت"یش وشەیەکی سەیر و سەمەرەیە. "خزمەت" بە نەتەوەکەم دەکەم. "خزمەت"کاری ئێوەم و بۆ "خزمەت"ی چینی هەژار و بەلەنگاز هاتووم. ئەمانە و سەدان ڕستە و دەستەواژەی لەم جۆرە بە وشەی "خزمەت" دەڕازێنەوە، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ، هەرچی "ئەرک" و "خزمەت"ە بۆ "بەرژەوەندی" دەگەڕێتەوە.

ئای لەبەر "بەرژەوەندی"! ئیدی ئەمەیان بنێشتە خۆشەی نێو دەمی زۆر کەسە. "بەرژەوەندی"ی نەتەوەیی، "بەرژەوەندی"ی نیشتمانی، لە "بەرژەوەندی"ی چینی چەوساوەدا و جگە لەمانە، دەتوانین دەیان ڕستە و دەستەواژەی جوانیش لە "بەرژەوەندی"ی وشەی "بەرژەوەندی"یدا دروست بکەین، بەڵام هیچکامیان ناگەنە، "بەرژەوەندی"ی تاکە کەسی.

ئەگەر سێ وشەی "بەرژەوەندی"، "خزمەت" و "ئەرک"یش بدەن بە "دارسمە"، وەک قوتابییەکی گوێ‌لەمست و لێهاتوو هەرسێک وشەکە لە ڕستەیەکدا کۆ دەکاتەوە و دەڵێ: ""خزمەت"کردنی "بەرژەوەندی"ی تاکە کەسی "ئەرک"ی هەموو تاکێکی زیرەکە."

با لەم هەڵچنینی فەلسەفە و مەلسەفەیە دوور بکەوینەوە و بگەڕێینەوە سەر ئەو "ئەرک"ەی لە دێڕی یەکەمدا بە خۆمان ئەسپاردبوو. ئەویش سماندنی یەکدەستکردنی دەسەڵاتە.

با سوێندێکیش بۆ خوێنەری بەڕێز بخۆم و بڵێم سەدجار بەو کۆتەرەدارەی بە هیوای کۆڵینی چەنگم لێی قایم کردوە و بە دەنووک کوتاومە، مەبەستم لە یەکدەستی، ئەو کابرا ڕەقەڵە کز و بابردەڵە جنێوفرۆشە یەکدەستەی نێو عەبا قاوەییەکە نییە. لە کوێ ئەوە مەبەستی منە؟ بە من چی کابرا لە بەرژەوندیی خۆیدا بۆئەوەی خۆی بە ستەملێکراو نیشان بدات، بۆمبێکی بچووکی لە نێو ئامێری تۆمارکردندا لە بەردەمی خۆیدا داناوە و بۆمبەکەش بە دەستی چەپیدا تەقیوەتەوە و دوایی ڕێگەی بۆ خۆش کردوە لە مەجلیسی خوبرەگان بیکەن بە گەورە و دەمڕاست و دەسەڵاتدار و "ئەرک"ی پێ‌بسپێرن و پاشان هەموو شتێک بخاتە "خزمەت"کردنی "بەرژەوەندی"ی خۆیەوە.

نە ئەمە قسە و مەبەست و "ئەرک"ی منی دارسمەیە و نە لە "خزمەت"ی "بەرژەوەندی"ی من‌دایە. هەر لەبەر ئەمەشە ئەم شتانە لە من ناوەشێنەوە. هیچ لە من ناوەشێتەوە، بڵێم: ئەوە خولی یازدەی مەجلسی ئێرانیش دەستی پێکرد و کابرا یەکدەستەکە بە مەبەستی یەکدەستکردنی دەسەڵات هەرچی کۆنەپاسدارە لەژێر سەرۆکایەتیی حەمەباقری قالیبافدا (قالیبافی چی؟ نازانێ سەوەتەش بچنێ)، کۆی کردوونەتەوە و کردوونی بە نوێنەرانی هەموو چین و توێژ و ڕەگەز و نەتەوە و چین و توێژەکانی ئێرانی شێوەپشیلەی پشیلەسفەت. هیچ مەبەستی منیش ئەوە نییە بڵێم پشیلە بێ‌سفەتە و هەرچەندە گۆشت و خۆراکی خۆشی پێ‌بدەی وەک سەگ بەوەفا نییە و لە دەرفەتێکدا چنگوڕکت لێ‌دەگرێ و دەدڕنێ.

پشیلە و سەگیش کەیفی خۆیانە بێ‌سفەت دەبن یا بەوەفا. ئەوە من نیم بۆیان دیاری دەکەم. خۆیان خاوەنی دەسەڵاتی خۆیانن و هەر خۆیان ئاگەداری "ئەرک" و "بەرژەوەندی"ی خۆیانن. هەر لە بنەڕەتڕا خووخدەی سەگ و پشیلە و کابرای یەکدەست و یەکدەستکردنی دەسەڵات و ئەرک و خزمەت و بەرژەوەندی بە من چی؟ هەر لەخۆڕا بەسەر ئەم بابەتە "بقە"یەدا کەوتم، بڕۆن خۆتان بیری لێ‌بکەنەوە.

# قۆناغێکی نوێ لە ناکۆکییەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا


ئامانج زیبایی

دوای ئەوەی ئەمریکا لە بانەمەڕی ١٣٩٧ـی هەتاوی لە بەرجام هاتە دەرێ، قۆناغێکی نوێ لە ناکۆکییەکانی نێوان تاران و واشینگتۆن هاتە ئاراوە و سیاسەتی ترامپ بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی ئاڵوگۆڕی بە خۆیەوە بینیوە کە بە (فشار حداکثری) ئەوپەڕی زەخت ناوبانگی دەرکرد.

وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ٧ـی جۆزەردان گوتی کە مەعافیەتی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان درێژ ناکرێنەوە و، لەمەودوا ناتوانن لە بواری ناوکییدا ڕێگە بە ئێران بدەن درێژە بە چالاکییەکانی بدا.

دوای هاتنە دەرێی ئەمریکا لە ڕێکەوتننامەکە ئەو ٥ وڵاتەی بەرجام (چین، ڕووسیە، بریتانیا، فەڕانسە، ئاڵمان) دەیانتوانی لە چەند پرۆژەیەکدا هاوکاریی بەرنامەی ناوکیی ئێران بکەن، دوای ئەم ڕاگەیەندراوە ئەو وڵاتانە ٦٠ ڕۆژیان مۆڵەت پێ درا کە کۆتایی بە چالاکییەکانیان لەم بوارەدا بێنن، هەروەها دوو کەس بە ناوەکانی (مەجید ئاقایی و ئەمجەد سازگار) بە تۆمەتی هاوکاریی کۆماری ئیسلامی بۆ گەیشتن بە بۆمبی ناوکی و دەور لێدانەوەی گەمارۆکان خرانە لیستی گەمارۆکانی ئەمریکاوە.

دوای لێدوانەکانی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا وەزیری بەرگریی کۆماری ئیسلامی، لە کاتی پەردەلادان لە ١١٢ پاپۆڕی هێزی دەریایی سپای پاسداران گوتی: "بەشی گرینگ و بەهێزی کۆماری ئیسلامی ئەو بەشە نییە کە نمایش دەدرێ، بەڵکوو ئەو بەشەیە کە شاراوەیە"! هەروەها حوسێن سەلامی فەرماندەی سپای پاسدارانیش گوتی: "تاکتیکی کۆماری ئیسلامی هێرشبەرانەیە نەک بەرگریانە."

ئەم لێدوانانەی بەرپرسانی ئێران لە کاتێکدایە کە سەرۆککۆمار و وەزیری دەرەوەی ئێران پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن، کە چالاکییە ناوکییەکانیان بە مەبەستی ئاشتیخوازانەیە! بەڵام کارنامەی کۆماری ئیسلامی هەمیشە پێچەوانەی ئەم بۆچوونانە بووە و ڕوخسارێکی بێمتمانەی نیشانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی داوە -کە بە حەق ڕوخساری ڕاستەقینەشیانە-. بۆ نموونە دوای هەڵدانی مانگی دەسکردی نوور بۆ بۆشایی ئاسمان، بەرپرسەکان گوتیان چەندین ساڵە بە نهێنی خەریکی ئامادەکردنی ئەم بەرنامەیەن. لەم پێوەندییەدا لێدوانەکانی ڕێبەری ئێرانیش جێگەی هەڵوێستە لەسەر کردنن، کە بە ئاشکرا گوتی تاقە ڕێگەی مانەوەیان، بەهێز بوونیانە. بێجگە لەوەش ئەوەی کە ڕاشکاوانە باس لە نەبوونی وڵاتێکی وەک ئیسرائیل دەکرێ، جێگەی مەترسییە.

لەم پێوەندییەدا برایان هووک گوتی: "بە هۆی گەمارۆکانی ئەمریکاوە ئابووریی ئێران تووشی داڕمان بووە، کۆماری ئیسلامی دوو ڕێگەی لە بەردەست دایە، یان لەگەڵ ترامپ دانوستان بکا، یان شایەدی داڕمانی ئابوورییەکەیان بن."

سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لەم پێوەندییەدا ڕوون نییە و بەرپرسانی لە لایەک هەڕەشە دەکەن و لە لایەکی ترەوە بە هێنانەوەی نموونە لە ئیمام حەسەن بەستێن بۆ دانوستان خۆش دەکەن.

سیاسەتی نوێی ئەمریکا درێژ نەکردنەوەی معافیەتی هاوکاریی وڵاتانی ئەندام لە بەرجام بۆ هاوکاری کردنی ئێرانە، وا وێدەچێ ئەم سیاسەتە بێجگە ئێران، چینیش بگرێتەوە.

دوای نەمانی ئەمریکا لە بەرجام، ڕێکخراوێکی چینی بە ناوی CNNC پشکی شێری لەم بارودۆخە بەر کەوتوە کە جگە لە ئێران لە زۆر وڵاتی دیکەش خەریکی کار و چالاکیی هاوشێوەیە و، لە ئەگەری گەمارۆکانی ئەمریکا پێکەنیش تووشی گیروگرفت دەبێتەوە.

ئەم هەڵوێستەی ئیدارەی ترامپ کاردانەوەی زۆریشی لێکەوتۆتەوە، یەکەم کاردانەوە لە لایەن نووسینگەی جۆزێپ بۆرل، بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپاوە بوو کە لە ڕاگەیەندراوێکدا گووتبووی ئەم هاوکارییانەی نێوان لایەنەکانی بەرجام ڕێگای ئێرانی لە گەیشتن بە بۆمبی ناوکی گرتبوو، ناوبراو بەرجامی بە باشترین ڕێگەچارە بۆ بەکار هێنانی ئاشتییانەی وزەی ناوکی ناو برد و گوتی کە لەمەو دوا چاودێریی دەسپێڕاگەیشتن بە چالاکییەکانی ناوکیی کۆماری ئیسلامی بە ڕێڕەوێکی دژوارتردا تێپەڕ دەبێ.

هەر لەم پێوەندییەدا ماریا زاخارۆڤا وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیەش گوتی بەم هەڵوێستەی ئەمریکا، [پێوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا] چۆتە نێو ڕێڕەوێکی مەترسیدار و پێشبینی نەکراو.

بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی و ڕێکخراوی وزەی ناوکیی ئێرانیش ئەم هەڵوێستەی ئەمریکایان بە دوژمنکارانە پێناسە کرد و گوتیان کە هەواڵی خۆش لە بواری چالاکیی ناوکیی ئێران بەڕێوەیە.

هەر لەم پێوەندییەدا مەجید تەختی ڕەوانچی نوێنەری ئێران لە نەتەوە یەکگرتووەکانیش، گوتی ئەم کارەی ئەمریکا کۆتا زەربە بوو لە ڕێکەوتننامەی بەرجامی دا و، بەشداریی ئەمریکای لە بەرجامدا بە شتێکی جێگەی پێکەنین پێناسە کرد، بەڵام باسی لە پەرچەکرداری کۆماری ئیسلامی نەکرد.

کریستۆفێر فۆرد ڕاوێژکاری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا گوتی کە ئامانجی ئەمریکا لە درێژ نەکردنەوەی ئەم بڕیارە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کۆماری ئیسلامی توانای ئەوەی نەبێ کە ڕاکتۆری تازە دابمەزرێنێ، بەڵام بەرپرسی وزەی ناوکیی ئێران گوتی کە فازی دوو و سێی ڕاکتۆری بووشەهر لە بەردەستدایە بۆ دەست بەکار بوونی.

ناوبراو هەروەها گوتی کە سەرۆک کۆماری ئێران دانی بەوەدا ناوە کە ٢٠٠ میلیارد دۆلار زەرەر لە ژێرخانی ئابووریی ئێران دراوە و ئەمەش هەتا ڕێکەوتنێک لە نێوان ئەمریکا و ئێران درێژەی دەبێ.

کێشەکانی ئێران گەیشتۆتە مەجلیسی نوێ و قالیباف بەرپرسی نوێکەی لە یەکەم لێدوانیدا، دەوڵەتی ڕۆحانی بە سەرلێشێواو ناو برد و گوتی کە ئەم مەجلیسە لەژێر ئامۆژگارییەکانی ڕێبەری کۆماری ئیسلامییدا دەبێ و، پێداگریی کرد کە دانوستان لەگەڵ ئەمریکا ناکرێ و باسی لە تۆڵەستاندنەوەی لە ئەمریکا کرد.

وا وێدەچێ کە بەم سیاسەتانەی کۆماری ئیسلامی بارودۆخی ناوچەکە ئاڵۆزتر بێ و ژێرخانی ئابوورییەکەشی زیاتر بەرەو داڕمان بچێ، ستراتێژیی ئێران هەر وەک جاران بمێنێتەوە و بەکار هێنانی دەستەواژەی ئیستکبار و لیبەڕاڵ زۆرتر بێ و ناکارامەیی بەرپرسانی ئێرانی پێ پاساو بدرێتەوە.

# ڕەگەزپەرستی، پەڵەیەکی ڕەش بە نێوچاوانی مرۆڤایەتییەوە

## (لە پەراوێزی کوشتنی ڕەشپێستەکەی ئەمریکا)


ئارەزوو نستانی

کوژرانی ڕەشپێستێکی ئەمریکایی لە لایەن پۆلیسی ئەو وڵاتەوە شەپۆلێک لە نارەزایەتی و کاردانەوەی لە نێوخۆی ئەمریکا و لەسەر ئاستی جیهانییش لێکەوتەوە. نارەزایەتییەکان لە ئەمریکا گەیشتوونەتە ئەوپەڕی خۆی، بە شێوەیەک دەگوترێ لە دوای کوژرانی مارتین لۆتەرکینگی ڕێبەری بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکان، گەورەترین نارەزایەتیدەربڕینی خەڵکی ئەمریکایە دژی ڕەگەزپەرستی. ڕۆڵی میدیای ئازاد و سەربەخۆ و لەسەر هەست بوونی کۆمەڵگەی ئەمریکایی لە بارەی مەترسییەکانی ڕەگەزپەرستی و بەهێزبوونی ژێرخانەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەو وڵاتە لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەو کاردانەوە بەرینەن لەو وڵاتە.

شەپۆلەکانی ئەو نارەزایەتییە ئێرانیشی گرتەوە بەڵام بە ئامانج و شێوازی جیا. بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی وێڕای شەرمەزار کردنی دەوڵەتی ئەمریکا و تاوانبار کردنی بە ڕەگەزپەرستی و، هەروەها وەڕێخستنی شانۆی جۆراوجۆری وەک ئەکسیۆنی مەدەنی بە بەشداریی ژمارەیەک لە کەسانی نزیک لە خۆی، ئەو دەرفەتەی بۆ هێرشکردنە سەر دەوڵەتی ئەمریکا و بەتایبەت ئیدارەی ترامپ قۆستۆتەوە.




ڕەگەزپەرستی دیاردەیەکی مێژووییە کە بە درێژایی مێژوو هۆکاری پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بووە و، بەستێنی هێژمۆنی و باڵادەستیی هەندێک لە گرووپە مرۆییەکان بەسەر گرووپە مرۆییەکانی تر و تەنانەت هەندێک لە دەوڵەتان بەسەر دەوڵەتانی تر خۆش کردوە و لە ئەنجامی ئەو مەزنیخوازییەدا، ناکۆکی و شەڕی بەردەوام لە کۆمەڵگەکاندا سەری هەڵداوە. ڕەگەزپەرستیی نازیستی کە بەرهەمی مەزنیخوازیی ژێرمەنەکان بەسەر هەموو کۆمەڵگە بەشەرییەکان بوو، گەورەترین کارەساتی مرۆیی مێژووی هاوچەرخی لێکەوتەوە. هەرچەند دەرەنجامە کارەساتبارەکانی ڕەگەزپەرستی لە نازیسمدا کورت نابێتەوە و مێژوو شاهیدی شەڕ و ململانێی خوێناویی نێوان کۆمەڵگە جیاوازەکان لە ئەنجامی بیری مەزنیخوازانەی ڕەگەزپەرستان بۆتەوە، بەڵام مرۆڤایەتی لە دوای جەنگی جیهانیی دووهەم بوو کە بە جیدی بیری لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دیاردەیە کردەوە و بە کردەوە لەو پێناوەدا هەنگاوی نا. جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ بە یەکەم بەڵگەنامەی وشیاریی گەلان بەرامبەر ڕەگەزپەرستی و دەمارگرژی دادەنرێ، کە بە ڕوونی و پێداگرییەوە داوای ئازادی و یەکسانیی نێوان هەموو مرۆڤەکان دەکا و هەر چەشنە هەڵاواردنێک ڕەت دەکاتەوە. کۆنوانسیۆنی نەهێشتنی هەموو شێوازەکانی هەڵاواردنی ڕەگەزی و هەروەها کۆنوانسیۆنی نەهێشتن و سزادانی جینایەتی ئاپارتاید کە لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە ساڵانی ١٩٦٥ و ١٩٧٣ دەرچوون، پتەوترین هەنگاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتین بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕەگەزپەرستی.

کۆنوانسیۆنی نێونەتەوەیی نەهێشتنی هەموو شێوازەکانی هەڵاواردنی ڕەگەزی وەک ڕاشکاوترین و وردترین ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی بۆ دەستەبەری بیرۆکەی یەکسانیی ڕەگەزی بەو شێوەیە ئامانجەکانی دەردەبڕێ:

لە مادەی (١)ـی کۆنوانسیۆنەکەدا، هەڵاواردنی ڕەگەزی بە واتای هەر چەشنە هەڵاواردن، سنووردار کردن یان بێبەشکردن لە ئیمتیازە کۆمەڵایەتییەکان پێناسە کراوە کە لەسەر بنەمای ڕەگەز و ڕەنگی پێست ڕوو دەدا و، زیان بە دەسەبەری یەکسانیی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان لە بوارە جیاوازەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری و هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤ دەگەیەنێ.

لە مادەی (٢)ی هەمان کۆنوانسیۆندا دەوڵەتانی ئەندام بەرپرسیار کراون کە هەڵاواردنی ڕەگەزی شەرمەزار بکەن و، بەبێ دواکەوتن سیاسەتی سڕینەوەی هەموو جۆرە هەڵاواردنێک جێبەجێ بکەن و پشتگیری لە هیچ یاسا یان کردارێک نەکەن کە هەڵاواردنی ڕەگەزیی دژی تاکەکان یان گرووپەکانی لێ بکەوێتەوە. هەروەها دەوڵەتان نە تەنیا دەبێ خۆیان دەست بۆ هەڵاواردنی ڕەگەزی نەبەن، بەڵکوو دەبێ بە هەنگاوی گونجاو وەک دەرکردنی یاسا بەر بە هەڵاواردنی ڕەگەزیی دژی هەر تاک یان گرووپێکی مرۆیی بگرێ. هەروەها لە بڕگەی دووەمی هەمان مادەدا هاتوە: "دەوڵەتانی ئەندام لە کاتی پێویستدا لە بوارگەلی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتووری و هتد ڕێوشوێنی تایبەت و دیاریکراودا بە مەبەستی دەستەبەری گەشە (توسعە)ی پێویستی هەندێک لە گرووپە ڕەگەزییەکان یان کەسانی سەر بەو ڕگەزانە و پشتگیری لەو گرووپ و کەسانە دەگرنە بەر [...]".

لە ماددەکانی (٣) و (٤)ی ئەو کۆنوانسیۆنەدا دەوڵەتانی ئەندام بەرپرسیار کراون کە هەر چەشنە پرۆپاگەندە یان ڕێکخراوی بیناکراو لەسەر هزر و تیۆریی مەزنیخوازی ڕەگەز یان مرۆڤەکانی سەر بە ڕەنگ یان ئێتنیکێکی تایبەت قەدەغە بکەن.

هەروەها لە کۆنوانسیۆنی نێونەتەوەیی نەهێشتن و سزادانی جینایەتی ئاپارتاید، وڵاتانی ئەندامی کۆنوانسیۆن ئەو تاوانە بە تاوانی دژەمرۆیی و کرداری دژەمرۆیی لە قەڵەم دەدەن کە هەڕەشەیەکی جیدین لەسەر ئاشتی و ئەمنیەتی نێونەتەوەیی. واتە ئاپارتاید یان ڕەگەزپەرستی چیی تر وەک پرسێکی نێوخۆیی سەیر ناکرێن و بکەرانی لە بەرامبەر کۆمەڵگەی نێونەتەوەییدا بەرپرسیار کراون. لە ڕوانگەی ئەو کۆنوانسیۆنەوە دەستەواژەی "ئاپارتاید" بریتییە لە سیاسەت و ڕێکارەکانی هاوشێوەی جیایی ڕەگەزی و هەڵاواردنی ڕەگەزی کە لە سەردەمی ڕێژیمی پێشووی ئەفریقای باشوور جێبەجێ دەکران و هەموو ئەو کردارە دژەمرۆییانە دەگرێتەوە کە بە ئامانجی سەپاندنی هێژمۆنیی گرووپێکی ڕەگەزی بەسەر گرووپێکی ڕەگەزیی تر ئەنجام دەدرێن و بەشێوەیەکی سیستماتیک ستەمیان لێدەکەن.

سەرەڕای ئەو هەوڵانە و زۆر هەوڵی تری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر قەدەغە کردنی ڕەگەزپەرستی و دەمارگرژیی ئایینی، ئێتنیکی، نەتەوەیی، فەرهەنگی و ... تا ئێستاش ئەو دیاردەیە هەڕەشە لە مرۆڤایەتی دەکا و لە زۆر وێستگەی مێژووییدا دەرەنجامی کارەساتباری لێ کەوتۆتەوە.

پرسیاری بنەڕەتی لێرەدا ئەوەیە شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمەڵگە و دەوڵەتان چ جیاوازییەکیان هەیە و ئەو پێوەرانە چین کە ئەو جیاوازییانە دروست دەکەن؟

بۆ وێنە کوژرانی ڕەشپێستێک لە ئەمریکا، ئەو وڵاتە تا لێواری شۆڕشێکی جەماوەری دەبا و فشارێکی ڕاستەقینە لەسەر دامەزراوە دەوڵەتییەکان دروست دەکا و ئاراستەی ڕای گشتی بەرەو (تقبیح)ـی ئەو کارەساتە هان دەدا.

وێنەیەکی تر لە ڕەگەزپەرستی و مەزنیخوازی لە ئێران بە شێوەیەکی ڕۆژانە و بەردەوام دەبیندرێ، کە لە لایەن دامەزراوە ڕەسمییەکانی وڵاتەوە نە تەنیا شەرمەزار ناکرێ بەڵکوو پاساوی بۆ دەهێنرێتەوە و تەنانەت پشتگیریی لێ دەکرێ و ژێرخانە فکری و تیۆرییەکانی بۆ بنیات دەنرێ.

دەوڵەتی ئێران کە کۆنوانسیۆنی نەهێشتنی هەموو شێوازەکانی هەڵاواردنی ڕەگەزی و هەروەها کۆنوانسیۆنی نێونەتەوەیی نەهێشتن و سزادانی جینایەتی ئاپارتایدی واژۆ کردوە و پێبەندیی خۆی بە نێوەڕۆکەکەیان دەربڕیوە، بەشێوەیەکی سیستماتیک پەرە بە بیر و کردەی ڕەگەزپەرستانە دژی کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان دەدا و وێڕای پێشێلکردنی پێبەندییە نێودەوڵەتییەکانی، هەموو سنوورە ئەخلاقی و مرۆییەکان لە نێوخۆی ئێراندا دەبەزێنێ و لە هەمان کاتدا وڵاتانی تر بە ڕەگەزپەرستی تۆمەتبار دەکا.

کورد لە ئێراندا وەک کەمینەیەکی نەتەوەیی لانیکەم لە سەردەمی هەر دوو حکوومەتی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامییدا لەگەڵ نامرۆڤانەترین شێوازەکانی ڕەگەزپەرستی بەرەوڕوویە. کوردەکان لەو وڵاتەدا لە مافی خوێندن بە زمانی زگماک بێبەش کراون، کۆڵبەرانی کورد بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکانی ئێران دەکوژرێن، لاوانی کورد بە تاوانی نیشتمانپەروەری ئەشکەنجە دەدرێن و ئێعدام دەکرێن، سامانی ژێرزەوی و سەرزەویی کوردستان بە تاڵان دەبرێ و کەمترین سوودی بۆ کوردەکان نییە، هەڵاواردن لە هەموو بوارەکانی پەروەردەیی، کولتووری، ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیی دژی کوردەکان پەیڕەو دەکرێ و بە گشتی دەکرێ بڵێین ڕەگەزپەرستی بە شێوەیەکی سیستماتیک و لە لایەن دامەزراوە فەرمییەکانی دەوڵەتەوە دژی نەتەوەی کورد بەڕێوە دەچێ. لە هەمان کاتدا هەموو ئەو جینایەتانە بە هۆی نەبوونی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی ئازاد و سەربەخۆ و هەروەها نەبوونی میدیای ئازاد، تێچووی ڕێژیم بە لانیکەمی خۆی گەیشتوە.

کردەیەکی ڕەگەزپەرستانەی پۆلیسێکی ئەمریکا کە دەسبەجێ دەسبەسەر کراوە و تەحویلی یاسا دراوە، کردەیەک کە نەتەنیا سۆزی ڕای گشتیی کۆمەڵگەی ئەمریکای ڕاکێشاوە بەڵکوو دەسەڵاتی سیاسی لە بەرزترین ئاستدا هێناوەتە سەر خەت، بۆتە هۆی سەرهەڵدانی قەیرانێکی گەورە لە ئاستی ئەمریکا و تەنانەت پەلی کێشاوەتە ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتان لە گۆشە و کەناری جیهان. هەموو دامودەزگا دەستوورییەکانی ئەمریکا کەوتوونەتە هەوڵ تا دڵنیایی بدەنە هاووڵاتییان کە بەرەنگاری ڕەگەزپەرستی دەبنەوە و ئیزن نادەن بۆ جارێکی دیکە ئەو دیاردەیە ئاسایشی مرۆڤ بخاتە مەترسییەوە.

لە گۆشەیەکی دیکەی جیهان و لە کرماشان هەڵسوکەوتی ڕەگەزپەرستانەی دامەزراوەی شارەوانی، گیانلەدەستدانی دڵتەزێنی ژنێکی کوردی لێکەوتەوە. ئەو کارەساتە کە درێژکراوەی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی زیاتر لە چوار دەیە تەمەنی کۆماری ئیسلامییە دژی نەتەوەی کورد، نە لە ئاستی ڕای گشتی و نە لە ئاستی دامەزراوە ڕەسمییەکان کەمترین کاردانەوەی لێ کەوتەوە و هەروەک بابەتی کوژرانی ڕۆژانەی کۆڵبەران وەک ڕووداوێکی ئاسایی و ڕووتین سەیری کرا.

***

کوردستان
● ژمارە: ٧٧٥
١٥ی جۆزەردانی ١٣٩٩ _ ٤ی ژوئەن ٢٠٢٠

# ئەوەی کۆماری ئیسلامی دەیخوازێ و ئەوەی ڕۆژئاوا خۆ لە دیتنی دەپارێزێ



و: کەماڵ حەسەنپوور




ڕێبەرانی دنیا بە دڵفراوانییەکی زۆرەوە سیاسەتێکیان بەرامبەر ئێران ڕەچاو کردوە کە بێئاکامە. کاتی خۆی ئامانجە سەرەکییەکانی شۆڕشی ئیسلامیی ١٩٧٩ بە ڕوونی لە لایەن ئایەتوڵڵا خومەینی باسیان کرا، واتە لە نێو بردنی دێموکراسی، شێوەی ژیانی ڕۆژئاوایی و سەپاندنی ئیسلامی شێعە بەسەر دنیادا.

لێکۆڵینەوە لە سیاسەتی ٤١ ساڵەی کۆماری ئیسلامی ڕاستییەکی بەهێز ئاشکرا دەکا، ئەویش ئەوەیە کە ئەو ڕێژیمە هیچکات ئەو ئامانجانەی وەلا نەناون و ئەوان هێشتا پرەنسیپی سەرەکی بۆ هاندانی ڕێژیمن. ئەوە ڕاستییەکە کە ڕۆژئاوا خۆ لە دانپێدانانی دەبوێرێ.

خومەینی نووسی: ”ئێمە دەبێ شەڕ بکەین، تا گشت گەندەڵی و ملهوڕییەک دژی یاسای ئیسلامی لە نێو دەچێ.“

سەرەڕای پەتای جیهانیی ڤیرووسی کۆرۆنا و کاریگەرییەکەی لەسەر ئێران، تەنانەت بە گوێرەی ڕاپۆرتی خۆیشیان کاریگەرییەکی خراپی هەبووە، بەڵام لەوانەیە لە ڕاستییدا لەوەش خراپتر بووبێ، لایەنە توندئاژۆکانی نێو ڕێژیم، هاوتەریب لەگەڵ ئامانجە ڕاستەقینەکەیان، زەختی خۆیان پاراستوە. لە ١٤ی ئاوریل، پیاوانی چەکدار بۆ ماوەیەکی کورت لە گەرووی هۆرموز دەستیان بەسەر پاپۆڕێکدا گرت کە ئاڵای هۆنگ کۆنگی هەڵدابوو و ستافەکەی چینی بوون.

**خومەینی لە بارەی ئامانجی سەرەکیی ڕێژیم زۆر بە ڕوونی دەدوا: ”ئێمە ئامانجی خۆمان دیاری کردوە کە بڵاو کردنەوەی دەسەڵاتی ئیسلام و سەرکوتی فەرمانڕەوایی داگیرکەرانی دنیایە.“**

ڕۆژی دواتر، ١١ بەلەمی سەر بە هێزی دەریاوانیی سپای پاسداران لە پاپۆڕی سەربازیی وڵاتە یەکگرتووەکان نزیک بوونەوە کە لە ئاوە نێونەتەوەییەکاندا خەریکی ڕاهێنان لەگەڵ هێلیکۆپتەری سەربازی بوون. پاپۆڕەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان چەند جار لە ڕێگەی ڕادیۆییەوە هۆشدارییان پێ دان، هۆرنیان بۆ لێدان و بە ئامێری هەرانانەوە، دەنگەدەنگیان ساز کرد. بەلەمە ئێرانییەکان پاش نزیکەی کاتژمێرێک شوێنەکەیان جێ هێشت.

لە ١٩٧٩ بەم لاوە دنیا بەرەوڕووی گیروگرفتی سەرچاوە گرتوو لە ڕێژیمی ئێران بوونەوە. لە ٤١ ساڵی ڕابردوودا ئێران بەردەوام یا بۆخۆی ڕاستەوخۆ، یا بەدەستی میلیشیا بەکرێگیراوەکانی وەک حیزبوڵڵا و حوسی، تاقمێک بۆمب دانان، هێرشی مووشەکی، مرۆڤکوژی و ئاکاری تێرۆریستییان لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و لە سەرانسەری دنیا بەڕێوە بردوون. دەیان ساڵە، ئێران بەهەمان شێوە هەوڵی لێبڕاوانەی داوە کە وزەی ئەتۆمی بەرهەم بێنێ، بەو ئامانجە، ئەگەرچی بە ئاشکرا ددانی پێدا نەناوە، کە بتوانێ چەکی ئەتۆمی دروست بکات.

وێناچێ ڕێژیمی ئێستا ئەو ئامانجەی وەلا نابێ. لە ٢٠١٥، لە هەوڵێکدا بۆ لە پەلوپۆ خستنی بەرمانە ئەتۆمییەکەی، ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ ئاڵمان ڕێککەوتنێکیان لەگەڵ ئێران واژۆ کرد. بێگومان هەموو بەشدارەکان، لە نێویاندا سەرۆک کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکان، باراک ئۆباما، باشترین مەبەستیان هەبوو. بەو ڕێککەوتنە، کە بووە هۆی دەسکەوتێکی مەزنی ئابووری بۆ ئێران، ئەوان پێیان وابوو خولیا ئەتۆمییەکانی ڕێژیمیان بۆ لانیکەم ١٥ ساڵ وەستاندوە و دنیایان کردۆتە شوێنێکی ئەمینتر. جگە لەوە ئەوان لەو بڕوایەدا بوون کە هەنگاوێکی گرینگیان بەرەو ئاسایی کردنەوەی پێوەندییەکان و گەڕاندنەوەی ئێران بۆ نێو کۆڕی وڵاتان هەڵگرتوە.

ئەوان هەڵە بوون. با لە زمانی سەرۆک کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکان، کە لە ٨ـی ژانویەی ٢٠٢٠ قسەی دەکرد، بگێڕمەوە: ”دوای ڕێککەوتنە گەمژانەکەی کە لە ٢٠١٥ واژۆ کرا، و ١٥٠ میلیارد دۆلاریان پێ درا، باسی ئەوەش ناکەم کە ١.٨ میلیارد پارەی نەغد بوو، ئێران دوژمنایەتیی زیاتر بوو. لە جیاتی ئەوەی بە وڵاتە یەکگرتووەکان بڵێن ”سپاس“، ئەوان هاواریان کرد ”بمرێ ئەمریکا“. لە ڕاستییدا ئەوان ئەو ڕۆژەی کە ڕێککەوتنەکە واژۆ کرا هاواریان کرد ”بمرێ ئەمریکا“. دوایە ئێران دەستی کرد بە تەڕاتێنی تێرۆر، بە پشتیوانیی داراییەک کە لە ڕێککەوتنەکە گیری کەوتبوو، لە یەمەن، سووریە، لوبنان، ئەفغانستان و عێراق جەهەننەمیان دروست کرد. ئەو مووشەکانەی شەوی ڕابردوو بە ئێمە و هاوپەیمانەکانمانییەوە نان، بەو داراییانە کڕابوون کە بەڕێوەبەرایەتیی پێشوو پێیانی گەیاند.“

دنیای شارستانی لە کوێ هەڵەی کرد. هەڵەکە هەمان هەڵە بوو کە دنیا بەرامبەر بە ئادۆلف هیتلێر کردی. کاتێک کە، بۆ یەکەم جار لە ١٩٢٥ کتێبی ماین کەمف [خەباتی من، کە هیتلێر نووسیویەتی. و.] چاپ کرا، هیچ کەس نەیخوێندەوە، ئەگەر خوێندیشیانەوە، کەس لەو بڕوایەدا نەبوو کە ئەو شتانەی گوتوونی بە مەبەستەوە بوون. بەڵام ئەو فەلسەفەی کە بیری سیاسیی هیتلەر لەسەریان دامەزرابوو لەوێدا باسیان کرابوو، بە عالەم ئاشکرا، چەند ساڵ پێش ئەوەی کە بگاتە پلەیەک تا جێبەجێیان بکا. ئەگەر سیاسەتوانان، یا دروستکەرانی بیروڕا، بە جیدییان وەرگرتبا، نەیاندەهێشت هیتلێر بگاتە ئەوپەڕی دەسەڵات. ئەو هەرگیز نەیدەتوانی ببێتە سەرۆکی ئاڵمان.

**ئایەتوڵڵا خومەینی: ”ئێمە دەخوازین ببینە هۆی وشکبوونی ڕیشەی زایۆنیزم، کاپیتالیزم و کۆمۆنیزم لە سەرانسەر دنیا. ئێمە دەمانهەوێ ئەو کارە بکەین کە خودای پڕتوانا دەخوازێ، ئەویش تێکشکاندنی ئەو سیستمانەیە کە لەسەر ئەو سێ بنەمایە دامەزراون و، بڕەو بە حکوومەتی ئیسلامیی پێغەمبەر بدەین.“**

ئەو هەڕەشەیەی ئێران لە دنیای خاوەن شارستانیی دەکا بە تەواوی لەگەڵ ڕێژیمی شۆڕشی ئیسلامی دێتەوە کە خەڵکەکەی لە ١٩٧٩ خوازیاری بوون. ئایەتوڵڵا خومەینی، کەسایەتیی سەرەکی بۆ ئاراستەی نوێی ئێران، لە دێسامبری ١٩٧٩ بوو بە ڕێبەری گەورە. فەلسەفەی ناوبراو، کە نەیدەشاردەوە و ٤٠ ساڵ لەمەو پێش لە بارەیدا نووسیبووی، دەیخواست کە یاسای شەریعەت دەستبەجێ لە نێوخۆدا بەڕێوە بچێ و سیاسەتێکی دەرەوە بەڕێوە بچێ کە ئامانجەکەی بڵاو کردنەوەی ئیسلامی شێعە لە سەرانسەری دنیا، بە هەر شێوەیەک کە بکرێ، بوو.

ئەو ڕای گەیاند: ”ئێمە شۆڕشی خۆمان هەناردەی سەرانسەری دنیا دەکەین. تا هاواری ’لا اله الا الله‘ لە هەموو دنیا بڵاو نەبێتەوە، خەبات درێژەی دەبێ.“ یا دیسان: ”دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی لە سەرانسەری دنیا مەزنترین ئامانجی شۆڕشە.“

هەوڵدان بۆ ئەو ئامانجە بنەڕەتییەی شۆڕشی ئیسلامی، دەوڵەتی سەرقاڵ کردوە یا ڕاستەوخۆ یا بە دەستی میلیشیا بەکرێگیراوەکانی، کە هەلی بۆ ڕەخساندوە تا خۆی لە وەئەستۆ گرتنی بەرپرسایەتی بدزێتەوە، لە زنجیرەی ئاکاری تێرۆریستی، وێرانی و مرۆڤکوژیی کە نە تەنیا بەرەوڕووی ئامانجی ڕۆژئاوایی کراونەوە، بەڵکوو دژی موسوڵمانانی غەیرە شێعەش بۆتەوە. خومەینی ڕای گەیاند: ”کوشتنی کافران، یەکێک لە نایابترین ئەرکەکانە کە خودا بۆ مرۆڤانی تەرخان کردوە.“

ئەو لەبارەی ئامانجی سەرەکیی ڕێژیم زۆر بە ڕوونی دەدوا: ”ئێمە ئامانجی خۆمان دیاری کردوە کە بڵاو کردنەوەی دەسەڵاتی ئیسلام و سەرکوتی فەرمانڕەوایی داگیرکەرانی دنیایە.“

ئەوە دوژمنایەتیی لێبڕاوانەی ئێران دژی عەرەبستانی سعوودی سوننی شی دەکاتەوە. پاشایەتیی عەرەبستان کە دوو لە پیرۆزترین شارەکانی ئیسلام، مەککە و مەدینە، لە نێو سنوورەکانیدا هەڵکەوتوون، خۆی بە ڕێبەری دنیای ئیسلام دەزانێ، ئیدیعایەک کە بە توندی لە لایەن ئێران خستراوەتە ژێر پرسیار. ڕێژیم، عەرەبستانی سعوودی وەک ڕکابەری مەزن لە ڕوانگەی سیاسی و، هەروەها دینی و هێژمۆنیی ناوچە سەیر دەکا. لە ١٩٨٧، ئایەتوڵڵا خومەینی ڕای گەیاند کە مەککە لەدەست ”تاقمێک بێدین“دایە.

عەرەبستانی سعوودی بە هەمان شێوە وڵام دەداتەوە. لە ٢٠١٨، شازادەی جێگرەوەی سعوودی، محەممەد بین سەلمان، ڕای گەیاند کە ڕێبەری گەورەی ئێران، ئایەتوڵڵا خامنەیی ”ڕووی هیتلێری سپی کردۆتەوە [...] هیتلێر هەوڵی دا ئورووپا داگیر بکا. ڕێبەری گەورە هەوڵ دەدا دنیا داگیر بکا.“

ترامپ پەیتا پەیتا حاشای کردوە کە مەبەستی گۆڕینی ڕێژیم بێ، ئەو دەڵێ دەیهەوێ تەنیا پاشەکشە بە چالاکییە تێرۆریستییەکانی ئێران بکا و وتووێژی نوێ لە بارەی ڕێککەوتنێکی نوێی ئەتۆمی ئامانجیەتی. ئەگەر ئەوە لە کۆتاییدا بە ئابلۆقەی چڕ لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکان بێتە ئاراوە، زۆر شتێکی باش دەبێ. بەڵام سەیر کردنی ڕاستییەکان بە چاوی ئاوەڵا دەری دەخا کە ژیانی ڕاستەقینە لەگەڵ ئەو ڕێژیمە شتێکی مومکین نییە. ڕێبەرانی دنیا دەیانهەوێ باوەڕی پێ بکەن بەڵام ناتوانن، یا نایانهەوێ ببینن کە ئەوە حاشا کردن لە ئامانجی سەرەکیی ڕێژیمی شۆڕشگێڕی ئێرانە، واتە هۆی سەرەکیی بوونی ئەو ڕێژیمە.

ئەوانە وشەی دامەزرێنەری ڕێژیمن، یەکەم ڕێبەری گەورە، ئایەتوڵڵا خومەینی: ”ئێمە دەخوازین ببینە هۆی وشکبوونی ڕیشەی زایۆنیزم، کاپیتالیزم و کۆمۆنیزم لە سەرانسەر دنیا. ئێمە دەمانهەوێ ئەو کارە بکەین کە خودای پڕتوانا دەخوازێ، ئەویش تێکشکاندنی ئەو سیستمانەیە کە لەسەر ئەو سێ بنەمایە دامەزراون و، بڕەو بە حکوومەتی ئیسلامیی پێغەمبەر بدەین.“

**ئورشەلیم پۆست – نەویل تێلێر**

# خشپەی مەترسییە شاراوەکان



جەمیل سەرمەستی

هەر گەل و نەتەوەیەک لەم سەردەمەدا کە جوغرافیایەکی تایبەت و دیاری بۆ خۆی نەبێ و خاوەن دەسەڵات و هێز نەبێ و، بە گشتی بێبەش لە سەروەریی سیاسی بێ لە هیچ بازنەیەکی سیاسیی ئەوتۆدا کە مافەکانی دیاری بکرێ جێگای نابێتەوە و، ئەگەریش جاروبار ئاوڕێکی لێ بدرێتەوە ئەوە بێگومان بە واتای بەزەیی دەسەڵاتی سەروەترە نەک گەیشتن بە مافێکی سیاسی.

ئێمەی کورد خەڵکی وڵاتێکین بە ناوی کوردستان، بە جوغرافیا، فەرهەنگ و مێژوو و زمان و کولتوورێکی هاوبەش و تایبەت بە خۆمان هەیە، کە بەداخەوە لە لایەن داگیرکەرانەوە لەگەڵ ئەوەی کە دابەش کراوین مافی دەسەڵات و سەروەرییشمان لێ ستێندراوە و، سروشتییە کە ئێمەش بە شێوازگەلێکی جیاوازا ڕووبەڕووی ئەم داگیرکارییانە بووینەتەوە و؛ لەم پێناوەشدا دەسکەوتمان هەبووە و زۆر شتیشمان لە کیس چووە.

جیا لە خەباتی چەکداری کە بەشە دیار و بەرچاوەکەی شەڕە، جۆرە شەڕێکی سارد و نادیار و شاراوەش لە نێوان دوو بەرەی شەڕدا دێتە ئاراوە و، تێگەیشتن لە مەبەستە شارەوەکانیشی پێویستیی بە وشیارییەکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی بکرێ بەرپەرچی بدرێتەوە.

زۆر ناگەڕێینە دواوە و لە کۆماری ئیسلامییەوە دەگێڕینەوە و بە تایبەت دوای قۆناغی شەڕی چەکداریی چڕوپڕ، دابڕانی هێزی پێشمەرگە لە خەڵک و خاکەکەی، دەستی دوژمنی بۆ داڕشتنی پیلانەکانی ئاوەڵاتر کرد. سەرەڕای ڕاگرتنی چالاکیی پێشمەرگانە لە لایەن هێزە کوردییەکانەوە، ڕق و قینی دەسەڵاتدارانی تاران بە نیسبەت کورد و کوردستان زۆر لەوە زیاتر بوو کە دەستبەرداری پیلانی دوژمنکارانەیان بن. بۆیە لە ڕێگەی نەرم و بە خشپەوە بەرنامەیان بۆ داڕمانی کۆمەڵگەی کوردستان و تاکی کورد داڕشت و هەموو ئەو دەسەڵاتەیان بۆ لێدانی بیر و هزر و جەستەی کۆمەڵگەی کوردستان و تەنانەت ژینگەی کوردستان بەکار هێناوە.

لە پەرەپێدان و هێنانی مادەی هۆشبەر بۆ کوردستان و بنبڕکردنی توانایی و وزەی لاوانی کوردەوە بگرە، تا هەوڵی تواندنەوەی زمان و فەرهەنگ و کەلەپوورمان، تا دزینی ئاسەوارە کۆن و مێژووییەکانی ئەم گەلە و، تێکدانی ژینگە و ئاگرتێبەردانی دارستان و لەوەڕگەکانی کوردستان و، لێکەوتەی ڕۆچوونی زەوی و زۆربوونی لافاو و خەسارەکانی و، لێدانی دەیان بەنداو و وشککردنی ڕووبار و چۆمەکان (کە کاریگەریی یەکجار خراپی لەسەر ژیانی خەڵک و ژینگەی کوردستان داناوە). هەروەها دزینی سەرمایەی ئاوی کوردستان و گواستنەوەی بۆ شارەکانی دیکە و، بێجگە لە بە تاڵان بردنی سەرچاوە سروشتی و کانزا بایەخمەندکانی تری کوردستان بە مەبەستی مانەوەی خۆیان و لە نێو بردنی ئەم نەتەوە، کۆمەڵێک لەو پیلانانەن وا بەڕێوە دەچن.

هەوڵە خێرا و بە بەرنامەکانی کۆماری ئیسلامی و بێدەنگی و ناچالاکیی بزووتنەوەی کورد، ڕەنگە لێکەوتەی وای بە دوادا بێ کە ئیتر خاکێک بە ناوی کوردستان نەمێنێ کە ئێمە شەڕ بۆ سەروەریی خەڵکەکەی بکەین. دەگێڕنەوە دزێک خەریکی بڕینەوەی قوفڵی دووکانێک دەبێ و ڕێبوارێک لێی دەپرسێ: ”مامە گیان خەریکی چیت؟“ کابرای دز لە وڵامدا دەڵێ: ”خەریکی لێدانی سازم.“ ئەویش دەڵێ: ”بۆ بێدەنگە؟“، دز دەڵێ: ”سبەی دەنگی دەردێ پەلە مەکە.“

وێدەچێ ئێمەش نامانەوێ پەلەی لێبکەین و چاوەڕوانی دەنگی بێدەنگیی داڕمانی ژینگە و ژیانی کوردستان و دەروونی خەڵکەکەمانین و کاتێک وەخۆ دەکەوین کە ڕەنگە دێر بێ.

لە ڕاستییدا بۆ شیکردنەوەی هەر کام لەم خەسارگەلە سەدان کتێب پێویستە بنووسرێ تا بزانین چ مەترسیگەلێکی شاراوە بەرۆکی پێگرتووین و، ئێمەی کوردیش هەر بە پێوانەکەی جاران دەیپێوین و زۆر جار دەڵێن شەڕ ماڵوێرانی دێنێ، گەلۆ ئاخۆ شەڕەکە ماڵوێرانکەرترە یان بێدەنگییەکە؟!

ئەگەر بمانەوێ هەڵوێستەیەک لەسەر ژینگە بکەین دەبێ بزانین، پرسی ژینگە تەنیا زبڵ کۆکردنەوە و چاندنی نەمام نییە، سیاسەتە ئامانجدارەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ تێکدانی ژێرخانی ژینگەیی کوردستان زۆر بە خشپە و بەردەوام بەرەو پێش دەچێ. ساڵانێکە کۆماری ئیسلامی بە بیانووی جیاجیاوە دەستی داوەتە تێکدانی ژینگەی کوردستان و هەم قازانجی ئابووریی لێدەکا و، هەمیش بە گشتی ئێکۆسیستمی ئەم ناوچەیە بەرەو ئاقارێکی مەترسیدار دەبا، کە دەبێ بزووتنەوەی کورد سەرنجێکی تایبەت و خێرا بەم بوارە بدا و سیاسەتی خۆی بۆ بەرگری لە ژینگەی کوردستان وردتر دابڕێژێ و لە هەمووی گرینگتر بۆ ڕاگرتنی کوردستانێکی ئاوەدان بۆ ئێستا و دوارۆژ هەنگاوی کردەیی پێویستە.

درگای کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ کوردستان لەسەر یەک پاژنە دەسووڕێ، کوردستان شوێنێکی ئەمنیەتییە و بە چاوێکی ئەمنیەتییشەوە دەڕواننە کێشە و پرسەکانی. هەر بۆیە تەنیا مەبەستیان لە هەر چالاکییەکیان لە کوردستان تەنیا زەربەلێدان لەم ناوچەیە. مافیای سپای پاسداران لەگەڵ دەسپێکی پرۆژەی بەنداو لێدان لە ئێران، کوردستانیشی بەجێ نەهێشت. بە ڕاگواستنی ئاوی کوردستان بۆ شوێنەکانی تر بە واتایەکی دیکە وێرانکردنی کوردستان بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئێران کە تەنیا لە پرۆژەیەکدا بێجگە لەو ژینگەیەی کە تێکیداوە ١٨٠ کیلۆمیتر تونێلی لێداوە و، تەنیا ١٠٪ی ئاوی کوردستان بۆ خۆی دەبێ و ٩٠٪ی بۆ شوێنەکانی دیکەی ئێران دەگوازنەوە.

ئەگەر وشیار نەبین کۆماری ئیسلامی لە داهاتوویەکی نزیکدا ژێرخانێکی بەتاڵ، ژینگەیەکی بێکەلک و تەنانەت مەترسیدار و نەخۆش و پڕ لە قەیرانی ژینگەیی و مرۆییمان بۆ بەجێ دێڵێ.

هەگبەی شاخ و شۆڕش



# «مچەڕەش» لە کۆمارەوە هەتا خێڵەڕەش



برایم چووکەڵی

ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی، سەعات ١١ی سەر لە بەیانی جاشە خۆفرۆشەکان و گرووپی زەربەتی سپای پاسداران هێرشیان کردە سەر بازاڕی خێڵەڕەش و بە چەکی ئارپیجی و بیکەیسی ئاوربارانیان دەست پێکرد. هەر وەک هەمیشە پێشمەرگەکانی مەڵبەندی بانە لەژێر فەرماندەهیی مستەفا ڕەحیمی ناسراو بە مچەڕەش، دەستیان بە بەربەرەکانی کرد. بەم شێوەیە و لەژێر ڕێنوێنیی مچەڕەشدا دوژمن پاش ئەوەی کە چەندین کوژراو و برینداری لێکەوتەوە ناچار بە پاشەکشە بوو. لە کۆتایی شەڕەکەدا بەداخەوە مستەفا کەوتە بەر گوللەی داگیرکەرانی کوردستان و بە توندی بریندار بوو، مخابن پاش سەعات و نیوێک بەربەرەکانی لەگەڵ مەرگ کۆتایی بە ژیانی خەباتگێڕانەی هات.

«مچەڕەش» لە ساڵی ١٢٩٠ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی وەرزێر و هەژار لە گوندی «کانیزۆراب»ی ناوچەی فەیزوڵابەگیی سەقز لەدایک بوو. لە دنیای پڕ لە زوڵم و ستەمی دەرەبەگایەتیی ئەو سەردەمەدا گەورە بوو و، هەر بە هۆی هەژاری و هەڵاواردنەوە نەیتوانی بچێتە قوتابخانە و نەخوێندەوار مایەوە. پاشان بە بنەماڵەوە بە هۆی ستەم و زۆرداریی ئاغای دێ و نەبوونی ژیانێکی ئاسوودە لە «کانیزۆراب» باریان کرد و لە ئاواییەکانی ناوچەی «بابۆسی» بانە گیرسانەوە. مستەفا بە هۆی نەبوونی زەوی و زار دەستی بە شوانی کرد. لە تەمەنی ٢٥ ساڵییدا باوکی لەدەست دا و پاش ماوەیەکیش دایکی خۆشەویستی و، بەم جۆرە دەردەکانی لەسەر یەک کەڵەکە بوون.

زوڵموزۆری ژاندارمەکان وای لە خەڵک کرد کە مستەفا چەکێک بکڕێ و لە دەرفەتی لەباردا بەرانبەر ژاندەرمەکان ڕابوەستێ و دیفاع لە خۆی و خەڵک بکا، هەر ئەودەم بوو کە تیشکی هیوا و ئازادی لە ناوچەی مەهاباد هەڵات و کۆماری کوردستان بە دەستی پێشەوا قازی محەممەد دامەزرا. مستەفا وەک هەموو کوردێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر شادیی لە دڵدا گەڕا و بۆ پارێزگاری لە کۆماری تازە دامەزراوی کوردستان بوو بە پێشمەرگە و چالاکانە لە شەڕەکانی میرەدێ، کۆننەڵان و ناوچەی ڕەبەت لە سەردەمی کۆماردا بەشداریی کرد. پاش ئەوەی کۆمار بە دەستی ڕێژیمی پاشایەتی و نۆکەرانی ڕووخا، مستەفا قەت دوژمنایەتیی ڕێژیمی بەرانبەر بە گەلی کورد لە بیر نەچووەوە، قەت ورەی شۆڕشگێڕی بەرنەدا و لە بەرانبەر زوڵم و ستەمی ژاندارمەکاندا ملی کەچ نەکرد. مام مستەفا لە نێو خەڵکدا بە هۆی کردەوەی شۆڕشگێڕانە و دڵسۆزیی بە ئینسانێکی بە بیروباوەڕ ناسرابوو لە بەرانبەر ناحەقییدا ڕادەوەستا.

شەهید مستەفا دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بۆ جارێکی دیکەش بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی کورد دەستی دایەوە چەک و بێ سێ و دوو کردن هاتەوە نێو ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، تا ڕێگای پێشەوا درێژە پێبدا و ئامانجە لەمێژینەکانی گەلی کورد بە حەول و تێکۆشانی بێوچانی بێنێتە دی. مام مستەفای بە بیر و باوەڕ لە شەڕی ٣ مانگە وەک ئاربابای سەرکەش بەرانبەر بە هێرشی دوژمنان ڕاوەستا لە سەنگەردا ورەی دەدا بە هاوسەنگەرانی، هانی دەدان هەتا قورس و قایمتر لە بەرانبەر هێرشی دوژمنانی کوردستاندا، کە هەڕەشە لە مان و مەوجوودیەتی گەلی کورد دەکەن بوەستن.

ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ئەزموونی لە ژیانی پێشمەرگایەتی دەخستە سەر یەک. بە هۆی کارامەیی و باوەڕی لە بڕاننەهاتووی لەم تەمەنەدا بە ورەوە هاودەمی شاخ و کێوەکانی کوردستان بۆ ڕزگاری و وەدیهێنانی ئامانجی حیزب بوو. لەگەڵ پێشمەرگە لاوەکاندا بە سەبر بوو و دڵسۆزانە ئەزموون و وانەکانی ژیانی پێشمەرگایەتیی خۆی پێ دەوتنەوە.

ئەم تایبەتمەندییانە بوو بە هۆی ئەوە مستەفا ڕەحیمی لە پاییزی ٦٢ بە فەرماندەریی دەستەیەک لە پێشمەرگەکان دیاری بکرێ. ئەو بە کردەوە نیشانی دا شیاوی ئەم بەرپرسایەتیی‌یە و دەتوانێ بەرپرسایەتیی زیاتریشی بە هۆی لێهاتووییەوە پێ بسپێردرێ. مستەفا وەک فەرماندەیەکی بەوەج و کارامە لە شەڕەکاندا ڕۆڵی خۆی دەنواند و لە سەنگەری پێشەوەدا بوو، بە بەرنامەوە شەڕی دەکرد. شەڕەکانی کەلیخان، چۆمی ڕەشە قەڵات، ئاربابا، دەوسێنە، پشتی کانیناو، پشتی بۆیەن، ڕێگای بانە-ئارمەردە و بانە-سەردەشت؛ هەمووی شاهیدی بۆ بوێری و ئازایەتیی ئەم قارەمانە نەمرە و ئەم دڵسۆزە نیشتمانپەروەرە و فەرماندە هەڵمەتبەرە دەدەن. دوژمن بە بیستنی ناوی زراوی دەچوو چونکە دەیانزانی لە هەر شەڕێکدا بەشداری بکا ناتوانن خۆ دەرباز بکەن.

مستەفای قارەمان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لێهاتوویی و کارامەیی خۆی پتر دەردەخست پاش ماوەیەک بە فەرماندەریی لکی شەهید حەمەدەمینی مەعرووفی لە هێزی ئاربابا دیاری کرا. ناوبراو بە هەموو هەست و وجوودیەوە لە ئامانجەکانی گەل دیفاعی دەکرد. هەرچەند یەکێک لە کوڕەکانی بە ناوی ئەحمەد شەهید بوو، بەڵام شەهید بوونی ئەحمەدی کوڕی ئیمان و بڕوای لە خەبات دژی دوژمنانی زیاتر کرد. شەهید مستەفا فەرماندەیەکی ئەرکوەخۆگر بوو. پیلانەکانی دوژمنی پووچەڵ دەکردەوە، هەمیشە هاوڕێکانی بە ئەخلاقی شۆڕشگێڕانە ڕێنوێنی دەکرد. وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێ کرا بەداخەوە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٦٤ گیانی بە نیشتمان بەخشی.

# لە دیکتاتۆرییەوە تا دێموکراسی

## (کودێتا، هەڵبژاردن یان ڕزگاریدەری بیانی؟)

جین شارپ
و: مەنسوور مروەتی

**هەر وەک لە ژمارەی پێشدا باس کرا و لە ژمارەکانی داهاتووشدا وەک زنجیرە باس بەرچاوتان دەکەوێ، لە دیکتاتۆرییەوە تا دێموکراسی ناوی توێژینەوەیەکی "جین شارپ"، بیرمەندی ناوداری بواری خەباتی مەدەنی و ناتوندوتیژە. شارپ ساڵی ١٩٢٨ لە ئۆهایۆی ئامریکا لەدایک بووە، دوکتۆرای فەلسەفەی سیاسیی بووە و جیا لە مامۆستایەتی لە زانکۆکانی ئامریکا، بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر خەباتی ناتوندوتیژ سەردانی زۆر وڵاتی کردوە و تەنانەت زۆر جاریش بۆ پەروەردەکردنی خەڵک سەری لە وڵاتانی دیکتاتۆرلێدراو هەڵێناوە و لەوە گرینگتر لە چەند وڵاتێک خۆی گەیاندووەتە ریزی پێشەوەی ناڕازییان و تێکەڵ بە خەڵکی ئازادیخوازی ئەو وڵاتانە بووە. کاکڵی ئیدەکانی جین شارپ ئەوەیە کە "دیکتاتۆرەکان هێزی سەرەکیی خۆیان لە گوێڕایەڵی و ملکەچیی خەڵکەوە وەدەست دێنن، ئەگەر خەڵک ئاوا ملکەچ و گوێڕایەڵی دەسەڵاتداران نەبن دەتوانن دیکتاتۆرەکان بە چۆکدا بێنن یا دەنا مەجبوور بە ئاڵوگۆڕیان بکەن."**

**لەم زنجیرە باسەدا باس لە بنەما فیکرییەکانی "جین شارپ" بۆ خەبات دژی دیکتاتۆری دەکرێ:**

کودێتای سەربازی ڕەنگە لە ڕواڵەتدا ئاسانترین و خێراترین ڕێگای ڕووخاندنی ڕێژیمێکی بێزراو بێ، بەڵام بەکردەوە کێشەی زۆرە. لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە کە کودێتای سەربازی هیچ ئاڵوگۆڕێک لەو دابەشکارییە نادروستەی کە لە نێوان خەڵک و بژاردەکانی خاوەن دەسەڵات و هێزە چەکدارەکاندا کراوە، پێک ناهێنێ. لادان و پەراوێزخستنی کەسەکان یا گرووپە تایبەتەکان لە پۆستە دەوڵەتیەکان تەنیا جێگا و ڕێگا بۆ هەندێ کەس و گرووپی هەلپەرست خۆش دەکا. لەوانەیە لە بیرۆکەی ئەم کەس و گرووپە نوێیانەدا وێکهەڵکردنێکی زیاتر لەگەڵ خەڵک لە چاو ئەوانەی پێشوو هەبێ و زیاتر لە ڕابردوو هاندەری پێشڤەچوونی ئازادی بن، بەڵام ئەگەری هەنگاوی پێچەوانەش زیاترە.

دەسەڵاتدارانی نوێ دوای سەپاندنی هێزی خۆیان لەوانەیە خراپتر لەوانەی پێش خۆیان بن، بۆیە گرووپی تازە _کە خەڵک هیوای زۆریان پێبوون_ دوای سەپاندنی دەسەڵاتەکەیان بێخەم لە دێموکراسی یا مافی مرۆڤ چییان پێ خۆش بێ بیکەن.

هەربۆیە کودێتا وڵامێکی شیاو بۆ کێشەی دیکتاتۆری نییە.

هەڵبژاردنەکانیش لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتە دیکتاتۆرەکاندا ئامرازێکی لەبار بۆ ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لەو پێکهاتە سیاسیەدا نین. هەندێ لە حکوومەتە دیکتاتۆرەکان جارجارە بۆ نیشاندانی ڕواڵەتی دێموکراتیکی خۆیان هەڵبژاردنیش دەکەن (چەشنی هەڵبژاردنەکانی وڵاتانی سەر بە بەرەی سۆڤیەتی پێشوو)، بەڵام ئەم هەڵبژاردنانە لە ڕاستیدا گشتپرسییەکی ئامادەکراون کە تەنیا بە مەبەستی نیشاندانی پشتگیریی خەڵک و هەڵبژاردنی یەکێک لە کاندیداکانی دەستنیشانکراوی دیکتاتۆر دەکرێ. ئەگەر کاندیداگەلێکی دژبەریش ڕێگای بەشدارییان بدرێتێ و تەنانەت لە لایەن خەڵکەوە هەڵیش‌بژێردرێن (وەکوو هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٨٨ی سەرکۆماریی ئێران یا هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شورای ئیسلامی. وەرگێڕ.) ئەوە زۆر بەئاسانی ئاکامی هەڵبژاردنەکان لە لایەن دیکتاتۆرەوە ڕەت دەکرێنەوە. هەندێ جاریش کاندیدای سەرکەوتوو دەترسێنن، دەیگرن یا تەنانەت دەشیکوژن. دیکتاتۆر هیچکات بەئاسانی ڕێگا بە هەڵبژاردنێک نادا کە ئەو لە کورسیی دەسەڵات بێنێتە خوارێ.

هەندێ جار کەسانێک کە لە حکوومەتە دیکتاتۆرەکاندا ئازار دەچێژن یا کەسانێک کە بۆ دەرباز بوون لە دەستی وان ڕێگای هەندەرانیان گرتۆتە پێش، باوەڕ ناکەن کە خەڵکی چەوساوە بتوانن خۆیان ڕزگار بکەن. ئەم کەسانە هیوایان بە هێزە بیانیەکانە. ئەوان پێیان‌وایە کە تەنیا یارمەتیی نێودەوڵەتی توانای هێنانەخوارەوەی دیکتاتۆریی هەیە.

ئەم ڕوانگەیە کە خەڵکی چەوساوە توانایی کاری گرینگ و شوێندانەریان نییە لە هەندێ سەردەم و کاتی تایبەتدا خۆ دەنوێنێ. هەروا کە باس کرا خەڵک لەم کاتانەدا هیوابڕاو دەبن و بەشێوەی کاتی توانایی خەباتیان نامێنێ، چونکە بۆ خەبات بەدژی دیکتاتۆر ورەیان بەر داوە و ڕێگایەک بۆ ڕزگاری نابیننەوە. لەم هەلومەرجەدا ئاساییە کە کۆمەڵێک کەس بۆ ڕزگاری هیوایان بە خەڵکی دیکەیە و چاوەڕێی دەستێوەردانی هێزی بێگانە دەبن. ئەم هێزە ڕزگاریدەرە بێگانەیە دەکرێ بەرهەمی ڕێکەوتنی وڵاتانی دیکە، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، وڵاتێکی تایبەت یان پەسندکردنی کۆمەڵێک یاسای نێودەوڵەتیی ئابووری و سیاسی بەدژی دیکتاتۆریی زاڵ بەسەر وڵاتێکدا بێ.

ئەم سیناریۆیە لە ڕواڵەتدا بە دڵەوە دەنووسێ، بەڵام لەمپەری زۆر گەورەش لەسەر ڕێگای متمانەکردن و پشتبەستن بە ڕزگاریدەرانی بیانی هەیە. ئەم متمانە و پشتبەستنە ڕەنگە زۆر بێ مانا بێ، چونکە لە ڕاستیدا هیچ هێزێکی بیانی بۆ ئاڵوگۆڕ لە وڵاتێکی دیکەدا ڕاستەوخۆ و بەکردەوە دەستێوەردان ناکا، ئەگەریش هات و کردی ئەوە نابێ زۆر متمانەی پێ بکرێ.

لێرەدا پێویستە چەند ڕاستییەکی تاڵ لە سەر چاوەڕوانی و هیوا بە دەستێوەردانی وڵاتانی بێگانە بخەینە ڕوو:

_ وڵاتانی دیکە زۆر جار لە بەرژەوەندیی سیاسی و ئابووریی خۆیان، لەگەڵ دەوڵەتانی دیکتاتۆردا دەسازێن و تەنانەت پشتیوانیشیان لێ دەکەن.

_ وڵاتانی بیانی جاری وایە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆیان مامەڵە بەو کەسە ئازادیخوازانەوە دەکەن کە وەکوو پەنابەر لە وڵاتەکەیاندا داڵدەیان داون.

_ هەندێ لە وڵاتانی بیانی تەنیا بە مەبەستی دەستبەسەرداگرتن و کۆنترۆڵی سەربازی، سیاسی و ئابووریی وڵاتان، لە دژی دیکتاتۆریی زاڵ بەسەر ئەو وڵاتانەدا دێنە مەیدانەوە.

_ هێزە بێگانەکان تەنیا لە کاتێکدا چالاکانە یارمەتیی وڵاتانی ژێردەستەی دیکتاتۆر دەدەن کە تێکۆشەرانی نێخۆی ئەو وڵاتانە پێشتر بەدژی دیکتاتۆر ڕاپەڕیبن و لەم ڕێگایەوە زوڵم و زۆریی ئەو ڕێژیمانەیان پیشانی دنیای دەرەوە دابێ.

درێژەی ژیان و دەسەڵاتی دیکتاتۆرەکان بەستراوە بە شێوازی دابەشکردنی دەسەڵات لە نێو نزیکانی خۆیاندا. بۆیە کۆمەڵگە و چین و توێژەکانی خەڵک هێزی ئەوەیان نییە کە دیکتاتۆرەکان بەرەوڕووی کێشە و بەرگژەی توند بکەن و، و سەروەت و سامان و هێز لە دەستی تاقمێکی دیاریکراودایە. دیکاتۆرەکان سەرەڕای ئەوەی کە ڕەفتاری هێزە نێودەوڵەتییەکان کاریان تێدەکا و لەوانەشە لاوازیان بکا، بەڵام بەردەوامیی دەسەڵاتیان لە کۆتاییدا لە گرەوی فاکتەرە نێوخۆییەکان‌دایە.

ئەگەر جموجۆڵی نێوخۆیی هەبێ، پشتگیرییەکانی نێودەوڵەتی لەو جموجووڵانە زۆر بەکەڵک دەبێ. بۆ وێنە گەمارۆ ئابوورییەکان، پچڕانی پێوەندیی دیپلۆماسی، دەرکردن لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، قەدەغە و بەرتەسککردنەوەی پێوەندییەکان، هەڵوێست و شەرمەزارکردنی خراپەکاریی دیکتاتۆرەکان لە لایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە و زۆر بابەتی دی لەو چەشنە دەتوانێ یارمەتیدەرێکی گەورەی ئەو جموجۆڵانە بێ. بەهەرحاڵ لە نەبوونی بزووتنەوەیەکی بەهێزی نێوخۆییدا، ئەمانەی کە باس کرا ئەگەری ڕوودانیان کەمە و ئەگەریش بکرێ کاریگەرییەکی ئەوتۆی نابێ.





### ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ڕاستییەکان

بۆ بەچۆکداهێنانی دیکتاتۆر بە کەمترین تێچوو چوار هەنگاوی سەرەکی پێویستە:

١) پێویستە ئیرادە، باوەڕبەخۆیی، نەفس‌بەرزی و شارەزایی پێویست بۆ خەبات و بەرگری لە خەڵکدا بەهێز بکرێ.

٢) پێویستە گرووپە کۆمەڵایەتییە سەربەخۆ و دامەزراوەگەلی تایبەت بە خەڵک دابمەزرێ و بەهێز بکرێن.

٣) پێویستە هێزێکی بەهێزی نێوخۆیی دروست بکرێ.

٤) پێویستە گەڵاڵەیەکی ستراتیژیکی ژیرانە بۆ وەدەستهێنانی ئازادی دابڕێژرێ و بە لێزانییەوە بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

خەبات بۆ ئازادی، دەبێ بگاتە ئەوپەڕی متمانەبەخۆبوونی گرووپەکانی گرێدراوی خەبات و بەهێزکردنی هێزەکانی گۆڕەپانی خەبات لە نێوخۆی وڵاتدا. وەک چۆن چاڕلز ئیستوارت پارنل ـ ڕێبەری بزووتنەوەی خەڵکی ئیرلەند لە بەرانبەر ئینگلستان، کە زیاتر پێداگریی لەسەر خەباتی پاڕلمانی دەکرد لە بری خەباتی توندوتیژ_ لە ساڵی ١٨٧٩ لەنێو مانگرتوانی ئیرلەندی کە بەدژی کرێی خاوەن ملکە ئینگلیسیەکاندا گوتبووی:

"پشتبەستن بە دەوڵەت هیچ قازانجێکی نییە... پێویستە تەنیا پشت بە ئیرادەی خۆتان ببەستن... بە یەکڕیزی یارمەتیی خۆتان بدەن، لاوازەکان بەهێز بکەن... پێکەوە پێوەندیی دروست بکەن و خۆتان ڕێک بخەن و ڕێکخستنتان هەبێ... دواجار سەر دەکەون. کاتێ داخوازییەکانی خۆتان بۆ سەرخستن ئامادە کرد، هەر ئەوکاتە و نە پێشتر، هەوڵەکانتان سەردەکەوێ."

بە هێزێکی بەهێز و پشت‌ئەستوور بە خۆ و، بە ستراتیژییەکی ژیرانە، چالاکیی بوێرانە و ڕێکوپێک و کەلک‌وەرگرتن لە هێزێکی ڕەسەن، لە ئاکامدا هەموو دیکتاتۆرێک دەڕووخێ؛ بەڵام لە سەرەتادا دەبێ ئەو چوار خاڵەی سەرەوە کە باس کران، هەنگاویان بۆ هەڵگیرابێ.

هەروەک لەم باسەدا بەر چاو خرا، ڕزگاری لە کۆت و بەندی دیکتاتۆرەکان لە کۆتاییدا بە جۆری هەڵسوکەوتی ئەو خەڵکەوە بەستراوە کە دەیانەوێ بە ئازادی بژین. هەندێ لە شێوەکانی خەباتی سیاسی یا خەباتی ناتوندوتیژ* کە باس کران، دەری دەخا کە ئەم جۆرە خەباتانە ئامرازێکی باشن بۆ گەیشتن بە ئازادی، بەڵام هێشتا بەوجۆرەی پێویستە جێ نەکەوتوون.

لە بەشەکانی دیکەی ئەم زنجیرە نووسینەدا هەوڵ دەدرێ بە ناساندن و شیکردنەوەی وردی خەباتی ناتوندوتیژ، ڕێگایەکی کاریگەر بۆ بەرنگاربووونەی دیکاتۆرەکان بخرێتە ڕوو. هەڵبەت لە جێدا پێویستە ئاوڕێکیش لە وتوویژ (دانوستان) بدەینەوە، وەکوو ڕێگایەک بۆ پاشەکشەکردن بە دیکتاتۆر.

***

خەباتی توندوتیژ لە فۆڕمی بەرگریی چەکداری و تێکۆشانی پێشمەرگانە مافی سروشتی هەر نەتەوەیەکە و لە قانوونی نێودەوڵەتیشدا لەژێر ناوی "بەرگریی ڕەوا" ڕەواییەتی پێدراوە. بۆیە باس لە خەبات و تێکۆشانی ناتوندوتیژ بەدژی سیستمە توتالیتێر و دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان بە هیچ شێوەیەک بەمانای ڕەتکردنەوەی خەبات و بەرگریی چەکدارانە و بردنە ژێر پرسیاری ئەم مێتۆدە بۆ دەستەبەری ئازادی و مافە نەتەوایەتییەکان نییە. (وەرگێڕ)

# «بووکی ئازادیم ئەویٚ خویٚنم خەنەس بۆ دەست و پیٚی»

## (لە پەنجاوپێنجەمین ساڵوەگەڕی مەرگی شاعیری چەوساوەکاندا)


کەریم فەرخەپوور



ئەمساڵ پەنجاوپێنج ساڵ بەسەر مەرگی شاعیری شێعری بەرگری و بەگژداچوونەوە، شاعیری چەوساوەکان، شاعیری ناوداری گەلەکەمان مامۆستا "قانع"دا تێدەپەڕێ، بەڵام هەست و بیری کوردانە و ڕێبازی تەژی لە کوردایەتیی قانع پاش ئەم هەمووە ساڵەش هەر لە برەو و هەڵکشاندایە.

قانع لە ساڵی ١٨٩٨ـــی زایینی لە بنەماڵەیەکی ئایینی لە گوندی "دۆلاش"ـی مەریوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بوو. دوای چل ڕۆژ لە لەدایکبوونی، باوکی مرد و دواتر دایکیشی لەدەست دا. لەو کاتەوە قانع شوێنێکی دەست نەکەوت کە پشوویەکی تێدا بدا و لێرەوە ژیانی سەخت و دژواری دەستی پێکرد. لەو کاتەوە ماڵ لەکۆڵ هەر ڕۆژە لە ماڵێک و لە شوێنێک ژیانی پڕ لە نەهامەتیی درێژە پێدا. قانع دوای مەرگی باوکی لای مامەکانی گەورە بوو و دواتر خزمێکی دیکەیان بردیە لای خۆی و ئەرکی بەخێوکردنی لە ئەستۆ گرت. هەر لەوێ نێردرایە حوجرە و بە زانستی ئایینی پەروەردە کرا و دواتر بە شێخ محەممەدی کوڕی شێخ عەبدولقادر ناوی دەرکرد.

قانع لە کات و دەورانێکدا گەورە دەبێ کە زوڵم و زۆری دەرەبەگایەتی لەوپەڕی خۆیدایە و هەموو ئەو زوڵم و زۆرەی دەربەگایەتی و دەسەڵاتی ئەو سەردەمەی ئێران بە چاوی خۆی دەبینێ و هەر لەو کاتەدا هەستی بەرەنگاری و بەگژداچوونەوە لە دەروونیدا چەکەرە دەکا و خۆی و هەست و پێنووسەکەی بەگژ زۆردارانـدا دەچـنەوە. نووکی تیژی خامەکەی قانع بەگژ تاوانبارانـدا دەچێتەوە و تاوانەکانیان دەنووسێتەوە، لایەنی چەوساوەکان دەگرێ و بەگژ ناعەدالەتییدا دەچێتەوە و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە بناغەی دەسەڵاتی دەرەبەگەکان بلەرزێنێ و ئەوانیش هەر ڕۆژە بە جۆرێک ڕادەستی ژاندەرمەیان دەکرد و، بەشێکی ژیانی قانع لە پێناو مافی هەژاراندا لە بەندیخانەکان و لەژێر چەکمەی یاساوڵەکاندا تێپەڕی.

قانع بە هەژاری گەورە بوو و تا لە ژیاندا بوو هەر شاعیری هەژارەکان بوو، لەژێر سێبەری دەسەڵاتی پاشایەتییدا دەژیا بەڵام بە هۆی هەستی بەرەنگاری و کوردانەی بەگژ دیکتاتۆرەکاندا چۆتەوە، کوڕە هەژار بوو، سێبەری دەربەگایەتی بەسەر ژیانی خەڵکدا زاڵ بوو بەڵام قانع بەخۆی و قەڵەمێکەوە لەوان ڕاپەڕیوە و دەردی هەژارەکانی بەرجەستە کردوە، شێخزادە بوو و لە حوجرە دەرسی خوێند بەڵام هەست و بیری کوردایەتی هەموو وجوودی داگرتبوو، لە سەردەمی سەرهەڵدانی سۆسیالیزمدا لایەنگری عەداڵەت و بەرابەری بوو بەڵام نەتەوەکەی خۆی لە هەموو نەتەوەیەک زیاتر خۆش دەویست و لە هەر دوو سەنگەری حوجرە و عیلمانییەتدا کوردایەتی شابەیتی شێعرەکانی بوو. قانع نە بۆ نانەزگ، بوو بە نۆکەری ئاغا و، نە بۆ پارە بوو بە شاعیری کۆشکی شاهان و نە هیچ داواکارییەکی شێخ و شا و دەربەگی قبووڵ کرد و هەر لەو کاتەشدا دژبە خائین و سیخوڕ و سیخوڕی بووە. ئەو سەردەم لە یەکێک لە شێعرەکانیدا دەڵێ: "نە بەرتیلخۆر بە نە دۆعانووس بە/ نە نۆکەر ئاغا نەنانەخووس بە/ نە شێتی کچان نە شەیدای لووس بە/ دوژمن بە گیانی جەستەی جاسووس بە".

لەو کاتەدا کە شاعیرانی بێگانە لە دەوروبەر ببوونە شاعیری دەربار و بە بەژن و باڵای "شا"کانیان هەڵدەگوت و ئەفسانەیان لێ دروست دەکردن، قانع بە زگی برسییەوە لەگژ زوڵم و زۆری زۆردار ڕادەچۆوە. لە شێعرێکدا لەم بارەوە دەڵێ: "ئەوەی ناموسی بێ نابێ بە نۆکەر/ ئەوەی ئینسافی بێ ناچێتە دیوان/ ئەوەی ویژدانی بێ ناچێتە لای میر/ ئەوەی ڕحمی ببێ ناچێتە لای خان/ چ خۆشە زگ بە برسی پێ بەبێ کەوش/ بە مەرجێ ڕوو نەکاتە شێخ و قوربان/ گەدا بی یاخود پاشا بی هەر ئەمری/ ئیتر کلکەلەقێ بۆچی لە دیوان؟"

قانعی شاعیری خاوەن هەست زۆر جاران بە تاوانی قەڵەمە نەترسەکەی و بە تاوانی سەردانەنواندن سەربەرزانە دەچووە بەردەمی دادگا و کونجی زیندانی دەکردە قوتابیخانە و لەوێشدا وانەی خۆڕاگری دەگوتەوە. لە یەکێک لە شێعرەکانیدا کە ئەو کاتە لەگەڵ یەکێک لە کوڕەکانی دەگیرێن و پاش چەرمەسەرییەکی زۆر دەیبەن بۆ تاران و لە زیندانی "قەسر" کە یەکێک لە زیندانە پڕ لە تاوانکارییەکانی دەسەڵاتدارانی ئەوکات و ئێستای حکوومەتی ئێرانە زیندانی دەکەن، لەوێ لە بەشێکی شێعرە بە ناوبانگەکەیدا دەنووسێ:

**" ئاخرین ماڵی ژیانم کونجی بەندیخانەیە**
**ئەم کەلەبچە مەرهەمی زامی دڵی دێوانەیە**

**بووکی ئازادیم ئەوێ خوێنم خەنەس بۆ دەست و پێی**
**ئەڵقە ئەڵقەی پێوەنم وەک پلپڵە و لەرزانەیە**

**گەرچی دوژمن وا ئەزانێ من بە دیلی لاڵ ئەبم**
**باش بزانێ کونجی زیندانم قوتابیخانەیە"**

قانع لەو کات و سەردەمەدا بایەخی زۆری بە ژینگە داوە و لە لایەکی دیکەشەوە کێشە کۆمەڵایەتییەکانی بە زەقی خستۆتە بەر چاوی کۆمەڵگە و لەو بوارەشدا خاوەنی چەند بەرهەمێکی وەک: "کۆتر و ڕاوچی"یە کە شێعرێکی دوور و درێژ و پڕ هەست و بە نێوەرۆکە. لە بارەی کۆمەڵناسییەوە، شێعرەکانی "فێڵبازیی ڕێوی" و "مشک و پشیلە" کە تەنزن لەسەر گیانداران کە بە زمانێکی ساکار لە کۆمەڵگە و دەسەڵات و دین و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دواوە و "چۆنیەتیی ماڵ بەشکردنمان"، تەنزێکە لەسەر تەماحی ماڵی دنیا کە برا دەخاتە گیانی یەکتر. لە "چۆنیەتیی باوک مردنمان"دا باسی دابونەریتی دواکەوتووانە دەکا. "مازووچنینی لادێ" کە کۆمەڵە شێعرێکە لە فولکلۆر، دڵداری و دابونەریتی بەشێک لە خەڵکی ناوچەکە. هەرکام لەو شێعرانە لە سەردەمی خۆیدا دەم بە دەم لە نێو خەڵکدا دەگەڕان و لە پەروەردەکردنی لاوان و بەهێزکردنی زمان و ئەدەبیاتی کوردییدا دەوری کاریگەریان هەبووە.

مامۆستا قانع بێجگە لە هەستی بەرەنگاری کە بەگژ زۆردار و دوژمنانی کورددا چۆتەوە، لە هەمان کاتدا بە شێعر و نووسینەکانی بەرەنگاری خۆسەپێنیی زمان و فەرهەنگی بێگانە بۆتەوە و بۆتە پارێزەر و قەڵغانێکی بەهێز بۆ پاراستنی زمانی کوردی. شێعر و تەنز و نووسینەکانی سینە بە سینە لە نێو خەڵکی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا گەڕاون و تام و چێژی شێعرەکانی و هەست و سۆزی کوردانەی بوونەتە هۆی پاراستنی زمانی کوردی لەو کات و سەردەمدا کە خوێندن بە زمانی کوردی نەبووە و شاعیر و نووسەر و ڕۆشنبیری قانع ئاسا کەم و دەگمەن بوون.

"قانع"ـی سەوداسەری ئازادی هەر کە دەبیسێ لە مەهاباد بە ڕێبەریی پێشەوا قازی محەممەد جووڵانەوەیەکی ڕزگاریخوازانە سەری هەڵداوە، دەسبەجێ بە پێی پیادە بەرەو مەهاباد وەڕێ دەکەوێ و ڕۆژێک پێش ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوییدا، خۆی دەگەیەنێتە مەهاباد. قانع هەتا ڕووخانی کۆمار لە مەهاباد دەمێنێتەوە و بە تەواوی تواناوە خزمەتی کۆمار دەکات.

قانعی نیشتمانپەروەر کە ترووسکاییەک لە بیری چەپ و سۆسیالیستییدا دەبینێ، بەرەو پیری دەچێ بەڵام هەست و بیری کوردانەی بەسەر هەموو ئایدۆلۆژییەکاندا زاڵ دەبێ و ناچێتە ژێر باری هیچ ئایدۆلۆژییەک کە کورد و نیشتمانی کوردانی لە بیر بەرێتەوە و لە پێناو مافەکانیاندا ڕاپێچی بەندیخانە دەکرا. ئەو کە بۆ خزمەت بە نەتەوەکەی عەبای مەلایەتی دانا لە هەمان کاتیشدا نەچووە ژێر ئاڵایەک کە لەژێر سێبەری ئەودا نەتەوەکەی خۆی فەرامۆش بکا. لە کاتی سەرهەڵدانی بیری چەپدا و فراوان بوونی ئەو ڕێبازە لە ناوچەکەدا، لە شێعرێکدا بۆ هاندانی چەوساوە و هەژارەکان دەنووسێ: "با هەموو جووتیار و پاڵە و ڕەنجدەران/ یەکگرن تا دەبنە هێز و پشتیوان"، هەر لەم کاتەشدا نیشتمانەکەی لە بیر ناکا و لە کۆتایی شێعرەکەیدا دەنووسێ: "تاکوو بێنە ڕیزی پێشکەوتووی جیهان/ ئەو دەمەش ڕۆڵەی پرۆلیتاریای کورد/ دەبنە ڕابەر بۆ وڵاتی کوردستان/ کاشکێ یاسایەکی تازەم من ئەدی/ پڕ لە سوود بێ بۆ گەل و بۆ نیشتمان/ چارەنووست خۆت ئەبێ دیاریی بکەی/ نەک تەمایەر بی کە بۆت کەن هەندەران/ قانعا ساتۆش لەگەڵ لاوانی کورد/ ڕووکەنە مەیدان وەکوو شێری ژیان".

مامۆستا قانع لەگەڵ ئەوەی کە پیاوێکی ئایینی بوو و لە حوجرە و مزگەوتدا پێگەیشتبوو بەڵام نیشتمان و نەتەوەکەی بەلایەوە گرینگییەکی تایبەتی هەبوو و بیر و هەستی شاعیرانەی و باوەڕەکانی لەخزمەت کورد و کوردستاندا بوون و وەک هێندێک کەسی تر لە پێناو سامان و بەرژەوەندییە شەخسییەکانی نەچووە ژێر کاریگەریی خەلافەتی عوسمانی و لە لایەکی دیکەشەوە نەچووە ژێر باری داواکارییەکانی پاشاکانی ئێران و زیندان و هەڕەشەی جەلادەکان و گەفی دەربەگیش بەچۆکیدا نەهێنا.

با ژیان و ئەزموون و بیر و هەست هۆنراوەکانی مامۆستا قانعی نەمر ببنە دەرسێک بۆ ئەو قەڵەم بەدەستانەی کە ئەمڕۆ لە کوردستانی ژێردەسەڵاتی داگیرکەردا لەژێر سێبەری ئایین و بە بیانووی خزمەت بە دین بە شان و باهۆی حاکمان و زاڵمان هەڵدەڵێن و خەریکی خۆشخزمەتی بە دوژمنانی کوردن و لەو ڕێگەیەدا دەیانهەوێ نان و سامانێک وەدەست بێنن.

کەسانی قانع ئاسا وەک ئەحمەدی خانی و پیرەمێرد و گۆران و حاجی قادر و دڵدار و جگەرخوێن و هێمن و هەژار و بێکەس و پەشێو و زۆر شاعیری دیکە لەوانەن کە ناویان بە گەورەیی و پاکی چووەتە مێژووی کوردەوە و هەست و هەڵبەست و هۆنراوەکانیان هێز و وزەی خەبات و بەربەرەکانی و بەرەنگارین و نەوە لە دوای نەوە شانازی بەم کەسانەوە دەکەن و بیروهزری ئەوان دەکەنە توێشووی ڕێی تێکۆشان و چەکی بەرەنگاری و بەگژداچوونەوە و پاراستنی زمان و کولتوور و نیشتمانی کورد.

وانەکانی مافی مرۆڤ
(٨)

# دادپەروەری


شارۆخ حەسەنزادە

خەڵکی نیشتەجێی سەر ئەم زەوییە پان و پۆڕە لە بواری باوەڕمەندیی ئۆلی یەکدەست و یەک ڕەنگ نین، واتە تاکە دینێک دەسەڵاتی نییە و لەلایەکی تریشەوە، خەڵکی جیهان هەر هەمووی باوەڕی بە ئۆل و ئایینەوە نییە، کەوابوو بۆچوونی ئۆلی مافەکانی مرۆڤ لە باشترین فۆڕمی خۆی کە لە خۆگری سەرجەم ئایینەکانی سەرگۆی ئەم زەوییە بێ ناتوانێ خۆی وەک تاکە ئۆلی جیهاندارگر بناسێنێ. هەروەها لەلایەکی دیکەوە هەر دین و ئۆلێک کۆمەڵێک دەقی پیرۆز لەخۆ دەگرن کە ڕاڤە و شیکردنەوەی ئەو دەقانە بۆتە هۆی جیاوازیی بیروبۆچوون لە نێوان لایەنگرانی. بە واتایەکی دی دەست وێراگێشتن بە تاکە سەرچاوەیەکی سەقامگیر گەلێک چەتوونە، هەڵبەت دەکرێ ئەو بانگەشەیە بکەین کە لە بنەمای سەرەکیی مافی ئینسانی، هاوبۆچوونی جێگیرە، بەڵام ئەو بنەما سەرەکییانە لە هێنانە ئارای کۆمەڵێک باس و پرسی سیستماتیک و پوخت لە هەمبەر مافەکانی مرۆڤ کە ڕۆژ دوای ڕۆژ بەربڵاوی و تێکچندراوی زیاتر خۆیا دەبێ، دەکرێ وەک شاکلیلی کێشەکان سەیری بکەین. ئەمە جگە لەوەیە کە هەر لە خودی ئەو بۆچوونانەشدا لەنێوان خاوەنڕایان (باوەڕمەندان بە ئۆل)دا جیاوازی هەیە.

بۆ میناک، بنەمای بەرابەری کە ئاکامی پێویست و سەرەکیی خولقاندنی هاوبەشی مرۆڤ لەلایەن خوایە_کە بنەمای سەرەکیی باوەڕە دینییەکان پێک دەهێنێ_ بەو تەوفیرەی کە لە نێوان کۆمەڵگەی ئۆلی و کافرەکان، ژنان و پیاوان بووە و هەیە و ئەو کەموکوڕییانەی لەمەڕ کۆیلەکان هەبووە، لاواز دەبێتەوە.

مەگەر ئەوەی بە هەوڵ و تێکۆشینی باوەڕمەندانی ئەو هەمووە ئۆلە زیندووانەی ئەمڕۆ، بنەما و مافی هاوبەش وەک بنەمای مافەکانی مرۆڤ وێنا بکەین، ئەم شێوازە لە ماف چێژبەخشییەکی تایبەتی دەبێ لەهەمان کاتدا لایەنی خوایی و ئۆلی لە دەوری خول دەخوا و ئەو مرۆڤانەی باوەڕمەندن بە هەستێکی قەلبی و واجبێکی دینی ئەو ڕاسپاردانە بۆ گەشە و پاراستنیان جێبەجێ دەکا.

### دادپەروەری

یەکێک لە بنەماکانی مافی مرۆڤ کە بەڵگەمەندە و پشتی پێ دەبەسترێ، دادپەروەرییە. لێرەدا ئەو پرسیارە لە ئارادایە هەتا چەندە دەتوانین مافەکانی مرۆڤ بە پێوانەی دادپەروەری هەڵسەنگێنین و باسی بکەین. دەبێ ئەوندەش بڵێین کە هیچ لێکدانەوەیەکی یەکدەست لەسەر دادپەروەری نییە. لە ڕاستیدا چەمکی دادپەروەری لایەنی ئەخلاقی بۆ مافەکانی مرۆڤ بەرهەم دێنێ.

### دادپەروەری وەک ئەرکێک

«ئیمانوێیل کانت» هەوڵ دەدا ئەو بنەمایە کە دەگەڵ هەموو مرۆڤەکان وەک ئەوپەڕی زات (جەوهەر و هەقیقەتی شتێک) نەک ئامراز و بە شێوەی بەرانبەر هەڵسووکەوت بکا و ئەمە وەک بنەمایەکی ئەخلاقی وەک ئەرکێک دەبێ ملکەچی بین، شرۆڤە دەکا. بە گوتەی کانت ئەمە ئەمرێکی ئاکارییە کە لە هەمان کاتدا دەتوانێ ببێتە بناخە و یاسایەکی گشتگیر. بۆ میناک ئەگە ئێوە داوای کارێکتان لە ئەوەیتر هەبێ، کە ڕێک لەو ڕەوشەدا و لەهەمان کات کە ئەو کەسە تێیدا هەڵکەوتوە، ئەگە ئەو داواکارییە بۆ تۆ بێنێتە پێش، ئەویش بتوانێ داوات لێبکا، ئەمە داوا و کردەیەکی ئەخلاقییە، بۆ وێنە ئەگەر من خەریکە لە ئاوێکدا نوقم بم دەتوانم هانا بۆ کەسێک بەرم کە مەلە دەزانێت، ئەمە کارێکی ئەخلاقییە چونکە ئەو مایەیەی تێدایە کە ببێتە بنەمایەکی گشتگیر و بەبێ جیاوازی دەکرێ وەک فەرمانێکی گشتی لێ بکەین و هەموومان پێبەندی بین. بە باوەڕی کانت هەر ئەمرێک ئەگە بەبێ جیاوازی گشتگیر بێ و بۆ هەموولایەک وەک یەک بێ ئەوە دەستوورێکی ئاکارییە. (بۆ میناک فەرمان گەلی هەڵاواردنخواز لەم دەستەیەن)، ئەگە کەسێک بڵێت ئەو کەسە چونکە ساماندار نییە ناتوانێ ببێتە سەرۆک کۆمار، ناکرێ ئەمە بکەینە یاسایەکی هەموو لایەکخواز، چونکە ئەگەر بۆخۆی لەم ڕەوشەدا هەڵکەوێ و پوول و پارەی نەبێ، ناتوانێ ببێتە سەرۆک. هیچ کەسێک ئامادە نییە خۆیشی ئەو یاسا نارێکانە بیانگرێتەوە، بەجۆرێکی تر تاکەکان یاسای هەڵاواردنخوازیان بۆخۆیان ناوێ. هەربۆیە کانت بەو ئامۆژگارییە سەرەکییە دەست پێدەکا: «بەپێی ئەو فەرمانە بجووڵێوە کە حەز دەکەی ببێتە یاسایەکی هەموو لایەکخواز و گشتگیر.»

یاسا و ڕێسا گشتگیرەکان جگە لە وەرگێڕانی ئاوەزمەندانەی مرۆڤ لە بنەما و نۆڕم و بەها جێپەسەند و دڵخوازەکان شتێکی تر نییە. کەواتە ئامۆژگارییەکانی کانت ڕێکاری زانستی و بابەتیانەیە بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتنی نێوان بنیامەکان لەسەر بنەما و پرەنسیپی ئەخلاقی. لە ڕاستییا کانت دەخوازێ ئەوە بدۆزێتەوە کە ویژدانی ئاکاری کۆمەڵگە لە فەرمانێکی ئاوەزمەندانە چۆن و بە چ شێوەیەک حوکم دەکا و بە ڕێکەوتن دەگا.

ڕێک لە درێژەی ئەم باسەدا، لە پەنا یاسای گشتگیر، دەبێ سەروو‌بوونی مرۆڤیش پێوە زیاد بکەین، بەپێی بنەما و یاسا و ڕێسای گشتی و گشتگیر و ئەوپەڕ بوونی مرۆڤ، بەرانبەری مرۆڤەکان لە بایەخ و ئیحتوباری کۆمەڵایەتیی مرۆڤە. چوونکە هەر حوکمێک کە هەرکام لە ئێمە وەک یاسایەکی گشتگیر بیدەین دەبێ بۆخۆشمان ملکەچی بین. ئەگە بڕیار بدەین کە تاکەکان بە هۆی ڕەنگی پێستیان مافی کۆمەڵایەتییان پێشێل دەکرێ دەبێ ئەوەش قبول بکەین کە بۆخۆمان بەهەر هۆکارێک ڕەنگی پێستمان ڕەش هەڵگەڕا!، هەڵسووکەوتی ئاوامان دەگەڵ بکرێ. ئەمە تشتێکی گشتییە و حوکم و فەرمانە هەڵاواردنخوازەکان هەر وەک پێشتر باس کرا توانایی گشتاندنیان نییە، سەروو‌بوونی مرۆڤ و ئەوەیکە ئینسان وەک شتێک و کەرەسەیەک نابێ بجووڵێتەوە، ئەوەیە کە هەرجۆرە یاسایەک، هەڵسووکەوت و نەریتێک کە تاکی ئینسانی بگەیەنێتە ئاستی نزمی شتێک و کەرەسەیەک دەبێ خۆی لێ ببوێرێ. هەموو سەروبنی قسەی کانت لەو باسەدا ئەوەیە کە دەبێ دەگەڵ هەموو مرۆڤەکان وەک یەک و بە شێوەی بەرانبەر وەک ئەوپەڕی بوون، هەڵسووکەوت بکرێ.

**درێژەی هەیە**

KURDI STAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO:775 4 June 2020

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508483312
kdp.tashkilat@gmail.com



# سێ نووسەری کورد بوونە براوەی خەڵاتی مێهرەگان

ڕۆژی یەکشەممە ١٢ی جۆزەردان، سێ نووسەری کورد توانیان ببنە براوەی خولی نۆزدەهەمین و بیستەمینی خەڵاتی ‹‹مێهرەگان›› .

ڕۆمانی «گرەوی بەختی هەڵاڵە» بەرهەمی نووسەری خەڵکی شاری بانە، «عەتا نەهایی» کە لە لایەن ‹‹ڕەزا کەریم موجاور»ەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی لە بەشی «زمانی دایک» وەک باشترین ڕۆمانی تایبەت هەڵبژێردرا و خەڵاتی ‹‹مێهرەگانی ئەدەبی››ی بەدەست هێنا.

هەروەها لە لایەن لێژنەی نێوبژیوانەوە بە زۆرینەی دەنگ یەکێک لە ڕۆمانەکانی نووسەر و توێژەری خەڵکی کرماشان ‹‹فەرهاد حەیدەری گۆران››، بە ناوی ‹‹کۆچی شامار›› کە ڕۆمانێکە لەوێدا ژیانی کۆچەر و لێقەوماوێکی کورد دەگێڕێتەوە، وەک یەکێک لە باشترین ڕۆمانەکانی خەڵاتی ‹‹مێهرەگان›› هەڵبژێردرا.

هاوکات لە بەشی چیرۆکی درێژ و ڕۆماندا، ڕۆمانی ‹‹ط›› لە نووسینی ‹‹زاهید بارخودا›› نووسەری کورد، وەک دووەمین ڕۆمانی شیاوی ڕێزلێنان خەڵاتی مێهرەگانی ئەدەبیی پێ بەخشراوە.



# کاریکاتۆریستێکی بۆکانی بۆ فێستیڤاڵی کاریکاتۆری فیلیپین بەربژێر کرا




”مونیرە ئەحمەدی“ خەڵکی شاری بۆکان و خاوەنی بڕوانامەی ”کاردانیی گرافی“ بۆ فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی کارتۆن و کاریکاتۆری ”Cebu“ ٢٠٢٠ لە وڵاتی فیلیپین، بۆ فینال بەربژێر کرا.

لەو فێستیڤاڵەدا ١٠٠ کاریکاتۆریست لە چەندین وڵاتی جیهانەوە بەشدارییان کردوە و هەر کاریکاتۆریستێک تەنیا بە یەک بەرهەم دەتوانێ بەشداری بکا و بابەتی هەر کاریکاتۆریستێک لەسەر کۆرۆنا دەبێ.

ناوبراو کەسێکی چالاکە لە بواری ئەنیمەیشێن و تەڕاحیدا کە لە چەندین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی لە وڵاتانی تورکیە و ڕووسیە بەشداریی کردوە و پلەی دووهەمی لە هەر کام لەو فێستیڤاڵانەدا بەدەست هێناوە.

# کتێبۆکی «دیلان» بڵاو کرایەوە



کتێبی تایبەت بە کۆمەڵێک سروود و گۆرانیی کوردی لەژێر ناوی ”دیلان“ چاپ و بڵاو کرایەوە و کەوتە بەر دیدی هۆگران و فێرخوازانی مۆسیقای کوردی.

”فەرهاد مەحموودزادە“ ژەنیاری ئامێری ڤیۆڵۆن و چالاک لە بواری مۆسیقادا، بە هاوکاریی ”ڕووناک سوڵتانی“ هونەرمەندی شێوەکار و وانەبێژی مۆسیقای منداڵان، ئەم بەرهەمەیان ئامادە کردوە.

کتێبی ”دیلان“ لە ٣٣ ئاوازی فولکلۆری کوردی پێک هاتوە کە هەر کامەیان بە دەنگی گۆرانیبێژێکی ناوداری کوردستان خوێندراون.

بەرهەمەکە لە ڕووی شێوە و دیزاینەوە تایبەت بە منداڵانە، بەڵام فێرخوازان و هۆگرانی سەرەتایی مۆسیقا لە هەر تەمەنێکدا دەتوانن کەلکی لێ وەربگرن.

# کۆچی دوایی دوو کەسایەتیی هونەریی خەڵکی لەیلاخ



دوو کەسایەتیی دیار و نیشتمانپەروەری خەڵکی ناوچەی لەیلاخ ”حەبیبوڵلا مەفاخری“ و ”ڕەشید یووسفی“ کۆچی دواییان کرد.

ڕۆژی ١٠ی جۆزەردانی ٩٩ی هەتاوی، ”ڕەشید یووسفی“، شاعیری دەروەست، ئەدیب و لێکۆڵەری دڵسۆزی بواری فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی بە هۆی نەخۆشیی کۆرۆناوە لە شاری سنە کۆچی دوایی کرد.

ناوبراو سەرەڕای مامۆستایەتی لە شاری سنە و دەوروبەری، بە هاتوچۆکردن لە کۆڕی ئەنجومەنی مەولەوی ئەو شارە و ئاشنابوونی لەگەڵ شاعیرانی ناسراو، وەکوو جەلال مەلەکشا و فەرەیدوون ئەرشەدی و ئیرەج عیبادی بوو بە ئۆگری شێعر و ئەدەبی کوردی و ئەو هەستەشی لەگەڵ نیشتماندۆستی تێکەڵ کردبوو. ناوبراو لە پەنای کاری مامۆسایەتی و هۆنینەوەی شێعر، سەرقاڵی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی کولتوور و کەلەپووری ناوچەی لەیلاخ و ئەردەڵان بوو و، هەر ئەوەش ڕەشید یووسفیی لە نێو خەڵک و بە تایبەتی چینی چالاک و ئەدەبدۆستدا خۆشەویستر کردبوو.

ڕۆژی دووشەممە، ٥ی جۆزەردانی ١٣٩٩ی هەتاوی، هونەرمەند ”حەبیبوڵلای مەفاخری“ کە لای دۆست و هاوڕێ و لایەنگرانی مۆسیقای ناوچەی لەیلاخ بە ”حەبیب ملەیی“ ناسراو بوو، پاش تەمەنێک گۆرانی گوتن و خزمەتی هونەری لە تەمەنی ٨٤ ساڵییدا ماڵاوایی لە ژیان کرد.

ناوبراو هەر بە مێرمنداڵی هۆگری گۆرانی گوتن دەبێ و بە بەیت و گۆرانی ناوچەی لەیلاخ و بە سۆزی دەنگ و ئاوازی ڕەسەنی خۆی بەشێکی گەورە لە ئەدەبی زارەکیی ئەو ناوچەیەی پاراست.

جێی ئاماژەیە، ئەم هونەرمەندە ١٥ ئاڵبۆم و نیزیک بە ١٠٠ دەنگی مۆسیقای فولکلۆری بەرهەم هێناوە، تەرمی ناوبراو لە ناوچەی قەڵای شاری قوروە بە خاک سپێردرا.

بەرلەماڵاوایی

# پەرتەو کرماشانی، قەڵەمێکی «پەڕاو»*ی و «کووچەباخ»ێک پڕ لە جوانی




عەلی لەیلاخ

٢٧ی بانەمەڕ کە ڕۆژی لەدایکبوونی ئوستاد پەرتەوی کرماشانییە، شەش ساڵە بە هیممەتی قەڵەمبەدەستان و ئۆگرانی ئەدەب و وێژەی کوردی (ڕێکخراوی فەرهەنگیی دەنگی پەڕاو) لەو ڕۆژەدا ڕێز لەو شاعیرە بەنرخە دەگیردرێ کە بە ویستی خۆی لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان خۆ دەبوێرێ.

(دەردم کەسی نییە زانید/ داخم لە بێکەسی خوەم
تەنیا مە چوو بکیشم/ ئێی هەمگە ناحەساوە!)

ئەمساڵیش کەسایەتییە فەرهەنگی و هونەرییەکانی کوردستان (قوتبەدینی سادقی، کەیخسرەو پوورنازری، عەتا نەهایی، بیژەن کامکار، شارام نازری، ئارام مستۆفی و ...) بە بڵاوکردنەوەی گرتە ڤیدیۆیەک لەسەر قەڵەم و ڕوانگەی هونەریی ئوستاد پەرتەو دوان.

شێعری «پەرتەو» کە زۆرتر لە خودی شاعیرەکە ناسراوە و بووەتە وێردی سەر زاری زۆریەک لە خەڵکی کوردستان و لەسەر غەزەلی ئەو شاعیرە ئاواز و گۆرانی دانراوە و دەتوانین بڵێین سیکلێکی بەهێزە لە نێوان «دانەر» و «خوێنەر» کە لە زۆرێک لە بەرهەمەکانی دیکەی قەڵەمبەدەستانی ئەو ڕەوتەدا نابیندرێ و نووسەری زۆر هەیە کە تەنیا لە دیوی ماڵی خۆی بەرهەمەکانی دەبیندرێ و یان تاقە دێڕێکی لە سەرزار و بنزاری کەس نابیسی و بەتەواوی بێبەرییە لە بەردەنگ!



«علی‌اشرف نوبتی کرمانشاهی» ناسراو بە پەرتەو کرماشانی پێش ئەوەی بەرهەمەکانی لە دووتوێی کتێبی «کوچە باخی»ها چاپ بکرێ، خوێنەر و ئەدەبدۆستانی کورد گیاخاوی دووبەیتی و چناری ڕیشەداری، غەزەلەکانیان دەناسی و ڕەنگە ئێستاش زۆر کەس نەزانێ تێکستی گۆرانیی «ئەرمەنی» کە بووەتە بیرەوەریی هاوبەشی زۆرێک لە کوردانی ڕۆژهەڵات و بگرە پارچەکانی دیکەش هیی پەرتەوە و، ئەو نووسەرە لە سەردەمانێک هەوڵی داوە بە زمانی دایک بنووسێ کە کرماشان لەمێژە فەرهەنگ و زمانی لەژێر ڕم و سمی ئاسیمیلەکردنێکی مێژوویی‌دا دەیناڵاند.

بە کورتی ئەگەر ئاماژە بە خاڵە بەهێزەکانی شێعر و قەڵەمی «پەرتەو» بکەین، دەتوانین بڵێین شێعرەکانی هەڵگری سۆز و هەستێکی تایبەتە و چیدمان و بەکار هێنانی هێندێک دەستەواژەی کوردیی پەتی، نیشاندەری ئەوەیە کە ئەو شاعیرە خەڵکییە دەیهەوێ سەمیمانە بنووسێ و لەژێر ناوی «فازلانە نووسین» سەری لە خۆی و خوێنەر نەشێواندوە.

دووبەیتییەکانی «پەرتەو» فۆرمێکی ڕێک و نێوەرۆکێکی جوان و تازەی تێدایە کە خوێنەر بە ئاسانی دەتوانێ هەستی پێ بکا. هەر بۆیە پێشوازی لە نووسینەکانی پەرتەو کرماشانی لە بەشەکانی دیکەی کوردستان لە زێدی خۆی ئەگەر زۆرتر نەبێ بەدڵنیاییەوە کەمتر نییە.

جوانییەکانی غەزەلی ناسیوە و بە جوانییش ناساندوویەتی بە خوێنەر و، لە دووبەتییەکانیدا وەکوو تایبەتمەندیی بەهێزی دووبەیتی لە یەکەم میسراع خوێنەر بە پەلەیە بگاتە دوایین میسراع کە چێژی هونەری دووبەیتی لەوەدایە:

«دڵم بی‌تاقەتە بەشکەم بوەیدەی
حەواست بوو لە ڕێ ترسم بخەیدەی
وە باخ هاتیت و سێفێک وەدەست بوود
حەرامت بوو، ئەگەر بی‌مە بخوەیدەی!

ئەو پەرتەوە پەڕاوییە، زۆر بە جوانی و ژیرانە لە تەنیشت شێعری بەسۆزی ئەڤیدارانە، هەستی نەتەوەیی و نیشتماندۆستیی جێ خستوە کە دەچێتە خانەی ئەدەبی بەرگرییەوە، ئەویش لە ناوچەی هەڕەشە لەسەر و هەستیاری کرماشان و ئەو دەڤەرە.

ئەو لە سۆنگەی بایەخدان بە «کرماشان» لە بناری شاخی پەڕاو بۆ گشت کوردستان دەچریکێنێ کاتێک لە غەزەلێکدا دەڵێ: «کرماشان دیارە عیشقە، حەیفە خاپووری نەکەین/ خەرگ کورە بنیشم ئاو و خاکم هەر یەسە!

لە دەقێکی دیکەدا دەبێژێ:
«مە کرماشانی و تۆ کورد «بانە»
وەیەک دووریم و دووری دەردمانە ...»

ئوستاد پەرتەوی کرماشانی دەتوانێ سەرمەشقێک بێ بۆ جیلی نوێی نووسەرانی ئیلام و کرماشان کە لە مەترێزی قەڵەمدا قەڵەمڕەوی خۆیان و پێناسەی نەتەوەییان بپارێزن.

*پەڕاو ناوی زنجیرە شاخێکە لە پارێزگای کرماشان.